NED
National Endowment for Democracy

PAY INSTITUTE
For Education & Development

# راپۆرتی چاودێری و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان

خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان
ساڵی دووەم _ خولی گرێدانی بەهارە
(1ی ئازار 2020 بۆ 31ی ئابی 2020)




راپۆرتی سێیەم
لە خولی پێنجەم

ئەیلولی 2020

National Endowment for Democracy

PAY INSTITUTE
For Education & Development

لە بڵاوكراوەكانی ئینستیتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان ژمارە (٦٠)

# پرۆژەی چاودێریی و
# هەڵسەنگاندنی کارەکانی پـەرلەمانـی کـــوردستان

## راپۆرتی سێیەم

خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان

ساڵی دووەم _ خولی گرێدانی بەهارە

(١ی ئازار ٢٠٢٠ بۆ ٣١ی ئابی ٢٠٢٠)

## ستافی کار

سەرپەرشتیاری پرۆژە:

**د. سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر**

بەڕێوەبەری پرۆژە:

**بابان جەعفەر حەمە**

ڕێکخەری پرۆژە:

**ئارام سەردار عومەر**

بەڕێوەبەری ماڵپەڕی ڕوانگەی پەی:

**ئاریز دارا حەفید**

بەرپرسی بەشی عەرەبی ڕوانگەی پەی:

**میران حسین حسن**

ژمێریاری پرۆژە:

**ڕوانگە فایەق عەلی**

**٭- ئینستیتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان (PAY) لە تشرینی دووەمی ٢٠١٣، لە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکانی هەرێمی کوردستان تۆمارکراوە .**

**٭- پرۆژەی چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، لە خولی چواری پەرلەمانەوە دەستی پێ کردووە، بە هاوکاری سندوقی نیشتمانی بۆ پاڵپشتی دیموکراسی (NED)ی ئەمریکی.**

**ئینستیتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان**

ناونیشان: سلێمانی – شەقامی سالم- تەلاری شامیر

تەلەفۆن: 07701564576 - 07701465733 - 0096453320502

ئیمەیڵ: payinstitute@gmail.com /sarwary74@yahoo.com

فەیسبوك: facebook.com/pay-institute

پێگەی ئەلکترۆنی: www.payied.org

**مافی بڵاوکردنەوەی ئەم ڕاپۆرتە پارێزراوە بۆ ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان - ٢٠٢٠**

# ناوەرۆك


پێشەکی لەسەر پرۆژەکەی چاودێری پەرلەمان ..... ٥
پوختەی خولی بەهارە ..... ٦
سیما جیاوازەکانی خولی بەهارە ..... ٩
هەنگاوێکی نوێ ..... ١١
دانیشتنەکانی پەرلەمان ..... ١٩
خوێندنەوەی یەکەم و دووەم بۆ پرۆژە یاساکان و بڕیارەکان ..... ٢٠
یاسا پەسەندکراوەکان ..... ٢٠
بڕیارە پەسەندکراوەکان ..... ٢١
بڕیارە کارگێڕییە پەسەندکراوەکان ..... ٢١
خوێندنەوەی یەکەم بۆ پرۆژە و پێشنیازە یاساکان و بڕیارەکان لە ( ٢٠١٨/١١/٦ تا ٢٠٢٠/٢/٢٩ ) ..... ٢١
یاسا پەسەندکراوەکان لە ( ٢٠١٨/١١/٦ تا ٢٠٢٠/٢/٢٩ ) ..... ٢٤
بڕیارە یاساییە پەسەندکراوەکان لە ( ٢٠١٨/١١/٦ تا ٢٠٢٠/٢/٢٩ ) ..... ٢٥
مۆڵەت و ئامادەنەبوونی پەرلەمانتاران لە( ٥ ) دانیشتنی خولی بەهارە ..... ٢٦
وتەی ئەندامان لە دانیشتنەکانی پەرلەمان ..... ٢٩
پوختەی کاری لیژنەکانی پەرلەمان: ..... ٣٣
یەکەم- ئەرکی یاسادانان: ..... ٣٤
١-دانیشتنەکانی پەرلەمان: ..... ٣٤
٢-لیژنە هەمیشەییەکان: ..... ٤٠
دووەم- ئەرکی چاودێری ..... ٤١
سێیەم: ئەرکی پەسەندکردنی بودجە ..... ٤٣
ئەنجام ..... ٤٤
راسپاردەکان ..... ٤٥
پوختەی ژمارەی خولی بەهارە ..... ٤٦
پوختەی ژمارەی کارەکانی پەرلەمان لە ماوەی ( ٢٠١٨/١١/٦ تا ٢٠٢٠/٢/٢٩ ) ..... ٤٧
دۆخی لیژنەکانی پەرلەمان و کار و چالاکییەکانیان لەماوەی خولی گرێدانی پایزەدا ..... ٤٨
پاشکۆی ژمارە ( ١ ): بڕیاری ژمارە ( ٣٧ ) ی جێبەجێنەکراوی سەرۆکی پەرلەمان ..... ٦٧
پاشکۆی ژمارە ( ٢ ): وەڵامی جێگر و سکرتێری پەرلەمان دەربارەی بڕیاری ژمارە ( ٣٧ )ی سەرۆکی پەرلەمان ..... ٦٨
پاشکۆی ژمارە ( ٣ ): نوسراوی وەزیری داد، دەربارەی هۆکاری بڵاونەکردنەوەی بڕیاری ژمارە ( ٣٧ )لە وەقایع ..... ٨٠
پاشکۆی ژمارە ( ٤ ): راپۆرتی لیژنەیی دارایی پەرلەمان لەبارەی دۆخی ئابووریی هەرێمی کوردستان ..... ٨١
پاشکۆی ژمارە ( ٥ ): راپۆرتی لیژنەی ( پێشمەرگە، ناوخۆو ، پەیوەندییەکان ) دەربارەی هێرشی بۆ سەر هەرێم ..... ٨٥
پاشکۆی ژمارە ( ٦ ): راپۆرتی لیژنەکانی پێشمەرگە و ناوچە کوردستانییەکان ..... ٩٠
پاشکۆی ژمارە ( ٧ ): داوای ( ٢٤ ) پەرلەمانتار بۆ پرساندن لە سەرۆك و جێگری حکومەت و وەزیری دارایی ..... ٩٢
پاشکۆی ژمارە ( ٨ ): گەرانەوەی پرساندنەکە بۆ ئەندامان بەهۆی گرفتی روکەشیەوە ..... ٩٣
پاشکۆی ژمارە ( ٩ ): بە جێبەجێکردنی یاسا، سەنگەری خۆپارێزی خەلکی کوردستان بەهێزتر دەبێت ..... ٩٥
پاشکۆی ژمارە ( ١٠ ): پرسەکانی خەڵك لەنێوان پارێزبەندیی پەرلەمانتاران و بێباکی دەسەڵاتەکانی هەرێمدا ..... ٩٧
پاشکۆی ژمارە ( ١١ ): نوسراوێکی لێك تێگەیشتنیان نێوان ئینستتیوتی پەی و بنکەی ژین ..... ٩٧
پاشکۆی ژمارە ( ١٢ ): ئەرك و دەسەڵاتی سەرۆکی پەرلەمانە بڕیارە نا یاساییەکان هەڵوەشێنەوە ..... ١٠٠
پاشکۆی ژمارە ( ١٣ ): چاکسازی لە ڕێگای پێشێلکردنی یاساوە ناکرێ ..... ١٠١
پاشکۆی ژمارە ( ١٤ ): ناکرێ پەرلەمان کەرەنتینەی سیاسی بکرێت ..... ١٠٣
پاشکۆی ژمارە ( ١٥ ): سەرۆکی پەرلەمان لە بڕیارەکەی خۆی پەشیمان بوویەوە! ..... ١٠٤
پاشکۆی ژمارە ( ١٦ ): پەرلەمان دامەزراوەی یاسادانان و چاودێرییە، نەك سەکۆی ململانێ حزبییەکان ..... ١٠٥
پاشکۆی ژمارە ( ١٧ ): پەرلەمانێك بەبارمتە گیرابێت، ناتوانێت ئەرکەکانی جێبەجێ بکات ..... ١٠٦
لە بڵاوکراوەکامی ئینیستیتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشە پێدان ..... ١٠٩

## روانگەی پەی بۆ چاودێری پەرلەمانی کوردستان

www.payied.org

روانگەی پەی، بەشێکە لە پرۆژەی چاودێری و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، ئەم ماڵپەر، بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی زانیاری بڵاودەکاتەوە، بەشەکانی پێکهاتووە لە:

- لەدەربارەی پەی _ پرۆژەکانی پەی _ هەواڵەکانی پەی
- پرۆژەی چاودێری پەرلەمانی کوردستان _ راپۆرتەکانی پرۆژەی چاودێری پەرلەمانی کوردستان
- دەربارەی پەرلەمانی کوردستان _ مێژووی هەڵبژاردن _ یاسایی هەڵبژاردن
- خولەکانی پەرلەمان _ سەرۆکایەتی پەرلەمان _ ئەندامانی پەرلەمان _ لیژنەکانی پەرلەمان
- یاساکان
- بڕیارەکان
- ئامادەبوونی پەرلەمانتار لە دانیشتنەکانی پەرلەمان
- پەیوەندی بە ئەندامان پەرلەمانەوە
- بڵاوکراوە دەربارەری پەرلەمان
- بڵاوکراوەکانی پەرلەمان
- ڤیدیۆی دانیشتنەکانی پەرلەمان
- گەلەری
- بیروڕا
- لینك

زانیارییەکانی خولی پێنجەمیش داخڵکراوەو بەردەوامیش هەواڵی رۆژانەی پەرلەمان بڵاودەکرێتەوە.

## پێشەکی لەسەر پرۆژەی چاودێری پەرلەمان

بەپشت بەستن بە یاسای رێکخراوە ناحکومیەکان، ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠١١)، یاسای مافی دەسکەوتنی زانیاری لە هەرێمی کوردستان، ژمارە (١١)ی ساڵی (٢٠١٣) و بڕیاری ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٣ی پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بە (پەیمانی هاوبەشی و گەشەپێدان لەنێوان دەسەڵاتە گشتییەکان و رێکخراوە ناحکومیەکان لە هەرێمی کوردستان)، **ئینستیتوتی پەی** بۆ پەروەردە و گەشەپێدان، لە خولی چواری پەرلەمانەوە **روانگەی پەی** (مرصد پەی) دامەزراند، یەکێك لە ئامانجەکانی ئەم پرۆژەیە کارکردنە بۆ دروستکردنی شەفافیەت لە کاری پەرلەمانی و گەیاندنی زانیاری بەڕای گشتی، لەپاڵ ئەم ئامانجە، دروستکردنی فشار لەسەر پارتە سیاسییەکان و سەرۆکایەتی پەرلەمان و ئەندامانی پەرلەمان، یەکێکی ترە لەو ئامانجانەی کە پەی بەهاوکاری هاوبەشەکانی لە کۆمەڵی مەدەنی کاری بۆ دەکات.

ئەم پرۆژەیە بەهاوکاری سندوقی نیشتیمانی بۆ پاڵپشتی دیموکراسی (NED)ی ئەمریکی، (١٣) راپۆرتی بە زمانەکانی (کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی) لەسەر خولی چوار و (٣) راپۆرتی لەسەر خولی پێنج بلاوکردۆتەوە، لەپاڵ کاری بەردەوامی ماڵپەڕی فەرمی روانگەی پەی، بڵاوکردنەوەی راپۆرتی وەرزی، بەیاننامەی رۆژانە لەسەر کارەکانی پەرلەمان، نوێترین کار، کۆبوونەوەی ژمارەیەك رێکخراو و کەسانی پسپۆڕ و چالاکوانی کۆمەڵی مەدەنیە لە دەوری تۆڕێك، بە ئامانجی کار و فشاری زیاتر لە پێناو پەرلەمانێکی بەهێز.

**"ئێمە لە پەی، هەموو هەوڵێک دەخەینە گەڕ لە پێناو هاتنە کایەی پەرلەمانێک کە بتوانێت یاسای باش دابڕێژێت و چاودێرێکی بەهێز بێت"**

بەپێی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢) هەڵبژاردنی پەرلەمان و پەیرەوی ناوخۆ، پەرلەمان لە هەرێم "باڵاترین دەسەڵاتی یاسادانان و چاودێریکردنە، مەرجەعی سیاسی و یاساییە، ئەو دەسەڵاتانە پیادە دەکات کە لە پەیرەو یاسا کارپێکراوە پەیوەندیدارەکاندا ئاماژەیان پێدراوە".

بۆیە ئێمە لە **ئینستتیوتی پەی**، هەموو هەوڵێك دەخەینە گەڕ لە پێناو هاتنە کایەی پەرلەمانێك کە بتوانێت یاسای باش دابڕێژێت و چاودێرێکی بەهێز بێت لەسەر دامەزراوەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن. پەرلەمانێك کە بتوانێت رۆڵی خۆی بگێڕێت لەدیموکراتیزەکردنی بنەماکانی دیموکراسی و بەدیهێنانی هاوسەنگی لەنێوان چین و توێژەکانی کۆمەڵدا.

**ئینستتیوتی پەی** خوازیارە بەم پرۆژەیە، ئەو نامەیە بە نوخبەی دەسەڵات بگەیەنێت، کە هەموو هەوڵێك دەدەین بۆ بەهێزکردنی بەرزترین دامەزراوەی هەرێم، هەر هەوڵێکی زیاتر بۆ پەراوێزخستنی پەرلەمان، کاریگەریی خراپی دەبێت لە سەر شێوازی حوکمکردن و پەیوەندی نێوان دەسەڵات و خەڵك.

**ئینیستیتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشە پێدان**

**ئابی ٢٠٢٠**

## پوختەی خولی بەهارە

**( ٢٠٢٠/٣/١ ) تا ( ٢٠٢٠/٨/٣١ )**

### ١- دانیشتنەکانی پەرلەمان:

لە وەرزی بەهارەدا، کە ماوەکەی (٥) مانگ بوو، تەنها (٧) دانیشتنی پەرلەمان کراوە، برگەکانی بەرنامەی کار (١٨) برگە بووە، (١٦) برگەی جێبەجێ کراوە، کۆی کاتی کۆبوونەوەکان نزیکەی (٣٠) کاتژمێر بووە، (٩) وەزیری حکومەت ئامادەی دانیشتنەکان بوون، جگە لە وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان و سەرۆکی دیوان و سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران.

لە ماددەی (٥١) لە پەیرەوی ناوخۆ، هاتووە رۆژانی (سێ شەممە، چوار شەممە)ی هەموو هەفتەیەك بۆ دانیشتنی پەرلەمان تەرخانکراوە، واتە دەکرێت پەرلەمان هەموو خولێکی گرێدان نزیکەی (٤٠) دانیشتن ئەنجام بدات، بەڵام لە (٢٠١٨/١١/٦ تا ٢٠٢٠/٢/٢٩) واتە بە (١٥) مانگ و (٢٤) رۆژ، تەنها (٣٧) دانیشتنکراوە، واتە ئەم دۆخە پەیوەست نیە بە دۆخی تەندرووستی بەڵکو دۆخی سیاسی رێگرە.

### ٢-دۆخی یاسادانان:

لە دانیشتنی ژمارە (١) لە رۆژی (٢٠٢٠/٣/١)ی کردنەوەی خولی بەهارەدا، سەرۆکی پەرلەمان، رایگەیاند بە هاوکاری لەگەڵ حکومەتی هەرێم لەم وەرزەدا کار لەسەر ئەم پرسانە دەکەین:

١-وەبەرهێنان.

٢-پاراستی مافی نەخۆش.

٣-پاراستنی سامانی ئاو.

٤-پاراستنی شوێنەوار.

٥-دەروازە سنورییەکان.

٦-پاراستی بەرهەمی خۆماڵی.

٧-ئەنجومەنی دەرمان و خۆراك.

٨-قەدەغەکردنی بە قاچاخ بردنی نەوت.

٩-رێکخستن و فرۆشتنی هاوردەکردنی لێدەرهێندراوەکانی نەوت.

بەڵام، خوێدنەوەی یەکەم، بۆ(٤) پێشنیاز و پرۆژە یاسا و بریار کراون، خوێندنەوەی دووەمی بۆ (١) یاسا کراوە، (١) یاسا و (١) بریاڕی یاسا پەسەندکراون لەگەڵ (٣) بریاری کارگێری.

لەو (٩) پرسەی کە سەرۆکی پەرلەمان لە کردنەوەی خولەکەدا راگەیاند، کاری یاسایی تەنها لەسەر (٢) پرسکراوە، ئەوانیش پرسەکانی (پاراستنی شوێنەوار، قەدەغەکردنی بە قاچاخ بردنی نەوت) وە لە دانیشتنی ژمارە (٧) لە (٢٠٢٠/٧/٢٧) باس لە پرسی (دەروازە سنورییەکان) کرا.

دۆخی یاسادانان لەم پێنج مانگەدا زۆر سستە، بەڵام بۆ دوو خولی گرێدانی پێشووش هەر راستە، لە (٢٠١٨/١١/٦ تا ٢٠٢٠/٢/٢٩) واتە بە (١٥) مانگ و (٢٤) رۆژ، خوێندنەوەی یەکەم بۆ (٢٦) پێشنیازە یاسا کراوە، (٦) یاسا و (٣) بریار پەسەندکراوە.

### ٣- دۆخی لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان:

لەم خولەدا، خوێندنەوەی یەکەم بۆ (٤) پێشنیاز و پرۆژەیاسا و بڕیار کراوە، دەبوو لیژنەکان لە ماوەی (٢١) رۆژدا، (٧) راپۆرت بنووسن، بەڵام تەنها (١) راپۆرت نوسراوە.

ئەرکێکی تری لیژنە، بەدواداچوونە لەسەر ئاستی جێبەجێکردنی یاساکان، بەڵام بە وەرگرتنی چەند نموونە لە خولی بەهارە بۆمان دەردەکەوێت لیژنەکان ئەو ئەرکەیان جێ بەجێ نەکردووە، ئەگەر کاریشی لەسەر کرابێت ئەنجامی نەبووە و دۆخەکە وەك خۆی ماوەتەوە، بۆ نموونە: **(مردنی دەیان کەس لە نەخۆشخانەکانی هەرێم لە بەرنەمانی ئۆکسجین، بڕینی لە (٢١٪) مووچەی مووچە خۆران، دەستگیرکردنی دەیان (چالاکەوان، خۆپیشاندەر بەتایبەتی رەشبگیری ناوچەی بادینان) لە کاتی داواکردنی مافەکانیان و دەستگیرکردنی دەیان (رۆژنامەنووس) لەکاتی ئەرکدا، بێدەنگی پەرلەمان بەرامبەر قەرەبوو نەکردنەوەی زیان لێکەوتوانی کارەساتی لافاو لە ناوچەی باڵەکایەتی، لە کاتێکدا زیان لێکەوتوانی هەمان کارەسان لە ناوچەکانی بادینان بە بڕی (٣) ملیار دیار قەرەبووکرانەوە، پێشلی یاسایی رێکخراوەکان و تەعمیم کردنی نوسراو بۆ تەنها رێکخراوێك لەلایەن وەزارەتی ناوخۆ بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەوان لە جیاتی هەموو رێکخراوەکان)**. کە ئەمانە چەند نموونەیەکن لە ئەرکی بەدواداچوونی لیژنەکان و دەبوو لەسەر ئەو پێشێلکاریانە کاری بە ئەنجام بکرایە و وەزیری پەیوەندیدار پرساندنی لێبکرایە.

سەرنجی داتا و زانیارییەکانی دوو خولی گرێدان پێشووش بدەین بەهەمان شێوە، لە (٢٠١٨/١١/٦ تا ٢٠٢٠/٢/٢٩) واتە بە (١٥) مانگ و (٢٤) رۆژ، خوێدنەوەی یەکەم بۆ (٢٦) پێشنیاز و پرۆژەیاسا و بڕیار کراوە، دەبوو لە ماوەی (٢١) رۆژدا (٥٧) راپۆرتی ئەو لیژنانەوە بنوسرایە کە پێشنیازەکەیان ئاراستەکراوە، بەڵام تەنها (٣٣) راپۆرت نوسراوە.

بەپێی ماددەی (٣٦)ی پەیرەوی ناوخۆ، (١٠) ئەندام یان فراکسیۆنێك، دەتوانن لە دوای تێپەڕ بوونی (٤٥) چل و پێنج رۆژ، بەسەر ئاراستەکردنی پرۆژەیەك بۆ لیژنەی تایبەتمەند، دەتوانن داوای روونکردنەوە لە بارەی ئەو پرۆژەیە لە لیژنەکە بکەن، بەڵام تا ئێستا ئەم هەنگاوە پەیڕەوییە نەگیراوەتەبەر.

### ٣- دۆخی چاودێری دامەزراوەکان:

سەبارەت بە ئەرکی چاودێری لەسەر دامەزراوەکانی جێبەجێکردن، پەرلەمانتاران دەتوانێت پشت بەست بە ماددەکانی (٥٨ تا ٧٦)، ئەم هەنگاوانە بگرێتەبەر لە پێناو ئەنجامدانی ئەرکی چاودێری لەسەر دامەزراوەکان، بۆ ئەم خولە بەردەست نیە پەرلەمانتاران چەند پرسیاریان ئاراستە کردووە، بەڵام لە پێناو خستەڕووی بابەتی گشتی بۆ گفتوگۆ لە نێوان پەرلەمان و حکومەت (٨) یاداشتیان پێشکەشکرد، (٤) دانەیان تەواو جێبەجێ نەکرا، (٤) دانەیان لە چوار چێوەی بابەتی تر گفتوگۆیان لەسەرکرا.

### ٤- پرسی بودجە و ژمێرەی کۆتایی:

ماوەی (٧) ساڵە (٢٠١٤-٢٠٢٠) حکومەتی هەرێم، بودجەی نەناردۆتە پەرلەمان، ماوەی (٩) ساڵە (٢٠١١-٢٠١٩) ژمێرەی کۆتای نەنێردراوە بۆ پەرلەمان.

### ٥- بودجەی پەرلەمان:

لە ماددەکانی (١٦، ١٠٧، ١٠٨) پەیڕەودا باس لە بودجەی پەرلەمان دەکات و ئەرکی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانە لەگەڵ دیوانی پەرلەمان و لیژنە پەیوەندیدارەکان بودجەی ساڵانە و ژمێرەی کۆتایی پەرلەمان، رێکبخەن و بیخەن بەردەم پەرلەمان بۆ پەسەندکردن و سەرپەرشتیکردن و جێبەجێکردنی، بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری پەرلەمان، لە کۆتایی هەر ساڵێکی داراییدا هەڵدەسێت بە دانانی ژمێرەی کۆتایی و رێکارە کارگێڕییەکان دەخرێتە بەردەم

دەستەی سەرۆکایەتی بۆ ڕازیبوون لەسەری و ڕەوانەکردنی بۆ لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری، بە مەبەستی پێداچوونەوە و بەرزکردنەوەی ڕاپۆرتێك لەوبارەیەوە، بۆ پەرلەمان.
پرسیار ئەوەیە پەرەمان بۆچی بودجەی خۆی دانانێت؟! بۆچی ژمێرەی کۆتایی ساڵی (٢٠١٩)ی خۆی ناخاتە بەردەم پەرلەمان بۆ پەسەندکردن و ئاگاداربوونی پەرلەمانتاران و ڕایگشتی، لە کاتێکدا داوای بودجەی و ژمێرەی کۆتایی لە حکومەت دەکەن؟!.

## ٦-فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزسیۆن

لەم خولەدا ئەوانەی بەشداری حکومەتیان نەکردووە، تەنها (٢١) پەرلەمانتاری فرلکسیۆنەکانی (کۆمەڵ، یەکگرتوو، نەوەی نوێ، ئازادی، سەربەخۆکان)، هەموو ئەم ژمارەیە بە یەکەوە ناتوانن داوای پرساندن لە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بکەن، کەواتە کێشەی کورسییەکانی ئۆپۆزسیۆن یەکێکە لە ڕێگرییەکانی بەردەم کاریان، نەبوونی پرۆژەی هاوبەشیش لای ئەو کەمینە پەرلەمانیانە، هۆکاری دووەمی لاوازی ئەدایانە، ڕۆژی (٢٠٢٠/٨/١٨) (٢٤) پەرلەمانتار لە فرکسیۆنەکانی (کۆمەڵ، یەکگرتوو، ئازادی، ٣ سەربەخۆ، ٤ پەرلەمانتاری گۆران، ٤ پەرلەمانتاری یەکێتی) پرساندنیان لە هەریەك لە (سەرۆك و جێگری ئەنجومەنی وەزیران و وەزیری دارایی) کرد، بەڵام فراکسیۆنی نەوەی نوێ بە (٤) کورسی بەشداری ئەو کارەی نەکرد، ئەمە لە کاتێکدا لە ڕۆژانی بەر لە پرساندنەکە داوای خۆپیشاندنی فراوان و هەڵوەشاندنەوەی حکومەتی دەکرد، لە کاتێکدا عورف و ئەخلاقی سیاسی وابوو هەموو هەوڵێکی پەرلەمانی بدەن بۆ پرساندن لەم کابینەیە نەك بەشداری هەوڵەکانیش نەکەن، تا ئێستا بە فەرمی ڕوونیان نەکردۆتەوە بۆچی واژوویان لەسەر پرساندنەکە نەکردووە، بەڵام بەهانەکە هەرچی بێت چ بۆ ئەوان و چ بۆ هێزەکانی تری ئۆپۆزسیۆن، بەڵگەیە لەسەر نەبوونی گوتار و کاری هاوبەش لای ئۆپۆزسیۆن.

## ٧-کاریگەری کۆرۆنا ڤایرۆس

پەتای کۆرۆنا بە ڕێژەی کاریگەری لەسەر هەموو دامەزراوەکانی جیهان دانا، سەرۆك و جێگری پەرلەمانیش لە داوی گەڕانەوەیان بۆ ماوەی (٢) هەفتە کەرەنتینەکرا، پاشان لە (٢٠٢٠/٣/١٤)ەوە قەدەغەی هاتووچۆ لە هەرێم ڕاگەیەندرا، ڕۆژی (٢٠٢٠/٥/٦) کارەکانی پەرلەمانی دەستپێکردەوە، پاشان لە (٢٠٢٠/٦/١٠) بەهۆی تووشبوونی پەرلەمانتارێك و چەند فەرمانبەرێکی پەرلەمان بە کۆرۆنا ڤایرۆس، تا (٢٠٢٠/٦/٢٤) کارەکان وەستا، کەواتە ڕوونە هاتی کۆرۆنا ڤایرۆس کاریگەری لەسەر ئەدای پەرلەمانیش هەبوو، بەڵام ڕەوایە بپرسین ئەی کەواتە لە دوو خولی پێشوو لە (٢٠١٨/١١/٦ تا ٢٠٢٠/٢/٢٨) چی ڕێگەی گرتبوو لە ئەدای یاسایی و چاودێری پەرلەمانی کوردستان؟! ئەوە ئەو پرسیارە کە ئێمە لە ڕاپۆرتەکانی چاودێری و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمان بەپێی داتا و زانیارییەکان وەڵامی دەدەینەوە.

### تێبینی:

*لەسەر پرسەکانی (دانیشتنەکانی پەرلەمان، دۆخی یاسادانان، دۆخی چاودێری دامەزراوەکان) لە ناوەرۆکی ڕاپۆرتەکەدا لە ژێر ئەو ناونیشانەدا بە(١٨) خشتە زانیاری و شیکردنەوە دانراوە.

*لەسەر پرسی (لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان) لە ناوەرۆکی ڕاپۆرتەکەدا لە ژێر ئەو ناونیشانە بە (١٩) خشتە، زانیارییەکی و شیکردنەوە دانراوە.

## سیما جیاوازەکانی خولی بەهارە

١-هەڵگرتنی پارێزبەندی لە پەرلەمانتاری فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی (سۆران عومەر)، کە هەنگاوێکی سیاسی بوو نەك یاسایی، چونکە ئەو تۆمەتانەی ئاراستەی کرابوون پێویستی بە هەڵگرتنی پارێزبەندی نەبوو، ئەم پرسە پەرلەمانی کوردستانی بۆ ماوەی (٥٢) رۆژ پەکخست، لەکاتێکدا دەکرا سەرۆکی پەرلەمان لە سەرەتاوە رێگە نەدات رێوشوێنەکانی ئەم پرسە دەستپێبکات و رێبگرێت لە نیەتی پارتی دیموکرات بۆ دروستکردنی قەیرانێکی نوێ لە ناو پەرلەمان و بە لارێدابردنی سەرنجی رای گشتی.

٢-سەرۆکی پەرلەمان لە ژێر گوشاری حزبەکەی و بەشێك لە رای گشتیدا لە رۆژی (٢٠٢٠/٦/١٤) بڕیاری ژمارە (٤)ی هەڵگرتنی پاریزبەندی لە (سۆران عومەر) هەڵوەشاندەوە، بەڵام جێگەی سەرسوڕمان بوو کە بڕیارەکەی سەرۆکی پەرلەمان نە لە ماڵپەڕی فەرمی پەرلەمان بڵاوکرایەوە، نە لە رۆژنامەی وەقائیع، بەهۆی جێبەجێ نەبوونی بڕیارەکەشەوە پەرلەمانتاری ناوبراو لە (٢٠٢٠/٧/١٥) داوای دەستلەکار کێشانەوەی پێشکەش کرد و لە دانیشتنی ژمارە (٦) لە (٢٠٢٠/٦/٢٧) بەدەنگی (٥٥) پەرلەمانتار پەسەندکرا.

٣- سەرۆکایەتی پەرلەمان و لیژنە هەمیشەییەکان لەسەر پەلاماردانی پەرلەمانتاران (شیرین ئەمین، سیپان ئامێدی، عوسمان کانی کوردەیی، کاوەعەبدولقادر)، بێهەڵوێست بوون.

٤-رۆژی (٢٠٢٠/٨/١٧) لیژنەی رۆشنبیری، راگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە و رایگەیاند:"پێشنیازە یاسای (رێکخستنی میدیای ئەلیکترۆنی) پێشنیازە یاسای هیچ فراکسیۆن و کەسێکی دیاریکراو نییە، بەڵکو بەواژۆی ٥٣ پەرلەمانتار لەفراکسیۆنە جیاوازەکان ئاراستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان کراوە، بەڵام دوای ئەو تێبینییانەی سەبارەت بەناوەڕۆکی پێشنیازەیاساکە گەیشتە لیژنەکەمان، بڕیارماندا ناوەڕۆکی پێشنیازەیاساکە رەتبکەینەوە بەوشێوازەی ئێستا هەیەو ئامادەکاری بکەین دوای پرس و راوێژ لەگەڵ پسپۆڕان و میدیاکاران و لایەنە پەیوەندیدارەکان، بەمەبەستی ئامادەکردنەوەی بەناوەڕۆکێکی گونجاو کە تێکهەڵکێش بێت بەو سەرنج و تێبینییانەی لەلایەن پسپۆڕان و میدیاکارانەوە بۆ لیژنەکەمان هاتووە". ئێمەش لە ئینستتیوتی پەی بەشێك لە رەخنەکان لە پێشنیازەکە بەگرنگ دەزانین، بەڵام رێگەی تر هەبوو لیژنە بیگرێتەبەر بۆ چارەسەکردنی ئەو گرفتانەنەك وەك داڕشتنەوەی پێش خوێندنەوەی دووەم، نەك پێشێلی پەیڕەو، چونکە پەیڕەوی ناوخۆ دەسەڵاتی بەکەس نەداوە دوای خوێندنەوەی یەکەم، پێشیازە یاسا رەتبکاتەوە.

٥-لەدوای پەسەندکردنی یاسای چاکسازی و دەرفەتدان بە ئەندامانی پەرلەمان بۆ گەڕانەوە بۆسەر کاری پێشویان، بەپێی زانیارییەکانی دیوانی پەرلەمان، تەنها (٨) پەرلەمانتاری خولی پێنج، فۆرمی رەتکردنەوەی خانەنشینیان پڕکردەوە، ئەوانیش (عەلی حەمەساڵح، شیرین ئەمین، شایان عەسکەری) لە فراکسیۆنی گۆران، لەگەڵ چوار پەرلەمانتاری فراکسیۆنی نەوەی نوێ کە پێکهاتوون لە (کازم فاروق، کاوە عەبدولقادر، مژدە مەحمود، سیپان ئامێدی)، یەك سەربەخۆ (سیروان فەرەج محەمەد)، بەڵام دواتر دیوانی پەرلەمان راگەیاند: لە ئێستادا تەنها ئەو (٧) پەرلەمانتارە فۆرم و بەڵێننامەی بێمەرجیان پڕکردۆتەوە،ە دیوانی پەرلەمان فۆرمەکەی (سیروان فەرەج)ی قبوڵ نەکردووە، پەی بەدواداچوونی کرد، لەسەر قبوڵنەکردنی فۆرمی پەرلەمانتار (سیروان فەرەج)، ناوبراو دەڵێت:"وتومە خانەنشینی رەتدەکەمەوە بەو مەرجەی بخرێتە سەر مووچەی کەم ئەندمان، چونکە من سیقەم بەم حکومەتە نیە،

کەسیش بەمنی نەوتووە فۆرمەکەت پەسەند نەکراو". پڕنەکردنەوەی فۆرمی رەتکردنەوەی خانەنشینی و گەڕانەوەیان بۆ سەرکاری پێشوویان، پێچەوانی بەڵێنی بەشێکی زۆر لە پەرلەمانتارانە کە لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا بە دەنگدەرانیانداوە.

٦-مانگرتنی پەرلەمانتار (سیروان فەرەج محەمەد) بۆ ماوەی (٥) رۆژ لە ناوی بیانی پەرلەمانی کوردستان، لەسەر بەهەند وەرنەگرتنی خەمەکانی خەڵك و کۆنەبوونەوەی پەرلەمان، هەڵۆستێکی باشبوو، ئێمە پشتگیری ئەم جۆرە هەڵوێستە و هەموو جۆرە فشارێکی مەدەنی دەکەین بۆ ناچارکردنی لایەنە بەپرسەکان بۆ گوێگرتن لە داواکانی خەڵك، لە هەمانکاتدا جێگەی سەرنجە نە کەس لە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بەدەم داواکانییەوە چوو، نە هیچ پەرلەمانتارێك پشتگیری لێکرد.

## هەنگاوێکی نوێ

لــەپێناو بەردەوامیــدان بــە هەڵســەنگاندنی زانســتیانەی و بێلایەنانــەی کارەکــانی پەرلــەمانی کوردســتان، بەکارهێنانی رێگای جیا جیا بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی پرۆژەکـە لـە هێنانـەدی پەرلـەمانێکی شـەفاف و بـەهێز لـە رووی یاسـایی و چـاودێری، بـۆ ئـەم راپۆرتـە و لەمـەودوا بـە پێوەرەکـانی یـەکێتی پەرلەمانـەکانی جیهـان (IPU)[1] کارەکـانی پەرلـەمان و پەرلـەمانتاران هەڵدەسـەنگێنین، بـەڵام لەبەرئـەوەی هـەموو زانیارییـەکان پێویسـت بـەم هەڵسەنگاندنە لەسەر پێگەی فەرمی پەرلەمان بڵاوناکرێتـەوە و سـەرۆکایەتی پەرلـەمانیش زانیـاری بـە ئێمـە دانـات و رێگەش بە لیژنەکان نادات زانیاریمان پێ بدەن، ناتوانین بۆ هەموو پێوەرەکان، زانیاری و ژمارە دابنێین.

## هەڵسەنگاندنی پەرلەمانی کوردستان بە پێوەرە نێودەوڵەتیەکان

یەکێتی پەرلەمانەکانی جیهان (IPU) پێوەرێکی پێنج پلەی داناوە بۆ پێوانەکردنی ئاستی چالاکی پەرلەمانەکان، و هەڵسەنگاندنی خودی ئەندام پەرلەمانەکان.

### یەکەم: ئاستی کارەکانی دامەزراوەیی پەرلەمان :-

پێوەری کارەکانی پەرلەمان لە ماوەی خولێکی گرێداندا بریتین لە:-

#### ١-ئاستی چالاکی پەرلەمان :

رێژەی ماوەی دانیشتنەکانی پەرلەمان لە خولی پەرلەمان: ١٠٠ دانیشتن (لە ماوەی ١٠ مانگ بـەلانی کەمـەوە، دوو هەفتە لە مانگێکدا بەلانی کەمەوە، سێ رۆژ لـە هەفتەیەکدا بـەلانی کەمـەوە، پێنج دانیشـتن لەهەفتەیەکدا بـەلانی کەمەوە، و دوو کاتژمێر بۆ هەر دانیشتنێك بەلانی کەمەوە):

أ- لاواز (کەمتر لە ١٠٠ کاتژمێر)

ب- مامناوەند (١٠٠-٢٠٠ کاتژمێر)

ت- چالاك (٢٠٠-٢٥٠ کاتژمێر)

پ- زۆر چالاك (زیاتر لە ٢٥٠ کاتژمێر)

پەرلەمان کوردستان لە شەش مانگی خولی بەهارەدا نزیکە (٣٠) کاتـژمێر لـە (٧) دانیشـتندا کۆبۆتـەوە ، **کەواتـە ئاستی پەرلەمان لە دانیشتنەکاندا لاوازە.**

#### ٢-رێژەی ئامادەبوون لە پەرلەمان:

یەك: کۆی ئامادەنەبوون لە پەرلەمان (نەهاتن و مۆڵەت) لە هەموو دانیشـتنەکانی پەرلـەمان لـەو خولـەدا، دابـەش بکرێت بەسەر ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان و کەرەتی ژمـارەی دانیشـتنەکان دەکرێـت، و یەکسـان دەبێـت بـە ئاسـتی چالاکی پەرلەمانی لەو خولەدا:

أ-چالاك (کەمتر لە پێنج لەسەد)

ب- پچرپچر (لەنێوان ٥-١٠٪)

ت- کۆنترۆڵنەکراو (لە نێوان ١٠-٢٥٪)

---

[1]-قياس أداء البرلمان بالدول العربية: مقارنة نوعية ومؤشرات كمية، لە نوسینی د.عەلی ساوی.

پ- له كۆنترۆڵ دەرچوو (له نێوان ٢٥-٥٠٪)

كۆی ئامادەنەبوونی پەرلەمانتاران (بە مۆڵەت و بێ مۆڵەت) بريتی يە لە (٣٨ جار÷ ١٠٨ ئەندام×٥ =١,٧، ئەمە جگە لە مۆڵەت و ئامادەنەبوونی دانيشتنەكانی ژمارە (٦، ٧) كە نەخوێندراوەتەوە، كەواتە دۆخی ئامادەنەبوون لەم خولەدا چالاكە.

دوو: ژمارەی ناڕازيبوون لەسەر نيسابی دەنگدان دابەشی ژمارەی دانيشتنەكان:-

أ- ڕێكخراو (كەمتر لەيەك جار)

ب- پچڕپچڕ (لە نێوان ١-٢ جار)

ت- كۆنترۆڵ نەكراو (لەدوو جار زياتر)

لەم پێوەرەدا پەرلەمانی كوردستان ئاستەكەی ڕێكخراوە.

سێ: ژمارەی ناڕازی بوون لەسەر بڕياری سەرۆكی دانيشتنەكان دابەشی ژمارەی دانيشتنەكان:-

أ- ڕێكخراو (كەمتر لەيەك جار)

ب- پچڕپچڕ (لە نێوان ١-٢ جار)

ت- كۆنترۆڵ نەكراو( لەدوو جار زياتر)

لەم پێوەرەدا ئاستی پەرلەمان كۆنترۆڵنەكراوە، چونكە لەم وەرزەدا ئەندامان دەيان جار لەڕێگەی خاڵی پەيڕەوييەوە ناڕەزايەتيان نيشانداوە لەسەر وەرنەگرتنی خاڵی پەيڕەوی ئەندامان و دانەنانی ياداشتنی ئەندامان لە بەرنامەی كاری دانيشتنەكان.

چوار: ژمارەی دانيشتنەكان كە هەڵپەسێردراون بەمەبەستی كۆنترۆڵكردنی دانيشتنەكە:

أ- ڕێكخراو (كەمتر لەيەك جار)

ب- پچڕپچڕ (لە نێوان ١-٢ جار)

ت- كۆنترۆڵ نەكراو (لەدوو جار زياتر)

دانيشتنی ژمارە (٦) لە (٢٠٢٠/٠٦/٢٧) و دانيشتنی بۆ ماوەيەكی كاتی ڕاگيرا، بەو پێيە پەرلەمان لەم پێوەرەدا لە پلەی پچڕپچڕدايە.

## ٣-ئاستی باڵانس لە بەشداری ئەندامان

يەك: ڕێژەی بەشداری ئەندامەكان لە خولی گرێدان هەژمار دەكرێت، لە ڕێگای ژمارەی وشەكانی لەهەموو دانيشتنەكان و دابەشی ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان دەكرێت.

دوو: ڕێژەی بەشداری هەر ئەندامێك، لە ڕێگای ژمارەی وشەكانی لەهەموو دانيشتنەكان دابەشی ئەنجامی دابەشكردنی ڕابردوو.

أ- لاواز (لە نێوە كەمتری ئەو ڕێژەيە).

ب- سنوردار (لە نێوان ٥٠-٧٥٪)

ت- مامناوەند (٥٪ زياتر يان كەمتر

پ- چالاك (له نێوان ١٠٠-١٥٠٪ ڕێژەی)

ج- زۆر باش (له نێوان زیاتر له ١٥٠٪ ڕێژەی)

ئـەم پێـوەرە ناچەسـپێت ئەگـەر پرۆتۆكـۆلی پەرلـەمان لەبەردەسـت نـەبێت بـۆ زانـینی ژمـارەی وشـەكانی پەرلەمانتاران.

## ٤-كاری یاسادانان

یەك: ژمارەی ئەو پرۆژانەی كه خراونەته بەردەم پەرلەمان دابەشی ژمارەی ئەو یاسایانەی كه پەسەندی كردووە:

أ- كەمتر له چارەك، (ئاستی چالاكی سنوردارە).

ب- له نێوان چارەك تا نیو، (چالاكی مامناوەندە).

ت- زیاتر له نیو، (چالاكە).

(٤) پێنشنیازە یاسا و بڕیار لەلایەن ئەندامان و حكومەتـەوە پێشكەش كراون، ژمـارەی ئـەو یاسـاو بڕیارانـەی دەرچوون بریتی له (٢) دانە، كەواتە (٤÷٢=٢)، **كەواتە ئاستی چالاكی مامناوەندە،** بـەڵام ئەگـەر دوو خـولی پێشـوو وەرگرین، ئاستەكە دەگۆڕێت، له (٦/١١/٢٠١٨ تا ٢٩/٢/٢٠٢٠) خوێندنەوەی یەكەم بـۆ (٢٦) پێشـنیاز و پرۆژەیاسـا و بڕیار كراوە، بەڵام تەنها(٩) یاسا و بڕیار پەسەندكراوە.

دوو: دەستپێشخەری پرۆژە یاساكان له لایەن ئەندامەكانەوە:

ژمارەی پرۆژە یاساكان كه له لایەن ئەندامانی و لیستەكان دابەشی ژمارەی یاساكان كه پەسەندكراون

أ- (كەمتر له ١٠٪) دەستپێشخەری لاوازە.

ب- (له نێوان ١٠-٢٥٪)دەستپێشخەری سنوردارە.

ت- (له نێوان ٢٥-٥٠٪)دەستپێشخەرە.

پ- (له نێوان ٥٠-٧٥٪) فەرماندەی یاسادانانە.

ج- (زیاتر له ٧٥٪) خاوەن بڕیاری سیاسیە.

(٤) پێنشـنیازە یاسـا و بڕیـار لەلایـەن ئەندامانـەوە پێشكەشـكراون، (٢) یاسـا و بڕیـار پەسـەندكراون، كەواتـە (٢÷٤*١٠٠=٥٠٪) **كەواتە ئاستی دەستپێشخەرە،** بـەڵام ژمـارەی پێشـنیازە یاسـا و بڕیـاری ئەنـدامان لـە خولـەكانی گرێدانی پێشوو، بریتیە لـە (٢٤)، كـە دەبـوو لـە دوای خوێندنـەوی یەكـەم بـە مـاوەی (٣٨) ڕۆژ لـە زۆرتـرین مـاوەدا بكرانایە بە یاسا بەڵام لەو ماوەیەدا تەنها (٧) یاسا لەسەر پێشنیازی ئەندامان پەسەندكراوە.

## ٥-چالاكی چاودێری

**یەك: گشتگیری چالاكی چاودێری:** ژمارەی ئەنجامدانی كاری چاودێری وەكو ئیمزا كۆكردنەوە[٢] یان دروستكردنی لیژنەی بەدواداچوون، دابەشی ژمارەی ئەنجامدانی كاری چاودێری له ماوەی خولەكەدا، یەكسانه بەڕێژەی ئەنجامدانی

[٢]-له كاتی جێبەجێ كردنی ئامرازی چاودێری كه پێویستی به زیاتر له یەك واژۆ هەیە وەكو پێكهێنانی لیژنەی بەدواداچوون كه پێویستی به زیاتر له یەك ئەندام هەیە ئەندامێك واژۆیكردبێت لەسەر ئەو داواكاریە، به یەك جار هەژمار دەكرێت.

کاری چاودێری. ئەنجامدانی کاری چاودێری (١٧١) واتوو بۆ (٨) کاری چاودێری،(٤) کاری چاودێری کراوە لەسەر یاداشتەکان، ١٧١/٤= ٤٣٪.

**دوو: بەشداری کردن لە کاری چاودێری :** ژمارەی ئەنجامدانی کاری چاودێری، دابەشی ژمارەی ئەندامان، یەکسانە بە ڕێژەی گشتی بەشداری لە ئەنجامدانی کاری چاودێری.

أ- لاواز (کەمتر لە نیوەی ڕێژەی گشتی)
ب- سنوردار (لە نێوان ٥٠-٧٥٪ لە ڕێژەی گشتی)
ت- مامناوەند(٥٪ زیاتر یان کەمتر لە ئەنجامی ڕابردوو)
پ- چالاك (لە نێوان١٠٠-١٥٠٪ ڕێژەی ڕابردوو)
ج- زۆر باش (لە نێوان زیاتر لە ١٥٠٪ ڕێژەی ڕابردوو).

لەم خولەدا چوار کارکراوە، کەواتە (١٠٨/٤=٣,٧٪)، بە پێی ئەم پێوەرە **بەشداری ئەندامان لەکاری چاودێری لە ئاستێکی لاوازدایە.**

### ٦-ئاستی دەستپاکی

یەك: درووستی کارەکان یەکسانە بە ژمارەی داواکارییەکانی وەرگرتنەوەی پارێزبەندی دابەشی ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان.

أ- (کەمتر لە ٥٪) پەرلەمانێکی دەستپاك
ب- (لە نێوان ٥-١٠٪) دەستپاکی سنورداره
ت- (لە نێوان ١٠-٢٥٪)دەستپاکی کەمە
پ- لە نێوان ٢٥-٥٠٪ دەستپاك نییە
ج- (لە ٥٠٪ زیاتر) پەرلەمانێکی گەندەڵ

لەم خولەدا چوار داواکاری هەبووە، کەواتە (١٠٨/٤*١٠٠= ٣,٧٪، کەواتە لەم پێوەرەدا پەرلەمان بە درووستی کارەکانی کردووە.

دوو: پاکی هەنگاوەکان یەکسانە بە ژمارەی وەرگرتنەوەی پارێزبەندی دابەشی ژمارەی داواکاری وەرگرتنەوەی متمانە.

أ- (کەمتر لە ٥٪)پەرلەمانێکی دەستپاك
ب- (لە نێوان ٥-١٠٪) دەستپاکی سنورداره
ت- (لە نێوان ١٠-٢٥٪)دەستپاکی کەمە
پ- (لە نێوان ٢٥-٥٠٪) دەستپاك نییە
ج- (لە ٥٠٪ زیاتر)پەرلەمانیکی گەندەڵ

لەم خولەدا چوار داواکاری هەبووە، بەڵام تەنها پارێزبەندی لەسەر یەك پەرلەمانتار لابراوە، کەواتە (١/٤*١٠٠= ٢٥٪ ، بەپێی ئەم پێوەرە پەرلەمان دەسپاکی کەمە.

سێ: دروستی ڕێوشوێنەکان یەکسانە بە ژمارەی تۆمەتبارکردن لە ڕووی دادگاکانەوە، دابەشی ژمارەی بڕیارەکانی وەرگرتنەوەی پارێزبەندی.

أ- (کەمتر لە ٥٪) پەرلەمانێکی دەستپاك
ب- (لە نێوان ٥-١٠٪) دەستپاکی سنوردارە
ت- (لە نێوان ١٠-٢٥٪) دەستپاکی کەمە
پ- (لە نێوان ٢٥-٥٠٪) دەستپاك نییە
ج- (لە ٥٠٪ زیاتر) پەرلەمانیکی گەندەڵە

لەلایەن دادگاکانەوە (٧) تۆمەت ئاراستەی (٤) پەرلەمانتار کرابوو، بەڵام تەنها پارێزبەندی لە (١) پەرلەمانتار وەرگیرایەوە، کەواتە (١/٧=٧ کەواتە دەستپاکی سنوردارە.

چوار: دروستی هەڵسوکەوتەکان یەکسانە بە ژمارەی سەلماندنی تۆمەتەکە لەسەر ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان.

أ- (کەمتر لە ٥٪) پەرلەمانێکی دەستپاکە
ب- لە نێوان ٥-١٠٪ دەستپاکی سنوردارە
ت- (لە نێوان ١٠-٢٥٪)دەستپاکی کەمە
پ- (لە نێوان ٢٥-٥٠٪) دەستپاك نییە
ج- (لە ٥٠٪ زیاتر) پەرلەمانیکی گەندەڵە

هیچ ئەندام پەرلەمانێك تۆمەتەکەی لەسەر نەسەلماوە، بەپێی ئەم پێوەرەبێت پەرلەمان خاوێنە. هەرچەندە چەند پەرلەمانتارێك داوای یاساییان لەسەرە بەڵام ناخرێنە بەرنامەی کارەوەو نانێردرێن بۆ بەردەم دادگا.

## دووەم: چاودێری لەسەر دەسەڵاتی جێبەجێ کردن

### ١-چاودێری لەسەر دەسەڵاتی جێبەجی کردن

أ- ژمارەی داواکاری ئامرازەکانی لێپرسینەوە (پرسیار و لێپرسینەوە) کە ئاراستەی حکومەت کراوە.

(ژمارەی پرسیار بەردەست نیە، بەڵام تەنها یەك پرساندن کراوە، ئەویش بەهۆی کێشەی شکلییەوە ڕەتکرایەوە).

ب- ژمارەی وەڵامی فەرمی حکومەت کە قەناعەتپێکراوە سەبارەت بە لێپرسینەوە (قۆناغی بەرنامەی کار).

(بەپێی وتەی بەشێکی ئەندامان لە دانیشتنەکان وەڵامی حکومەت قەناعەت پێکراو نەبووە).

ت- ژمارەی لێپرسینەوە تایبەت بە بودجەی گشتی دەوڵەت. (هیچ لێپرسینەوەیەك نەکراوە).

پ- ژمارەی لیژنەکانی لێکۆڵینەوە کە پێکهێنراون. (دوو لیژنە لەسەر پرسەکانی ناوچە کوردستانیەکان و ناوچە سنورییەکان پێکهێنراوە، بەڵام ئەنجامەکانیان دیار نیە).

ج- ژمارەی لێپرسینەوەکان کە بوون بە داواکاری لێسەندنەوەی متمانە. (هیچ لێپرسینەوەیەك نەکراوە بەمەبەستی لێسەندنەوەی متمانە).

ح- ژمارەی دەنگدان لەسەر متمانەی وەزیر. (هیچ دەنگدانێك بەمەبەستی وەرگرتنەوەی متمانە لە وەزیر نەکراوە).

خ- ژمارەی دەنگدانی لەسەر لێسەندنەوەی متمانە لە حکومەت. (هیچ دەنگدانێك بەمەبەستی وەرگرتنەوەی متمانە لە وەزیر نەکراوە).

## ٢-ڕۆڵی یاسادانانی پەرلەمان

أ- ژمارەی پرۆژە یاساکان کەتاوتوێ کراون لە خولی پەرلەمانیدا. (٤)پرۆژە یاسا خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە (١) پرۆژە یاسا خوێندنەوەی دووەمی بۆ کراوە).

ب- ژمارەی یاساکان کە پەسەند کراون لە میانی خولی پەرلەمانیدا. (١) یاسا و (١) بڕیار پەسەندکراوە.

ت- ڕێژەی دەستپێشخەری ئەندامانی پەرلەمان. (١) داواکاری بۆ پێشکەشکردنی بیرۆکە هەبوو.

پ- ژمارەی ئەو یاسایانەی کە پەرلەمان چەند جارێك هەمواری کردۆتەوە پاش پەسەندکردنی. (نیە).

ج- ژمارەی ئەو یاسایانەی کە سەرۆکی ڕەتیکردۆتەوە. ١-یاسایی(بەقاچاخ بردنی نەوت) کە لە خولی بەهارە پەسەندکرا، لەلان سەرۆکی هەرێمەوە گەڕێندرایەوە، ٢-(یاسای ماددە هۆشبەرەکان) لە خولی پایزە پەسەندکرا، لە پاش چوار مانگ لە پەسەندکردنی ئەویش گەڕێندرایەوە بۆ پەرلەمان).

ح- ژمارەی ئەو یاسایانەی کە لە لایەن پەرلەمانەوە پەسەند کراون، بەڵام دادگا هەڵیپەساردوون بەمەبەستی زانینی ئەوەی تا چەند دەستورین. (نیە).

خ- ژمارەی پێشنیاری هاوڵاتیان و کۆمەڵگای مەدەنی کە لە لایەن پەرلەمانەوە تەبەنی کراون. (نیە).

## ٣-پەیوەندی پەرلەمان لەگەڵ هاوڵاتیان

أ- ژمارەی دانیشتنەکانی پەرلەمان؟ (٧ دانیشتن).

ب- ڕێژەی دانیشتنەکانی پەرلەمان کە لە لایەن تەلەڤزیۆنەوە پەخش کراون؟ (٦ دانیشتن).

ت- ڕێژەی دانیشتنەکانی پەرلەمانی کە بەشێوەیەکی کورت پەخش کراون لە تەلەڤزیۆن؟ (١ دانیشتن).

پ- ئایا پەرلەمانی سایتی ئەلکترۆنی هەیە؟ (بەڵێ).

ج- ئایا ئەو سایتە ئەکتیڤە و بەشێوەیەکی بەردەوام ئەبدەیت دەکرێتەوە؟ (بەڵێ ئەبدەیت دەکرێتەوە، بەڵام زۆری زانیاری گرنگی هەیە لەسەر کاری پەرلەمانی تیادانیە، هەروەها، چەندین یاسا و بڕیاری پەرلەمانی کە پەسەندکراوە لە سایت بڵاونەکرێتەوە، یاسای ماددە هۆشەبەرەکان، بڕیاری گەرانەوەی پارێزبەندی بۆ پەرلەمانتار (سۆران عومەر).

ح- ژمارەی یاداشتی دانیشتنەکان کە بەردەستە لەو سایتە؟ (نییە).

خ- ژمارەی بەیاننامەی دەرچوو لە لایەن پەرلەمانەوە لە ماوەی ئەو خولە؟ (٣ دانە: ١-دەستخۆشی لە حکومەتی هەرێم، بۆ هەنگاوەکانی دەربارەی پەتای کۆرۆنا. ٢- ئیدانەکردنی تۆپبارانکردنی ناوچە سنوریەکان لە لایەن تورکیا و ئێرانەوە. ٣- دەربارەی ڕەتکردنەوەی خانەنشینانی ئەندامانی پەرلەمان).

د- ئایا لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بەرنامەی کاری دانیشتنەکانی داهاتوو بڵاودەکرێتەوە پێش سازکردنی؟ بەڵێ.

ژ- ئایا هاوڵاتی دەتوانن سەردانی پەرلەمانی بکەن وئامادەی دانیشتەکان بکەن؟ (نەخێر، تەنانەت ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیش ناتوانن).

## سێیەم: پێوەرەکانی هەڵسەنگاندنی ئاستی چالاکی ئەندامەکان

### ١- پابەندبوونی پەرلەمان

أ- ڕێژەی ئەو دانیشتنانەی کە ئەندام پەرلەمان ئامادەی دەبێت لە کۆی ژمارەی دانیشتنەکان لە خولی گرێدان.

*لە خشتەی ژمارە (١٠) تایبەتە بە ئامادەنەبوون و مۆڵەتی ئەندامان لە دانیشتنەکانی پەرلەمان.

ب- ژمارەی ناردنی پەرلەمانتاران بۆ نوسینگەی پەرلەمان بەمەبەستی گرتنی ڕێوشوێن دژی. (نیە)

ت- ژمارەی ناردنی پەرلەمانتارەکانی بۆ لیژنەی بەهاکان. (نیە)

پ- ژمارەی دەرکردنی سزا دژی ئەندام پەرلەمان. (نیە)

ج- ژمارەی ئەندامەکان کە پارێزبەندیان لەسەر هەڵگیراوە. (یەك دانە)

ح- ڕێژەی ئەو پەرلەمانتارانەی کە لەسەرجەم دانیشتنەکان ئامادەبوون. (٧٩ پەرلەمانتار).

خ- ژمارەی ئەو پەرلەمانتارانەی کە هەرگیز قسەیان نەکردووە لەماوەی خولی پەرلەمانی. (١٨ پەرلەمانتار).

### ٢- یاسادانان لە لایەن پەرلەمانتارانەوە

أ- ژمارەی پێشنیاری پرۆژە یاساکان کە پەرلەمانتار پێشنیاری کردووە لە ماوەی خولەکەدا؟ (٣ پێشنیان).

ب- ژمارەی پێشنیاری هەمووارکردنی یاساکان کەلەلایەن پەرلەمانتارانەوە پێشکەش کراوە لەخولەکەدا؟ (نیە).

ت- ژمارەی ئاراستەکردنی پرۆژەی هەموارکردنی پێشکەشکراو لە لایەن پەرلەمانتارەوە بۆ لیژنەکان؟ (نیە).

پ- ژمارەی پێشنیازە خودییەکان (خوازراوەکان) کە پەرلەمانتار پێشکەشی کردووە؟ (نیە).

ج- ژمارەی بەشداریکردنی پەرلەمانتار لە وتوێژەکان لە دانیشتنەکان؟ (٩٠ پەرلەمانتار).

ح- ژمارەی وتوێژەکان کە پەرلەمانتار بەشداری تیادا کردووە لە لیژنە؟ (بەردەست نیە).

### ٣- ڕۆڵی چاودێری پەرلەمانتار

أ- ژمارەی بەیاننامە بەپەلە کە پەرلەمانتار پێشکەشی کردووە لەماوەی خولەکەدا؟ (بەردەست نیە).

ب- ژمارەی داواکاری کە پەرلەمانتار پێشکەشی کردووە لە ماوەی خولەکەدا؟ (بەردەست نیە).

ت- ژمارەی پرسیارەکان کە پەرلەمانتار پێشکەشی کردووە لە ماوەی خولەکەدا؟ (بەردەست نیە).

پ- ژمارەی پرساندنەکان کە پەرلەمانتار پێشکەشی کردووە لە ماوەی خولەکەدا؟ (یەك پرساندن).

ج- ژمارەی پێشنیار کە پەرلەمانتار پێشکەشی کردووە لە ماوەی خولەکەدا و ئایا باس کراوە لە دانیشتنەکان؟ (٨ داوکاری بەژمارەی یاسایی ئەندامان پێشکەشکراوە، بەڵام تەنها (٤) دانەیان لە چوارچێوەی دوو دانیشتندا خرانە بەرنامەی کار).

ح- ئایا پەرلەمانتار بەشداری کردووە لە داواکردنی لێسەندنەوەی متمانە لە حکومەت؟ (نەخێر).

خ- ئایا پەرلەمانتار بەشداری کردووە لە تۆمەتبارکردنی وەزیر؟ (نەخێر).

د- ژمارەی سەردانەکانی کە پەرلەمانتار ئەنجامی داوە لە چوارچێوەی کارەکانی لیژنەکان؟ (٦١ سەردان).

## ٤- چالاکی پەرلەمانتار لە لیژنە پەرلەمانییەکان

أ- ڕێژەی بەشداری کردنی پەرلەمانتار لە لیژنەی هەمیشەیی و کاتییەکان؟ (خشتەیەکی ورد لەسەر زانیاری لیژنەکان دانراوە).

ب- ژمارەی بەشداری کردنی پەرلەمانتار لە لیژنەکانی دیکە؟ (خشتەیەکی ورد لەسەر زانیاری لیژنەکان دانراوە).

ت- ژمارە پێشنیار و بیرۆکە کە پەرلەمانتار پێشکەشی لیژنەکەی کردووە وتەبەنی کراوە لە ڕاپۆرتەکاندا؟ (بەردەست نیە).

## ٥- هەماهەنگی پەرلەمانتار لەگەڵ هاوڵاتیان

أ- ئایا پەرلەمانتار نوسینگەی هەیە بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ هاوڵاتیان؟ (تەنها نوسینگەی پەرلەمان هەبوو لە شارەکان، بەڵام بەبڕیاری سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەوانیش داخران).

ب- ئایا پەرلەمانتار پێگەی ئەلکترۆنی هەیە بۆ پەیوەندی کردن لەگەڵ هاوڵاتیان؟ (نەخێر، هەندێکیان تەنها هەژماری تۆڕی کۆمەڵایەتیان هەیە).

## خشتەی ژمارە (١)

### دانیشتنەکانی پەرلەمان لە خولی بەهارە (٢٠٢٠/٠٣/٠١ – ٢٠٢٠/٠٧/٣١)

| ژ | ڕۆژی بانگهێشت | ڕۆژی دانیشتن | ژمارەی دانیشتن | ژمارەی بڕگەکانی کار | ژ. بڕگەی جێبەجێکراو | ماوەی دانیشتنەکە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ٢٠٢٠/٢/٢٧ | ٢٠٢٠/٣/٠١ | کردنەوەی خول | ٤ | ٤ | ٢:٤٩ | *وەزیری هەرێم بۆ کاوربارى پەرلەمان ئامادەبوو |
| ٢ | ٢٠٢٠/٣/٠١ | ٢٠٢٠/٣/٠٤ | ٢ | ٣ | ٢ | ٠١:٢٧ | *دەست لەکارکێشانەوەی (گولستان باقی) لە لیژنەی کشتوکاڵ دواخرا بۆکاتێکی تر. |
| ٣ | ٢٠٢٠/٥/٠٤ | ٢٠٢٠/٥/٠٦ | ٣ | ٢ | ٢ | ٠٤:١٩ | وەزیرانی (پەروەردە، خوێندنی باڵا، هەرێم بۆ کاوربارى پەرلەمان) ئامادەبوون |
| ٤ | ٢٠٢٠/٥/٠٦ | ٢٠٢٠/٥/٠٧ | ٤ | ٢ | ٢ | ٠٠:٣٢ | |
| ٥ | ٢٠٢٠/٦/٢٧ | ٢٠٢٠/٦/٢٩ | ٥ | ٢ | ٢ | ٠١:٤٤ | |
| ٦ | ٢٠٢٠/٧/٢٣ | ٢٠٢٠/٧/٢٦ | ٦ | ٥ | دانیشتنەکە دواخرا | | |
| ٧ | ٢٠٢٠/٧/٢٣ | ٢٠٢٠/٧/٢٧ | ٦ | ٣ | ٣ | ١١:٢٦ | *لەکاتی خوێندنەوەی ڕاپۆرتی هاوبەشی لیژنەی پێشمەرگە و ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم، لەسەر داوای سەرۆکی پەرلەمان ئەم بەشەی دانیشتنەکە بە داخراوی بەڕێوەچوو. * خوێندنەوەی ڕاپۆرتی هاوبەشی لیژنەی پێشمەرگە و ناوچە کوردستانیەکان، بە ئامادەبوونی وەزیرانی (پێشمەرگە، ناوخۆ، هەرێم بۆ کاروباری داتوستاندن، هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان و سەرۆکی دەستەی گشتیی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم). *خوێندنەوەی ڕاپۆرتی لیژنەی تەندرووستی سەبارەت بە پەتای (کۆرۆنا) بە ئامادەبوونی وەزیرانی (تەندرووستی، ناوخۆ، هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان). |
| ٨ | ٢٠٢٠/٧/٢٣ | ٢٠٢٠/٧/٢٨ | ٧ | ٢ | ١ | ٧:٤٢ | *خوێندنەوەی ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری سەبارەت بە (دۆخی دارایی و ئابووریی هەرێمی کوردستان) بەئامادەبوونی وەزیرانی (دارایی، پلاندان، هەرێم بۆ کاروباری دانووستاندن، سەرۆکی دیوانی ئەنجوومەنی وەزیران و سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیران) . |
| سەرجەم | | | ٧ | ١٨ | ١٦ | ٣٠:٠٠ | |

*چوونی (٩) وەزیر بۆ دانیشتنەکانی پەرلەمان، پێشینەیەکی باشە لە بەهێزکردنی ئەرکی چاودێری.

## خشتەی ژمارە (٢)

## خوێندنەوەی یەکەم و دووەم بۆ پرۆژە و پێشنیازە یاساکان و بڕیارەکان لە خولی بەهارە

| ژ | ناوی پرۆژە یاسا | خوێندنەوەی یەکەم | خوێندنەوەی دووەم | پێشکەشکراوە لەلایەن | ئەو لیژنانە ئاراستەیان کراوە |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | پێشنیازی یاسای (بەرەنگاربوونەوەی بە قاچاغ بردنی نەوت و لێدەرهێنراوەکان لە هەرێمی کوردستان–عێراق). | دانیشتنی ژمارە (٧) لە (٢٠١٩/١١/١٣) | دانیشتنی ژمارە (١) لە (٢٠٢٠/٣/١) | *ئەندامان (پارتی، یەکێتی، گۆڕان، نەوەی نوێ، کۆمەڵ، یەکێتی نەتەوەیی) | * یاسایی<br>* وزە<br>* ناوخۆ |
| ٢ | پێشنیازە بڕیاری (پێشکەشکردنی پێشنیازەوە یاسا و بڕیار لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان، بەدەر بە حکومی ماددەی (٨٢)ی پەیڕەوی ناوخۆ . | دانیشتنی ژمارە (٣) لە (٢٠٢٠/٥/٦) | دانیشتنی ژمارە (٤) لە (٢٠٢٠/٥/٧) | *ئەندامان (یەکێتی، هاوپەیمانی یەکێتی نەتەوەیی، پارتی گەشەپێدانی تورکمانی، ئازادی، نەوەی نوێ، کۆمەڵ، پارتی دیموکرات) | * یاسایی. |
| ٣ | پرۆژە یاسای (لەئەستۆکردنی فەرمانبەران لەهەرێمی کوردستان). | دانیشتنی ژمارە (٦) لە (٢٠٢٠/٧/٢٧) | | *حکومەتی هەرێمی کوردستان | * یاسایی |
| ٤ | پێشنیازی یاسای (بەڕێوەبردن و پاراستنی شوێنەوارو کەلەپوور لەهەرێمی کوردستان–عیراق). | دانیشتنی ژمارە (٦) لە (٢٠٢٠/٧/٢٧) | | *ئەندامان (پارتی، یەکیتی، هاوپەیمانی یەکێتی نەتەوەیی، ئەنجومەنی گەلی کلدانی سریانی ئاشور، گۆران، بەرەی تورکمانی، لیستی میللەت) | * یاسایی<br>*رۆشنبیری<br>*شارەوانی |
| ٥ | پێشنیازی یاسای (ڕێکخستنی میدیای ئەلیکترۆنی لەهەرێمی کوردستان–عیراق). | دانیشتنی ژمارە (٦) لە (٢٠٢٠/٧/٢٧) | | *ئەندامان (یەکێتی، پارتی، گۆڕان، سەربەخۆکان، پارتی گەشەپێدانی تورکمانی، کۆمەڵ، لیستی میللەت) | * یاسایی<br>*رۆشنبیری |

*ڕۆژی (٢٠٢٠/٨/١٧) لیژنەی ڕۆشنبیری بە ڕاگەیەندراوێك ناوەڕۆکی (پێشنیازی یاسای ڕێکخستنی میدیای ئەلیکترۆنی لەهەرێمی کوردستان) ڕەتکردەوە، ئەمە تەواو نا پەیڕەوییە و مافی ئەو کارەیان نییە.

## خشتەی ژمارە (٣)

## یاسا پەسەندکراوەکان لە خولی بەهارە

| ژ | ناوی یاسا | خوێندنەوەی سێیەم و پەسەندکردن | ئاستی جێبەجێکردن | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | یاسای بەرەنگاربوونەوەی بە قاچاغبردنی نەوت و لێدەرهێنراوەکان لە هەرێمی کوردستان–عێراق. | دانیشتنی ژمارە (٢) لە ڕۆژی (٢٠٢٠/٣/٠٤) | لە دوای تەواو بوونی وادەی یاسایی لایەن سەرۆکی هەرێمەوە گەڕێندرایەوە | بەدەنگی (٨٨) پەرلەمانتار پەسەندکراوە |

*بەپێی زانیارییەکانمان، لە مانگی (٢٠٢٠/٥) سەرۆکی هەرێم لە دوای تەواوبوونی وادەی یاسایی، (یاسای بەرەنگاربوونەوەی بە قاچاخبردنی نەوتی) گەڕاندۆتەوە بۆ پەرلەمان، بەڵام تا تەواوبوونی خول نەخرایەوە بەرنامەی کار.

## خشتەی ژمارە ( ٤ )

## بڕیارە یاساییە پەسەندکراوەکان لە خولی بەهارە

| ژ | ژمارەی بڕیار | مێژووی دانیشتن | ناوی بڕیار | ئاستی جێبەجێکردن | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ٥ | دانیشتنی ژمارە (٥) لە (٢٠٢٠/٦/٢٩) | پێشکەشکردنی پێشنیازەو یاسا و بڕیار لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان، بەدەر بە حکومی ماددەی (٨٢)ی پەیڕەوی ناوخۆ. | تا ئێستا لە سایتی فەرمی پەرلەمان و وەقایعی کوردستان بڵاونەکراوەتەوە | بە (٦٠) دەنگ پەسەندکراوە. |

## خشتەی ژمارە ( ٥ )

## بڕیارە کارگێڕییە پەسەندکراوەکان

| ژ | ژمارەی بڕیار | مێژووی بڕیار | ناوی بڕیار | مێژووی دانیشتن | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ٤ | ٢٠٢٠/٥/٠٧ | بڕیاری هەڵگرتنی پارێزبەندی لەسەر پەرلەمانتار (سۆران عومەر سەعید). | دانیشتنی ژمارە (٤) لە (٢٠٢٠/٥/٧) | بەدەنگی (٥٧) پەرلەمانتار پەسەندکراوە و لە ژمارە (٢٥٠)ی وەقائیع لە (٢٠٢٠/٥/٣١) بڵاوکراوەتەوە. |
| ٢ | ٣٧ | ٢٠٢٠/٦/١٤ | بڕیاری گەڕاندنەوەی پارێزبەندی بۆ پەرلەمانتار (سۆران عومەر سەعید). | لەلایەن سەرۆکی پەرلەمانەوە دەرکراوە | لە ماڵپەڕی فەرمی پەرلەمان و لە وەقایعی کوردستان بڵاونەکرایەوە و جێبەجێ نەکرا. |
| ٣ | ٧ | ٢٠٢٠/٧/٢٧ | قبوڵکردنی دەستلەکار کێشانەوەی (سۆران عومەر سەعید). | دانیشتنی ژمارە (٦) لە (٢٠٢٠/٧/٢٧) | بەدەنگی (٥٥) پەرلەمانتار پەسەندکراوە و لە وەقائیع لە بڵاونەکراوەتەوە. |

## خشتەی ژمارە ( ٦ )

## خوێندنەوەی یەکەم و دووەم بۆ پرۆژە و پێشنیازە یاساکان و بڕیارەکان لە ( ٢٠١٨/١١/٦ تا ٢٠٢٠/٢/٢٩ )

| ژ | ناوی پرۆژە یاسا | خوێندنەوەی یەکەم | خوێندنەوەی دووەم | پێشکەشکراوە لەلایەن | ئەو لیژنانە ئاراستەیان کراوە |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | پێشنیازی یاسای کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان ـ عێراق و هەمواری شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆک تا پەسەندکردنی دەستوور. | دانیشتنی ژمارە (٣) لە (٢٠١٩/٣/٣٠) | دانیشتنی ژمارە (٤) لە (٢٠١٩/٤/٣) | ٦٨ ئەندام لە فراکسیۆنەکانی (پارتی، گۆڕان، سەردەم، ئازادی، پێکهاتەکان) | * کاروباری یاسایی |
| ٢ | پێشنیازی یاسای بە خاوەنکردنی ئەو زەوییانەی زێدەڕۆییان لەسەر کراوە لە سنووری شارەوانییەکان لە هەرێمی کوردستان–عێراق. | دانیشتنی ژمارە (١٠) لە (٢٠١٩/٠٧/٠٦) | دانیشتنی ژمارە (١١) لە (٢٠١٩/١٠/٢٣) | ٣٤ ئەندام لە فراکسیۆنەکانی (پارتی، گۆڕان، یەکێتی، ئازادی، پێکهاتەکان) | * کاروباری یاسایی<br>* شارەوانی |
| ٣ | پێشنیازی یاسای هەمواری یاسای ژمارە | دانیشتنی ژمارە (١٠) | دانیشتنی ژمارە (١١) | ٢٠ ئەندام لە فراکسیۆنەکانی | * کاروباری یاسایی |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان– عێراق. | له (٢٠١٩/٠٧/٠٦) | له (٢٠١٩/٠٧/٠٧) | (پارتی، گۆران، یەکێتی، پێکهاتەی هاوپەیمانی یەکێتی نەتەوەیی) | *پێشمەرگە و ناوخۆ |
| ٤ | لە خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیازی بڕیاری دیاریکردنی ڕۆژی ٢٠١٤/٨/٣ وەك ڕۆژی کۆمەڵکوژیی ئێزدییەکان. | دانیشتنی ژمارە (١٤) له (٢٠١٩/٠٧/١١) | دانیشتنی ژمارە (٢)ی نا ئاسایی لە (٢٠١٩/٨/١) | ٦٥ ئەندام لە فراکسیۆنەکانی (پارتی، گۆران، یەکێتی، پێکهاتەی) | * کاروباری یاسایی<br>* کاروباری شەهیدان |
| ٥ | هەمواری یەکەمی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان–عێراق. | دانیشتنی ژمارە (١) له (٢٠١٩/٠٩/١٧) | دانیشتنی ژمارە (٢) له (٢٠١٩/٠٩/٢٥) | ئەندامانی(پارتی، یەکێتی، گۆران، یەکێتی نەتەوەیی، گەشەپێدان) | *کاروباری یاسایی |
| ٦ | پێشنیازەیاسای (بەرکارکردن و هەمواری یاسای بەرەنگاربوونەوەی قاچاغیکردن بەنەوت و بەرووبوومەکانی ژمارە (٤١)ی ساڵی ٢٠٠٨). | دانیشتنی ژمارە (١) له (٢٠١٩/٠٩/١٧) | | یەکێتی | * کاروباری یاسایی<br>*وزە |
| ٧ | پێشنیازەیاسای (بەرکارکردنی یاسای فیدراڵیی پاراستنی بەرهەمە عێراقییەکان ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١٠ی هەموارکراو). | دانیشتنی ژمارە (١) له (٢٠١٩/٠٩/١٧) | | یەکێتی | * کاروباری یاسایی<br>* کشتوکاڵ و ئاودێری<br>* وزە |
| ٨ | پێشنیازەیاسای (ڕێکخستن و یەکخستنی عەلوەکان). | دانیشتنی ژمارە (١) له (٢٠١٩/٠٩/١٧) | | یەکێتی | * کاروباری یاسایی<br>* کشتوکاڵ و ئاودێری |
| ٩ | پێشنیازەیاسای (بەرکارکردنی یاسای فیدراڵیی واژۆی ئەلیکترۆنی و مامەڵە ئەلیکترۆنییەکان، ژمارە (٧٨)ی ساڵی ٢٠١٢). | دانیشتنی ژمارە (١) له (٢٠١٩/٠٩/١٧) | | یەکێتی | *کاروباری یاسایی |
| ١٠ | پێشنیازەیاسای (بەرکارکردن و هەمواری یاسای گرتنی مایەی قاچاغ و قەدەغەکراو بۆ ئاڵوگۆڕکردن لە بازاڕە نێوخۆییەکان ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠٠٨ی هەموارکراو). | دانیشتنی ژمارە (١) له (٢٠١٩/٠٩/١٧) | | یەکێتی | * کاروباری یاسایی<br>*پێشمەرگە و ناوخۆ (لە کاتی جیا کردنەوەی لیژنەکان ئاراستەی لیژنەی ناوخۆ دەکرێت). |
| ١١ | پێشنیازەیاسای (بەرکارکردن و هەمواری یاسای هاوردەکردن و فرۆشتنی بەرهەمە نەوتییەکان ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٠٦). | دانیشتنی ژمارە (١) له (٢٠١٩/٠٩/١٧) | | یەکێتی | * کاروباری یاسایی<br>*وزە |
| ١٢ | پێشنیازی یاسای دەزگای کۆنترۆلی جۆریی دڵنیایی، لە هەرێمی کوردستان– عێراق. | دانیشتنی ژمارە (٥) له (٢٠١٩/١٠/٢٣) | | *ئەندامان(گۆران، کۆمەڵ، یەکگرتوو، نەوەی نوێ) | * کاروباری یاسایی<br>*لیژنەی دارایی<br>*وزە<br>* تەندروستی |
| ١٣ | پێشنیازی یاسای گەشەپێدانی خێزانی، لە هەرێمی کوردستان–عێراق. | دانیشتنی ژمارە (٥) له (٢٠١٩/١٠/٢٣) | | *ئەندامان(گۆران، کۆمەڵ، یەکگرتوو، نەوەی نوێ) | * کاروباری یاسایی<br>* کۆمەڵایەتی |
| ١٤ | پێشنیازی یاسای داواکاری گشتی لە هەرێمی کوردستان–عێراق. | دانیشتنی ژمارە (٥) له (٢٠١٩/١٠/٢٣) | | *ئەندامانی (گۆران، کۆمەڵ، یەکگرتوو، نەوەی نوێ). | * کاروباری یاسایی |
| ١٥ | پێشنیازی یاسای داواکاری گشتی لە هەرێمی کوردستان–عێراق. | دانیشتنی ژمارە (٥) له (٢٠١٩/١٠/٢٣) | | *ئەندامانی (فراکسیۆنی یەکێتی) | * کاروباری یاسایی |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٦ | پێشنیازی یاسای ماف وئیمتیازاتی کەمئەندام و خاوەن پێداویستیی تایبەت. | دانیشتنی ژمارە (٥) لە (٢٠١٩/١٠/٢٣) | | *ئەندامان(گۆڕان،، نەوەی نوێ، کۆمەڵ، یەکگرتوو، نەوەی نوێ) | * کاروباری یاسایی<br>* کۆمەڵایەتی |
| ١٧ | پێشنیازی بڕیاری پاراستنی مامۆستایان و ڕێبەرە پەروەردەییەکان. | دانیشتنی ژمارە (٥) لە (٢٠١٩/١٠/٢٣) | | *ئەندامان(گۆڕان،، نەوەی نوێ، کۆمەڵ، یەکگرتوو، نەوەی نوێ) | * کاروباری یاسایی<br>*پەروەردە |
| ١٨ | پێشنیازی یاسای (ماف و ئەرکی نەخۆش لە هەرێمی کوردستان–عێراق). | دانیشتنی ژمارە (٦) لە (٢٠١٩/١٠/٣٠) | | *ئەندامان(پارتی ،یەکێتی، گۆڕان، کۆمەڵ، نەوەی نوێ) | * کاروباری یاسایی<br>* تەندروستی |
| ١٩ | پێشنیازی یاسای (ڕێکلامی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان–عێراق). | دانیشتنی ژمارە (٦) لە (٢٠١٩/١٠/٣٠) | دانیشتنی ژمارە (٨) لە (٢٠١٩/١٢/٤)<br>دانیشتنی ژمارە (٩) لە(٢٠١٩/١٢/١٠) | *ئەندامان (پارتی، یەکێتی، گۆڕان، کۆمەڵ، نەوەی نوێ، میللەت) | * کاروباری یاسایی<br>*ڕۆشنبیری<br>* شارەوانی |
| ٢٠ | پێشنیازی یاسای پاراستنی بەرهەمە خۆماڵییەکان لە هەرێمی کوردستان–عێراق. | دانیشتنی ژمارە (٧) لە (٢٠١٩/١١/١٣) | | *ئەندامان(پارتی ،یەکێتی، گۆڕان) | * کاروباری یاسایی<br>*وزە |
| ٢١ | پێشنیازی یاسای بەرەنگاربوونەوەی بە قاچاغبردنی نەوت و لێدەرهێنراوەکان لە هەرێمی کوردستان–عێراق. | دانیشتنی ژمارە (٧) لە (٢٠١٩/١١/١٣) | | *ئەندامان(پارتی ،یەکێتی، گۆڕان، نەوەی نوێ، کۆمەڵ، یەکێتی نەتەوەیی) | * کاروباری یاسایی<br>* وزە<br>* ناوخۆ و ئاسایش |
| ٢٢ | پێشنیازەیاسای بیمەی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستان–عێراق. | دانیشتنی ژمارە (٧) لە (٢٠١٩/١١/١٣) | | (نەوەی نوێ، کۆمەڵ) | * کاروباری یاسایی<br>* دارایی و ئابوری<br>* کشتوکاڵ و ئاودێری |
| ٢٣ | پێشنیازە بڕیاری دامەزراندنی فەرمانبەرانی گرێبەست لە هەرێمی کوردستان). | دانیشتنی ژمارە (٧) لە (٢٠١٩/١١/١٣) | | یەکێتی | * کاروباری یاسایی |
| ٢٤ | پرۆژەیاسای مادەهۆشبەرەکان و کارتێکارە عەقڵییەکان لە هەرێمی کوردستان–عێراق. | دانیشتنی ژمارە (٨) لە (٢٠١٩/١٢/٤) | دانیشتنی ژمارە (١٠) لە(٢٠١٩/١٢/١٦)<br>دانیشتنی ژمارە(١١) لە(٢٠١٩/١٢/١٨) | ئەنجومەنی وەزیران | * کاروباری یاسایی<br>* ناوخۆ و ئاسایش<br>* تەندروستی و ژینگە<br>* کۆمەڵایەتی |
| ٢٥ | پێشنیازەبڕیاری (ڕۆژانی بۆنە فەرمییەکانی نەتەوەی تورکمان). | دانیشتنی ژمارە (٩) لە (٢٠١٩/١٢/١٠) | دانیشتنی ژمارە (١٢) لە(٢٠١٩/١٢/٢٤) | پارتی، یەکێتی، گۆڕان، سەردەم، ئازادی، گەشەپێدان، چاکسازی، بەرەی تورکمان، میللەت، نەتەوەیی، یەکێتی نەتەوەیی | * کاروباری یاسایی<br>*ڕۆشنبیری |
| ٢٦ | چاکسازی لە خانەنشینی و مووچەو دەرماڵەو بەخشین و ئیمتیازاتەکانی تر. | دانیشتنی ژمارە (١٠) لە (٢٠١٩/١٢/١٦) | دانیشتنی ژمارە (١٣) لە (٢٠٢٠/١/١٢) و دانیشتنی ژمارە(١٤) لە (٢٠٢٠/١/١٣) | ئەنجومەنی وەزیران | * کاروباری یاسایی<br>* پێشمەرگە<br>* ناوخۆ و ئاسایش<br>* دارایی و ئابوری<br>* شەهیدان |

## خشتەی ژمارە ( ٧ )

## یاسا پەسەندکراوەکان لە ( ٢٠١٨/١١/٦ تا ٢٠٢٠/٢/٢٩ )

| ژ | ناوی یاسا | خوێندنەوەی سێیەم و پەسەندکردن | ئاستی جێبەجێکردن | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان عێراق و هەمواری شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆك تا پەسەندکردنی دەستوور. | دانیشتنی ژمارە(٥) لە (٢٠١٩/٥/٨) | لە ژمارە (٢٣٦)ی وەقایع لە (٢٠١٩/٥/١٩)بڵاوکراوەتەوە | بە (٨٩) دەنگ پەسەندکرا. |
| ٢ | هەمواری یەکەمی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان. | دانیشتنی ژمارە (١٣) لە (٢٠١٩/٠٧/٠٨) | لە ژمارە (٢٣٩)ی وەقایع لە (٢٠١٩/٧/٣١)بڵاوکراوەتەوە | بە (٨٠) دەنگ پەسەندکرا. |
| ٣ | بەخاوەنکردنی ئەو زەوییانەی زێدەڕۆییان لەسەر کراوە لە سنووری شارەوانییەکان لە هەرێمی کوردستان–عێراق. | دانیشتنی ژمارە (٨) لە (٢٠١٩/١٢/٠٤) | لە ژمارە (٢٤٥)ی وەقایع لە (٢٠١٩/١٢/٢٤)بڵاوکراوەتەوە | بە (٧٤) دەنگ پەسەندکرا. |
| ٤ | ڕێکلامی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان–عێراق. | دانیشتنی ژمارە (١٠) لە (٢٠١٩/١٢/١٦) | لە ژمارە (٢٤٦)ی وەقایع لە (٢٠١٩/١٢/٢٧)بڵاوکراوەتەوە | بە (٨٤) دەنگ پەسەندکرا. |
| ٥ | مادەهۆشبەرەکان و کارتێکارە عەقڵییەکان لە هەرێمی کوردستان–عێراق. | دانیشتنی ژمارە (١٣) لە (٢٠٢٠/٠١/١٢) | تا ئێستا لە سایتی فەرمی پەرلەمان و وەقایعی کوردستان بڵاونەکراوەتەوە | بە (٨٨) دەنگ پەسەندکرا. |
| ٦ | چاکسازی لە مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان– عێراق. | دانیشتنی ژمارە (١٥) لە (٢٠٢٠/٠١/١٦) | لە ژمارە (٢٤٧)ی وەقایع لە (٢٠٢٠/٢/٦)بڵاوکراوەتەوە | بە (٨٩) دەنگ پەسەندکرا. |

*یاسای بەخاوەنکردنی ئەو زەوییانەی زێدەڕۆییان لەسەر کراوە لە سنووری شارەوانییەکان، لە دانیشتنی ژمارە (٦) لە ڕۆژی (٢٠١٩/١٠/٣٠) بەدەنگی (١٠٠) پەرلەمانتار، پەسەندکرا، بەڵام لە لایەن سەرۆکی هەرێمەوە گەڕێندرایەوە پەرلەمان، لە دانیشتنی ژمارە (٨) لە (٢٠١٩/١٢/٤) بە (٧٤) دەنگ پەسەندکرایەوە.

*لە مانگی (٢٠٢٠/٥) لە داوی تەواو بوونی ماوەی یاسای سەرۆکی هەرێم (یاسای بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر و کارتێکارە عەقڵییەکان)ی گەڕاندەوە پەرلەمان، تا تەواوبوونی خول نەخرایەوە بەرنامەی کار.

## خشتەی ژمارە ( ٨ )

## بڕیارە یاساییە پەسەندکراوەکان لە ( ٢٠١٨/١١/٦ تا ٢٠٢٠/٢/٢٩ )

| ژ | ژ.بڕیار | مێژووی دانیشتن | ناوی بڕیار | ئاستی جێبەجێکردن | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ١١ | دانیشتنی ژمارە (٣)ی نا ئاسایی لە (٢٠١٩/٨/٣). | دیاریکردنی ڕۆژی (٢٠١٤/٠٨/٠٣) وەك ڕۆژی کۆمەڵکوژی (جینۆساید) ئێزدییەکان. | لە ژمارە (٢٤٠) ی وەقایع لە (٢٠١٩/٩/١١) بڵاوکراوەتەوە. | بە (٨٧) دەنگ پەسەندکراوە. |
| ٢ | ١٢ | دانیشتنی ژمارە (٣) لە (٢٠١٩/٠٩/٢٩). | هەمواری یەکەمی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان. | لە ژمارە (٢٤٢) ی وەقایع لە (٢٠١٩/١٠/٢١) بڵاوکراوەتەوە. | بە (٩١) دەنگ پەسەندکراوە. |
| ٣ | ٣ | دانیشتنی ژمارە (١٣) لە (٢٠٢٠/٠١/١٢). | پرۆژە بڕیاری (ڕۆژانی بۆنە فەرمیەکانی نەتەوەی تورکمان). | لە ژمارە (٢٤٨) ی وەقایع لە (٢٠٢٠/٣/١) بڵاوکراوەتەوە. | بە (٧٣) دەنگ پەسەندکراوە. |

## خشتەی ژمارە ( ٩ )

## ناوی ئەو پێشنیازە یاسا و بڕیارانەی کە حکومەت یان لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان ڕەتیان کردونەتەوە

| ژ | ناوی پێشنیاز | بەرواری پێشکەشکردن | خوێندنەوەی یەکەم | ئاڕاستەکردنی بۆ لیژنەی پەیوەندیدار | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | پێشنیازەیاسای (بەرکارکردنی یاسای فیدراڵیی واژۆی ئەلیکترۆنی و مامەڵە ئەلیکترۆنییەکان، ژمارە (٧٨)ی ساڵی (٢٠١٢). | ٢٠١٩/٣/٢٨ | دانیشتنی ژمارە (١) لە (٢٠١٩/٠٩/١٧) | یاسای جەخت کراوەتەوە لە (٢٠١٩/١٢/٣) | بەرمەبنای بڕیاری ژمارە (٤٥)ی ئەنجومەنی وەزیران، کە بە نوسراویان ژمارە (١٧٧٠ لە ٢٠٢٠/٢/١٦) ئاڕاستەی پەرلەمان کراوە، ئەنجومەنی وەزیران پرۆژە یاسایەك تایبەت بە هەرێمی کوردستان ئامادە دەکات. |
| ٢ | پێشنیازی یاسای گەشەپێدانی خێزانی، لە هەرێمی کوردستان-عێراق. | ٢٠١٩/٩/١٠ | دانیشتنی ژمارە (٥) لە (٢٠١٩/١٠/٢٣) | ١-یاسایی<br>٢-کۆمەڵایەتی | بە بڕیاری ژمارە (٤٥)ی ئەنجومەنی وەزیران لەسەر داوای وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی ڕەتکراوەتەوە. |
| ٣ | پێشنیازی بڕیاری پاراستنی مامۆستایان و ڕێبەرە پەروەردەییەکان. | ٢٠١٩/٩/١٠ | دانیشتنی ژمارە (٥) لە (٢٠١٩/١٠/٢٣) | ١-یاسایی<br>٢-پەروەردە | لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا ڕەتیان کردووەتەوە، دوای ڕاوێژ لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە، سەبارەت بەم بابەتە ڕەشنووسێکی وەزارەت ئامادەیە و پرۆژە یاساکە دێتە پەرلەمان. |
| ٤ | پێشنیازەیاسای بیمەی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستان-عێراق. | ٢٠١٩/٣/٢٤ | دانیشتنی ژمارە (٧) لە (٢٠١٩/١١/١٣) | ١-یاسایی<br>٢-کشتوکاڵ<br>٣-دارایی | ئەنجومەنی وەزیران لە (٢٠٢٠/٨/١٢) ڕەتیان کردۆتەوە، لەسەر داوای وەزارەتی کشتوکاڵ لە (٢٠٢٠/٢/٢٠)، ڕایانگەیاندووە لە جیاتی ئەم پێشنیازە یاسایە، پێشنیازە یاسایەکی تێر و تەسەلیان ئامادەکردووە و دەینێرنە پەرلەمان. |

*لەم خشتەیەی سەرەوەدا بە ئاشکرا پەیڕەوی ناوخۆ لە لایەن لیژنەی پەروەردەی پەرلەمان و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتەکانی (کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، کشتوکاڵ) پێشێلکراوە، چونکە پەیڕەوی ناوخۆ مافی بە هیچ کەس و لایەك نەداوە، لە دوای خوێندنەوەی یەکەم، پێشنیازە یاسا ڕەتبکاتەوە، خۆ ئەگەر هەر بەهانەیەکیش هەبوایە دەبوو بە دەنگدانی پەرلەمانی ئەو کارە بکرایە، ئەرکی سەرۆکی پەرلەمانە ئەم دیاردەیە ڕابگرێت.

## خشتەی ژمارە ( ١٠ )

## مۆڵەت و ئامادەنەبوونی پەرلەمانتاران لە( ٥ ) دانیشتنی خولی بەهارە

| ژمارە | ناوی ئەندام | ناوی فراکسیۆن | مۆڵەت | ئامادەنەبوو | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | هێڤیدار ئەحمەد سەلمان | پارتی | ٠ | ٠ | |
| ٢ | جەلال محەمەد عەبدولا | پارتی | ٠ | ٠ | |
| ٣ | سەروان محەمەد عەلی | پارتی | ٠ | ٠ | |
| ٤ | پێشەوا تاهر مستەفا | پارتی | ٠ | ٠ | |
| ٥ | بەهجەت عەلی ئیبراهیم | پارتی | ٠ | ٠ | |
| ٦ | سەباح مەحمود محەمەد | پارتی | ٠ | ٠ | |
| ٧ | رزگار عیسا سوار | پارتی | ٠ | ٠ | |
| ٨ | ریڤینگ محەممەد محەمەد | پارتی | ٠ | ٠ | |
| ٩ | حیکمەت محەمەد عبو زێد | پارتی | ٠ | ٠ | |
| ١٠ | ئومێد عەبدولرەحمان حەسەن | پارتی | ٠ | ٠ | |
| ١١ | شوان کریم محەممەد صادق | پارتی | ١ | ٠ | |
| ١٢ | سەلام عەبدولا حەسەن | پارتی | ٠ | ٠ | |
| ١٣ | بژار خالید عەبدوڵلا | پارتی | ٠ | ٠ | |
| ١٤ | رێبوار عەبدولرەحیم عەبدولا | پارتی | ١ | ٠ | |
| ١٥ | وەیسی سەعید وەیسی | پارتی | ٠ | ٠ | |
| ١٦ | موحسین حوسێن مستەفا | پارتی | ٠ | ٠ | |
| ١٧ | سەفین ئاغا عومەر | پارتی | ٠ | ٠ | |
| ١٨ | مەم ئەسکەندەر مەم | پارتی | ٠ | ٠ | |
| ١٩ | ئەرشەد حسێن محەمەد | پارتی | ١ | ٠ | |
| ٢٠ | زانا خالید سمایل | پارتی | ١ | ٠ | |
| ٢١ | ئیحسان محەممەد سەلیم | پارتی | ٠ | ٠ | |
| ٢٢ | بەهمەن کاك عەبدوڵلا ئەحمەد | پارتی | ٠ | ٠ | |
| ٢٣ | بەختیار شوکری سلێمان | پارتی | ٠ | ٠ | |
| ٢٤ | جیهاد حەسەن ئیبراهیم | پارتی | ١ | ٠ | |
| ٢٥ | سەعید مستەفا تەتەرخان | پارتی | ٠ | ٠ | |
| ٢٦ | خەدیجە عومەر تەها | پارتی | ٠ | ٠ | |
| ٢٧ | ئیدریس ئیسماعیل عبوش | پارتی | ٠ | ٠ | |
| ٢٨ | نزار عەبدولغەفار عەزیز | پارتی | ٠ | ٠ | |
| ٢٩ | چیا حەمید شەریف | پارتی | ٠ | ٠ | |
| ٣٠ | زاهیر محەمەد عەلی | پارتی | ٠ | ٠ | |
| ٣١ | هەدیە موراد حەیدەر | پارتی | ٠ | ٠ | |
| ٣٢ | جوان یونس محەمەد | پارتی | ٠ | ٠ | |
| ٣٣ | لیزا فەلەکەدین سابر | پارتی | ٠ | ٠ | |
| ٣٤ | رۆژان ئیبراهیم عەلی | پارتی | ٠ | ٠ | |
| ٣٥ | لەیلا عەبدولجەبار حدو | پارتی | ١ | ٠ | |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٣٦ | نەجات شەعبان عەبدولا | پارتی | ٠ | ٠ | |
| ٣٧ | سەوسەن محەممەد میرخان | پارتی | ٠ | ٠ | |
| ٣٨ | گولێزار رەشید حاجی | پارتی | ٠ | ٠ | |
| ٣٩ | گەلاوێژ عوبێد عوسمان | پارتی | ٠ | ٠ | |
| ٤٠ | ژیان تاهر ئەحمەد | پارتی | ٠ | ٠ | |
| ٤١ | حەسیبە سەعید ئیبراهیم | پارتی | ٠ | ٠ | |
| ٤٢ | گولستان باقی سلێمان | پارتی | ٠ | ٠ | |
| ٤٣ | زێدان رەشیدخان ئەودەل | پارتی | ٠ | ٠ | |
| ٤٤ | لەنجە ئیبراهیم عەبدولرەحمان | پارتی | ٠ | ٠ | |
| ٤٥ | شنۆ ئەشقی عەبدولا | یەکێتی | ١ | ٠ | بایکۆتی دانیشتنی (٤) |
| ٤٦ | رۆژان محەمەد کەریم | یەکێتی | ٠ | ٠ | بایکۆتی دانیشتنی (٤) |
| ٤٧ | جەمال حوێز مستەفا | یەکێتی | ٠ | ٠ | بایکۆتی دانیشتنی (٤) |
| ٤٨ | زیاد جەبار محەمەد | یەکێتی | ٠ | ٠ | بایکۆتی دانیشتنی (٤) |
| ٤٩ | عوسمان کەریم سوارە | یەکێتی | ٠ | ٠ | بایکۆتی دانیشتنی (٤) |
| ٥٠ | سەرکۆ ئازاد حسێن | یەکێتی | ٢ | ٠ | بایکۆتی دانیشتنی (٤) |
| ٥١ | هەژان حەسەن ئەحمەد | یەکێتی | ١ | ٠ | بایکۆتی دانیشتنی (٤) |
| ٥٢ | عەباس فەتاح سالح | یەکێتی | ٠ | ٠ | بایکۆتی دانیشتنی (٤) |
| ٥٣ | فەیسەڵ عەباس عەولا | یەکێتی | ٢ | ٠ | بایکۆتی دانیشتنی (٤) |
| ٥٤ | لوقمان حەمەد حاجی | یەکێتی | ٠ | ٠ | بایکۆتی دانیشتنی (٤) |
| ٥٥ | هێرش حەسەن ئەحمەد | یەکێتی | ١ | ٠ | بایکۆتی دانیشتنی (٤) |
| ٥٦ | هاوڕێ بەنا محەمەد | یەکێتی | ١ | ٠ | بایکۆتی دانیشتنی (٤) |
| ٥٧ | شەمۆل ئاشتی سابیر | یەکێتی | ١ | ٠ | بایکۆتی دانیشتنی (٤) |
| ٥٨ | بالانبۆ محەمەد عەلی | یەکێتی | ٠ | ٠ | بایکۆتی دانیشتنی (٤) |
| ٥٩ | کاروان عەبدولڕەحمان عەبدولا | یەکێتی | ٠ | ٠ | بایکۆتی دانیشتنی (٤) |
| ٦٠ | زیکری ئەحمەد ئیسماعیل | یەکێتی | ١ | ٠ | بایکۆتی دانیشتنی (٤) |
| ٦١ | عەبدولناسر ئەحمەد عەلی | یەکێتی | ٢ | ٠ | بایکۆتی دانیشتنی (٤) |
| ٦٢ | سەلمە فاتح توفق | یەکێتی | ١ | ٠ | بایکۆتی دانیشتنی (٤) |
| ٦٣ | ڕاهی رەهبەر سەیدبرایم | یەکێتی | ١ | ٠ | بایکۆتی دانیشتنی (٤) |
| ٦٤ | شیرین یونس عەبدولا | یەکێتی | ١ | ٠ | بایکۆتی دانیشتنی (٤) |
| ٦٥ | عەلی حەمە سالح | گۆران | ٠ | ٠ | بایکۆتی دانیشتنی (٤) |
| ٦٦ | شیرین ئەمین عەبدولعزیز | گۆران | ٠ | ٠ | بایکۆتی دانیشتنی (٤) |
| ٦٧ | گۆران عومەر عەلی | گۆران | ٠ | ٠ | بایکۆتی دانیشتنی (٤) |
| ٦٨ | شایان کاکە سالح | گۆران | ٠ | ٠ | بایکۆتی دانیشتنی (٤) |
| ٦٩ | یاسین خزر تەها | گۆران | ٠ | ٠ | بایکۆتی دانیشتنی (٤) |
| ٧٠ | رزگار محەمەد مەحمود | گۆران | ٠ | ٠ | بایکۆتی دانیشتنی (٤) |
| ٧١ | ئاشنا عەبدوڵڵا قادر | گۆران | ٠ | ٠ | بایکۆتی دانیشتنی (٤) |
| ٧٢ | جەلال محەمەد ئەمین | گۆران | ٠ | ٠ | بایکۆتی دانیشتنی (٤) |
| ٧٣ | شاخەوان رەئوف مستەفا | گۆران | ٠ | ٠ | بایکۆتی دانیشتنی (٤) |
| ٧٤ | دابان محەمەد حسێن | گۆران | ٠ | ٠ | بایکۆتی دانیشتنی (٤) |
| ٧٥ | بەلێن ئیسماعیل حاجی | گۆران | ٠ | ٠ | بایکۆتی دانیشتنی (٤) |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٧٦ | گولیستان سەعید محەمەد | گۆران | ٠ | ٠ | بایكۆتی دانیشتنی (٤) |
| ٧٧ | سۆران عومەر سەعید | كۆمەڵ | ٢ | ٠ | بایكۆتی دانیشتنی (٤) |
| ٧٨ | عەبدولستار مەجید قادر | كۆمەڵ | ٠ | ٠ | بایكۆتی دانیشتنی (٤) |
| ٧٩ | عوسمان عەلی سمایل | كۆمەڵ | ٠ | ٠ | بایكۆتی دانیشتنی (٤) |
| ٨٠ | هەورامان حەمەشەریف حەمە | كۆمەڵ | ١ | ٠ | بایكۆتی دانیشتنی (٤) |
| ٨١ | موسلیم عەبدولا ڕەسوڵ | كۆمەڵ | ٠ | ٠ | بایكۆتی دانیشتنی (٤) |
| ٨٢ | بەدریە ئیسماعیل مەحموود | كۆمەڵ | ١ | ٠ | بایكۆتی دانیشتنی (٤) |
| ٨٣ | ڕووپاك ئەحمەد ڕەحمان | كۆمەڵ | ٠ | ٠ | بایكۆتی دانیشتنی (٤) |
| ٨٤ | كازم فاروق نامیق | نەوەی نوێ | ٠ | ٠ | بایكۆت دانیشتنەكانی ژمارە (٤،٢) |
| ٨٥ | كاوە عەبدولقادر حەسەن | نەوەی نوێ | ٠ | ٠ | بایكۆت دانیشتنەكانی ژمارە (٤،٢) |
| ٨٦ | سیپان سالم حەسەن | نەوەی نوێ | ٠ | ٠ | بایكۆت دانیشتنەكانی ژمارە (٤،٢) |
| ٨٧ | مژدە محمود محەمەد | نەوەی نوێ | ١ | ٠ | بایكۆت دانیشتنەكانی ژمارە (٢،٤) |
| ٨٨ | شێركۆ جەودەت مستەفا | یەكگرتوو | ١ | ٠ | بایكۆتی دانیشتنی (٤) |
| ٨٩ | ئیسماعیل عەلی تەها | یەكگرتوو | ٢ | ٠ | بایكۆتی دانیشتنی (٤) |
| ٩٠ | ئەبوبەكر عومەر عەبدولا | یەكگرتوو | ٠ | ٠ | بایكۆتی دانیشتنی (٤) |
| ٩١ | سەرچنار ئەحمەد مەحمود | یەكگرتوو | ٠ | ٠ | بایكۆتی دانیشتنی (٤) |
| ٩٢ | هەلز ئەحمەد محەمەد | یەكگرتوو | ٠ | ٠ | بایكۆتی دانیشتنی (٤) |
| ٩٣ | دیاری ئەنوەر حەمەرەحیم | سەربەخۆ | ٠ | ٠ | بایكۆتی دانیشتنی (٤) |
| ٩٤ | مەم بورهان قانع | سەربەخۆ | ١ | ٠ | بایكۆتی دانیشتنی (٤) |
| ٩٥ | سیروان فەرەج محەمەد | سەربەخۆ | ٠ | ٠ | بایكۆتی دانیشتنی (٤) |
| ٩٦ | ڕۆمیۆ حوزەیران نیسان | هـ.ی.ن | ٠ | ٠ | |
| ٩٧ | جنان جەبار بویا | هـ.ی.ن | ٠ | ٠ | |
| ٩٨ | ڕۆبینە ئۆمیلك عەزیز | هـ.ی.ن | ١ | ٠ | |
| ٩٩ | محەمەد سەعدەدین ئەنوەر | گەشەپێدانی توركمان | ٠ | ٠ | |
| ١٠٠ | سارا دڵشاد بەكر | گەشەپێدانی توركمان | ٠ | ٠ | |
| ١٠١ | باپیر كامەلا سەلمان | هاوپەیمانی سەردەم | ٣ | ٠ | |
| ١٠٢ | محێدین حەسەن یوسف | میللەت | ٠ | ٠ | |
| ١٠٣ | شادی نەوزاد وەهاب | سەربەخۆ | ٠ | ٠ | |
| ١٠٤ | هیمداد صالح بلال | بەرەی توركمان | ٠ | ٠ | |
| ١٠٥ | ئازاد ئەكرەم بەهرام | میللەت | ٠ | ٠ | |
| ١٠٦ | كلارا عودیشۆ یەعقوب | گەلی ك.س.ئ سریانی | ١ | ٠ | |
| ١٠٧ | فەرید یەعقوب ئیلیا | رافیدەین | ٣ | ٠ | |
| ١٠٨ | فاهیك كمال سوغون | ئەرمەن | ٠ | ٠ | |
| | **كۆی گشتی** | | **٣٨** | | |

- پوختەی دانیشتنی ژمارە(٦) لە (٢٠٢٠/٧/٢٧) كە بەشێكی مۆڵەت و ئامادەنەبوونی پەرلەمانتارانە لە دانیشتەكەدا، لە لایەن سكرتێری پەرلەمانەوە نەخوێندرایەوە، و پوختەی دانیشتنی ژمارە (٧)یش لە دانیشتنی كردنەوەی خولی پایزە لە (٢٠٢٠/٩/٢)، نەخوێندرایەوە، خشتەكە تەنها مۆڵەت و ئامادەنەبوونی (٥) دانیشتنە.
- ئامادەنەبوون و مۆڵەتی ئەندامان بە پێی دانیشتنەكان لە پێگەی پرۆژەی چاودێری پەرلەمان (payied.org) لەبەشی ئامادەنەبوونی پەرلەمانتاران هەیە.

## خشتەی ژمارە (١١)

## وتەی ئەندامان لە دانیشتنەکانی پەرلەمان

*ناوی پەرلەمانتاران لە خشتەکەدا بە پێی ژمارەی کورسی فراکسیۆنەکان لە گەورەوە بۆ بچوک ریزکراوە.

*لە خولی بەهارەدا کە ماوەکەی پێنج مانگ بوو، پەرلەمان (٧) دانیشتنی ئەنجامدا، حەوت خانە بۆ دانیشتنەکان دانراوە.

*لەم خشتەیەدا بەشداری دەستەی سەرۆکایەتی و ئەندامانی لیژنەکان کە لەسەر مەنەس بوون و راپۆرتیان هەبووە هەژمار نەکراوە.

| ژمارە | ناوی ئەندام | یەك | دوو | سێ | چوار | پێنج | شەش | حەوت | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | هێڤیدار ئەحمەد سەلمان | ١ | ٠ | ١ | ٠ | ١ | ١ | ١ | ٥ |
| ٢ | جەلال محەمەد عەبدولا | ٢ | ٠ | ١ | ٠ | ١ | ١ | ١ | ٦ |
| ٣ | سەروان محەمەد عەلی | ٠ | ٠ | ١ | ٠ | ١ | ٠ | ٢ | ٤ |
| ٤ | پێشەوا تاهر مستەفا | ٠ | ٢ | ١ | ١ | ١ | ٠ | ٢ | ٧ |
| ٥ | بەهجەت عەلی ئیبراهیم | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| ٦ | سەباح مەحمود محەمەد | ٠ | ١ | ١ | ٠ | ١ | ٠ | ٢ | ٥ |
| ٧ | رزگار عیسا سوار | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ١ | ١ | ٢ |
| ٨ | ریڤینگ محەممەد محەمەد | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ١ | ٠ | ١ | ٢ |
| ٩ | حیکمەت محەمەد عبو زێد | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ١ | ١ | ٢ |
| ١٠ | ئومێد عەبدولرەحمان حەسەن | ١ | ٢ |  | ١ | ١ | ١ | ٢ | ٨ |
| ١١ | شوان کریم محەممەد صادق | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ١ | ١ |
| ١٢ | سەلام عەبدولا حەسەن | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ١ | ١ |
| ١٣ | بژار خالید عەبدوللا | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ١ | ١ | ٢ |
| ١٤ | رێبوار عەبدولرەحیم عەبدولا | ٥ |  | ٢ | ١ | ١ | ٠ | ٢ | ١١ |
| ١٥ | وەیسی سەعید وەیسی | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ١ | ١ | ٢ |
| ١٦ | موحسین حوسێن مستەفا | ٠ | ٠ | ١ | ٠ | ١ | ٠ | ١ | ٣ |
| ١٧ | سەفین ئاغا عومەر | ١ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ١ | ٢ |
| ١٨ | مەم ئەسکەندەر مەم | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ١ | ٠ | ١ | ٢ |
| ١٩ | ئەرشەد حسێن محەمەد | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| ٢٠ | زانا خالید سمایل | ٠ | ١ | ١ | ٠ | ٠ | ١ | ١ | ٤ |
| ٢١ | ئیحسان محەممەد سەلیم | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ١ | ١ | ٢ |
| ٢٢ | بەهمەن کاك عەبدوللا ئەحمەد | ١ | ٠ | ١ | ٠ | ١ | ٠ | ١ | ٤ |
| ٢٣ | بەختیار شوکری سلێمان | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| ٢٤ | جیهاد حەسەن ئیبراهیم | ٠ | ٠ | ١ | ٠ | ٠ | ٠ | ١ | ٢ |
| ٢٥ | سەعید مستەفا تەتەرخان | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ١ | ١ |
| ٢٦ | خەدیجە عومەر تەها | ٠ | ٠ | ١ | ٠ | ٠ | ١ | ١ | ٣ |

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٧ | ئیدریس ئیسماعیل عبوش | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| ٢٨ | نزار عەبدولغەفار عەزیز | ١ | ٠ | ١ | ٠ | ١ | ٠ | ١ | ٤ |
| ٢٩ | چیا حەمید شەریف | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ١ | ١ | ٢ |
| ٣٠ | زاهیر محەمەد عەلی | ٦ | ٠ | ٠ | ٠ | ١ | ٠ | ١ | ٨ |
| ٣١ | هەدیە موراد حەیدەر | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| ٣٢ | جوان یونس محەمەد | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ١ | ٠ | ٠ | ١ |
| ٣٣ | لیزا فەلەكەدین سابر | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ١ | ١ | ٢ |
| ٣٤ | رۆژان ئیبراهیم عەلی | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ١ | ١ | ٠ | ٢ |
| ٣٥ | لەیلا عەبدولجەبار حدو | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| ٣٦ | نەجات شەعبان عەبدولا | ٢ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٢ |
| ٣٧ | سەوسەن محەممەد میرخان | | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ١ | ١ | ٢ |
| ٣٨ | گوڵیزار رەشید حاجی | | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ١ | ٠ | ١ |
| ٣٩ | گەلاوێژ عوبێد عوسمان | ٢ | ١ | | ٠ | ٠ | ٠ | ١ | ٤ |
| ٤٠ | ژیان تاهیر ئەحمەد | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ١ | ٠ | ١ |
| ٤١ | حەسیبە سەعید ئیبراهیم | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ١ | ١ | ١ | ٣ |
| ٤٢ | گولستان باقی سلێمان | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| ٤٣ | زێدان ڕەشیدخان ئەودەل | ٠ | ٠ | ١ | ١ | | ٢ | ٢ | ٦ |
| ٤٤ | لەنجە ئیبراهیم عەبدولرەحمان | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ١ | ٠ | ١ |
| ٤٥ | شنۆ ئەشقی عەبدولا | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ١ | ١ | ٢ |
| ٤٦ | رۆژان محەمەد كەریم | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ١ | ١ |
| ٤٧ | جەمال حوێز مستەفا | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ١ | ١ |
| ٤٨ | زیاد جەبار محەمەد | ١ | | ١ | | ١ | ٠ | ٠ | ٣ |
| ٤٩ | عوسمان كەریم سوارە | ٢ | ٠ | ٠ | ٠ | ١ | ١ | ١ | ٥ |
| ٥٠ | سەركۆ ئازاد حسێن | | ١ | ٠ | ٠ | ٠ | ٢ | ١ | ٤ |
| ٥١ | هەژان حەسەن ئەحمەد | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| ٥٢ | عەباس فەتاح ساڵح | ٠ | ١ | ٠ | ٠ | ١ | ٠ | ١ | ٣ |
| ٥٣ | فەیسەڵ عەباس عەولا | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| ٥٤ | لوقمان حەمەد حاجی | ١ | ٠ | ١ | ٠ | ١ | ١ | ١ | ٥ |
| ٥٥ | هێرش حەسەن ئەحمەد | ٠ | ٠ | ١ | ٠ | ٠ | ٠ | ١ | ٢ |
| ٥٦ | هاوڕێ بەنا محەمەد | ٠ | ٠ | ١ | ٠ | ٠ | ٢ | ١ | ٤ |
| ٥٧ | شەمۆل ئاشتی سابیر | ٠ | ٠ | | ٠ | ٠ | ١ | ١ | ٢ |
| ٥٨ | بالانبۆ محەمەد عەلی | ٠ | ٠ | ١ | ٠ | ٠ | ٠ | ١ | ٢ |
| ٥٩ | كاروان عەبدولڕەحمان عەبدولا | ٢ | ٠ | ٢ | ٠ | ١ | ٠ | ٢ | ٧ |
| ٦٠ | زیكری ئەحمەد ئیسماعیل | ٠ | ٠ | ١ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ١ |
| ٦١ | عەبدولناسر ئەحمەد عەلی | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ١ | ١ | ٢ |

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٦٢ | سەلمە فاتح توفق | ١ | ٠ | ١ | ٠ | ٠ | ٠ | ١ | ٣ |
| ٦٣ | ڕاهی ڕەهبەر سەیدبرایم | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ١ | ١ |
| ٦٤ | شیرین یونس عەبدوڵا | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ١ | ١ |
| ٦٥ | عەلی حەمە ساڵح | ٠ | ١ | ٠ | ٠ | ١ | ٢ | ٢ | ٦ |
| ٦٦ | شیرین ئەمین عەبدولعزیز | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ١ | ١ | ٢ | ٤ |
| ٦٧ | گۆران عومەر عەلی | ٢ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ١ | ٣ |
| ٦٨ | شایان کاکە ساڵح | | ٠ | ٠ | ٠ | ١ | ١ | ١ | ٣ |
| ٦٩ | یاسین خزر تەها | ١ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ١ |
| ٧٠ | رزگار محەمەد مەحمود | ٢ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ١ | ١ | ٤ |
| ٧١ | ئاشنا عەبدوڵڵا قادر | ١ | ٠ | ٠ | ٠ | ١ | ٠ | ١ | ٣ |
| ٧٢ | جەلال محەمەد ئەمین | ٢ | ٠ | ١ | ٠ | ١ | ١ | ١ | ٦ |
| ٧٣ | شاخەوان ڕەئوف مستەفا | ١ | ٠ | ٠ | ٠ | ١ | ١ | ١ | ٤ |
| ٧٤ | دابان محەمەد حسێن | ١ | ٠ | ٠ | ٠ | | | ١ | ٢ |
| ٧٥ | بەڵێن ئیسماعیل حاجی | ٥ | ٢ | ١ | ٠ | ١ | ١ | ١ | ١١ |
| ٧٦ | گولیستان سەعید محەمەد | ٠ | ٠ | ١ | ٠ | ١ | ١ | ١ | ٤ |
| ٧٧ | سۆران عومەر سەعید | ١ | ١ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٢ |
| ٧٨ | عەبدولستار مەجید قادر | ٢ | ٠ | ٠ | ٠ | ٢ | ٠ | ٣ | ٧ |
| ٧٩ | عوسمان عەلی سمایل | ١ | ٠ | ٠ | ٠ | ١ | ٠ | ١ | ٣ |
| ٨٠ | هەورامان حەمەشەریف حەمە | ٢ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٢ |
| ٨١ | موسلیم عەبدوڵا ڕەسوڵ | ٢ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ١ | ٣ |
| ٨٢ | بەدریە ئیسماعیل مەحموود | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٢ | ٢ |
| ٨٣ | ڕووپاك ئەحمەد ڕەحمان | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ١ | ٠ | ٠ | ١ |
| ٨٤ | کازم فارووق نامیق | ٢ | ١ | ١ | ٠ | ١ | ١ | ٢ | ٨ |
| ٨٥ | کاوە عەبدولقادر حەسەن | ١ | ١ | ١ | ٠ | ١ | ١ | ٢ | ٧ |
| ٨٦ | سیپان سالم حەسەن | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ١ | | ١ | ٢ |
| ٨٧ | مژدە محمود محەمەد | ٠ | ٠ | ١ | ٠ | ١ | ٢ | ١ | ٥ |
| ٨٨ | شێرکۆ جەودەت مستەفا | ١ | ٠ | ١ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٢ |
| ٨٩ | ئیسماعیل عەلی تەها | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| ٩٠ | ئەبوبەکر عومەر عەبدوڵا | ٦ | ١ | ٠ | ٠ | ١ | ٠ | ٠ | ٨ |
| ٩١ | سەرچنار ئەحمەد مەحمود | ٠ | ٠ | ١ | ٠ | ١ | ٠ | ٠ | ٢ |
| ٩٢ | هەلز ئەحمەد محەمەد | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| ٩٣ | دیاری ئەنوەر حەمەرەحیم | ٢ | ١ | ٠ | ٠ | ١ | ٢ | ١ | ٧ |
| ٩٤ | مەم بورهان قانع | ٥ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٢ | ٣ | ١٠ |
| ٩٥ | سیروان فەرەج محەمەد | ١ | ١ | ١ | | ١ | ٢ | ٢ | ٨ |
| ٩٦ | ڕۆمیۆ حوزەیران نیسان | ٠ | ٠ | ٠ | ١ | ٠ | ٠ | ٠ | ١ |

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٩٧ | جنان جەبار بویا | ٠ | ٠ | ١ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ١ |
| ٩٨ | ڕۆبینە ئۆمیلك عەزیز | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| ٩٩ | محەمەد سەعدەدین ئەنوەر | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| ١٠٠ | سارا دڵشاد بەکر | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| ١٠١ | باپیر کامەلا سەلمان | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ١ | ١ |
| ١٠٢ | محێدین حەسەن یوسف | ٤ | ٠ | ١ | ٠ | ٠ | ٠ | ١ | ٦ |
| ١٠٣ | شادی نەوزاد وەهاب | ٠ | ٠ | ١ | ١ | ٠ | ١ | ١ | ٣ |
| ١٠٤ | هیمداد صالح بلال | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| ١٠٥ | ئازاد ئەکرەم بەهرام | ٠ | ٠ | ١ | ٠ | ٠ | ٠ | ١ | ٢ |
| ١٠٦ | کلارا عودیشۆ یەعقوب | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| ١٠٧ | فەرید یەعقوب ئیلیا | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| ١٠٨ | فاهیك كمال سوغون | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| | كۆی گشتی | ٧٤ | ١٨ | ٣٦ | ٦ | ٤١ | ٤٩ | ٩٠ | ٣١٤ |

*لەم خولەدا (١٨) پەرلەمانتار هیچ قسەیەکیان نەکردووە، (١٧) پەرلەمانتار یەك جار قسەیەکیان کردووە، (٢٧) پەرلەمانتار دوو جار قسەیەکیان کردووە ، (١٢) پەرلەمانتار سێ جار قسەیەکیان کردووە، (١١) پەرلەمانتار چوار جار قسەیەکیان کردووە، (٥) پێنج پەرلەمانتار پێنجار جار قسەیەکیان کردووە، (٥) پەرلەمانتار شەش جار قسەیەکیان کردووە ، (٥) پەرلەمانتار حەوت جار قسەیەکیان کردووە، (٨) پەرلەمانتار لە هەشت جار زیاتر قسەیەکیان کردووە.

*ئەگەر سەرنجی دانیشتنەکانی پەرلەمان بدەیت، بەڕوونی دیارە بەشداری چەندین ئەندام لە گفتوگۆکان تەنها لە پێناو قسەکردنە، نەك ئیزافەیەك بۆ گفتوگۆکان، یان خاڵێکی پەیڕەوی.

## خشتەی ژمارە (١٢)

## پوختەی کاری لیژنەکانی پەرلەمان:

| ژ | ناوی لیژنە | ژ. پرۆژەیاسا وبڕیارکە ئاراستەکراوە | ژ.ڕاپۆرتی نوسراو لەسەر پرۆژە یاساکان | ژ. کۆبوونەوە | دانیشتنی گوێ لە یەکگرتن | بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە | سەردانی مەیدانی | بەشداری وەزیر لە دانیشتنەکان | پێکهێنانی لیژنەی لاوەکی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | کاروباری یاسایی | ٤ | ٢ | ٩ | ١ | – | ١ | – | – |
| ٢ | دارایی و کاروباری ئابووری | – | – | ٥ | – | ١ | – | – | – |
| ٣ | کاروباری پێشمەرگە | – | – | ٥ | – | – | ٨ | – | – |
| ٤ | ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێییەکان | - | - | ٣ | - | - | ١ | - | - |
| ٥ | کشتوکاڵ و ئاودێری | – | – | ٢ | ٢ | – | ٣ | – | – |
| ٦ | پەروەردە و خوێندنی باڵا | - | - | ٧ | - | - | ١٨ | - | ٢ |
| ٧ | کاروباری تەندروستی و ژینگە | - | - | ٤ | - | - | ١١ | ١ | - |
| ٨ | کاروباری شەهیدان و جینۆساید | - | - | ٤ | - | - | - | ١ | - |
| ٩ | پەیوەندییەکان و ڕەوەندی کوردستانی | - | - | ٣ | - | - | ١ | - | - |
| ١٠ | ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم | - | - | ٢ | - | - | - | - | - |
| ١١ | وزە و سامانە سروشتیەکان و پیشەسازی | - | - | ١ | - | - | - | - | - |
| ١٢ | شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن | ١ | - | ٢ | - | - | ٩ | - | - |
| ١٣ | ئاوەدانکردنەوە و وەبەرهێنان | - | - | ٣ | - | - | - | - | - |
| ١٤ | ڕۆشنبیری و کۆمەڵگەی مەدەنی | ٢ | - | ٢ | - | - | ٢ | - | ١ |
| ١٥ | دەسپاکی | - | - | ٤ | ١ | - | ١ | - | - |
| ١٦ | کاروباری پەرلەمان و سکاڵا | - | - | ٣ | ١ | - | - | - | - |
| ١٧ | ئەوقاف و کاروباری ئایینی | - | - | ٤ | - | - | ٢ | - | - |
| ١٨ | کاروباری کۆمەڵایەتی و مافی مرۆڤ | - | - | ٢ | - | - | ٤ | - | ١ |
| ١٩ | داکۆکی کردن لە مافی ئافرەت | – | – | ٤ | – | – | – | – | ١ |
| | سەرجەم | ٧ | ٢ | ٦٩ | ٥ | ١ | ٦١ | ٢ | ٥ |

## بیرۆکەی ئەندامان

بەپێی خاڵی (٢)ی برگەی (یەکەم) لە مادەی (٤٩)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، هەر ئەندامێك، مافی هەیە لە ماوەیەك کە لە (١٠) دە خولەك تێپەڕ نەکات، بیرۆکەیەك بخاتەڕوو، لە دانیشتنی ژمارە (٢) لە (٢٠٢٠/٣/٤) پەرلەمانتار (سیروان فەرەج) ڕایگەیاند: لەسەرەتای مانگی (٢٠٢٠/٢)ە داوام پێشکەشکردووە بۆ خستنەڕووی بیرۆکەیەك لەسەر کێشەی هەزاران پەنابەر، بەڵام تا ئیستا نەخراوەتە بەرنامەی کار، ئێستا لێرەوە داوا دەکەم مۆڵەتم بدەن بیرۆکەکەم بخەمەڕوو، بەڵام سەرۆکی پەرلەمان بە بۆنەی نەبوونی ئەو برگەیە لە بەرنامەی کار دەرفەتی نەداو تا کۆتایی خولیش بیرۆکەکە نەخرایە بەرنامەی کارەوە.

## ئەرکەکانی پەرلەمان:

### یەکەم- ئەرکی یاسادانان:

#### ١-دانیشتنەکانی پەرلەمان:

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، خولی گرێدان، چوار مانگ یاسادانان و دوو مانگ پشووە، بەڵام بەهۆی پێشکەشکردنی چەندین یاداشت لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە لەسەر پرسەکانی (تەندروستی، دابەشنەکردنی مووچە، بڕینی لە (٢١٪) مووچەی مووچە خۆران، گفتوگۆکانی نێوان بەغداد و هەرێم، بیست و حەوت ملیار قەرزی سەر حکومەت، بۆردومانەکانی ناوچە سنووریەکانی هەرێم، پرسی دەروازە سنوریەکان)، خولی بەهارە لە دانیشتنی ژمارە (٥) لە (٢٠٢٠/٦/٢٩) بۆ ماوەی یەك مانگ درێژکرایەوە.

لەم خولەدا (٧) دانیشتنی پەرلەمان سازکراوە، خوێندنەوەی یەکەم بۆ (٤) (پێشنیاز و پرۆژە یاسا و بڕیار) کراوە، خوێندنەوەی دووەم بۆ (١) پێشنیازەیاسا کراوە، تەنها (١) یاسا و (١) بڕیار پەسەندکراون، ئەمە لە کاتێکدا بە پێی ماددەی (٥١) لە پەیڕەوی ناوخۆ، ڕۆژانی (سێ شەممە، چوار شەممە)ی هەموو هەفتەیەك بۆ دانیشتنی پەرلەمان تەرخانکراوە، واتە دەبوو پەرلەمان نزیکەی (٤٠) دانیشتن ئەنجام بدات، لە بارەی کەم ئەنجامدانی دانیشتنەکان سەرۆکی پەرلەمان، چوار لێدوانی جیاوازی هەیە:

١–ڕۆژی (٢٠٢٠/٣/٣١) لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیدا، لە وەڵامی ئەوەی بۆچی پەرلەمانی کوردستان کۆنابێتەوە لەسەر قەیرانەکانی بەرۆکی هەرێمی کوردستانی گرتووە، وتی:"پێم خۆشە روون و راشکاوبین، پێم وایە ئێمە کۆبوونەوەی نا ئاسایش بکەین تەنها شۆ دەبێت، وەك ئەوەی ببێتە هۆی چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی ئێستا لە کوردستان پێوەی دەناڵێنین، چونکە ئێمە لە رابردووشدا تاقیمانکردۆتەوە لە هەندێك هەل و مەرجدا بڕیاری ئیلزامی لە پەرلەمانەوە دەرچووە، بەڵام حکومەت جێبەجێی نەکردووە، وەك ئەو بڕیارەی لە خولی رابردووی پەرلەماندا دەرمانچواند لەسەر هاوتاکردنی مووچەی هێزەکانی پێشمەرگە و ناوخۆ، بەڵام ئێستاش جێبەجێنەکراوە.

٢–ڕۆژی (٢٠٢٠/٥/٧) لەدوای دانیشتنی ژمارە (٤) و هەڵگرتنی پارێزبەندی لەسەر (سۆران عومەر) سەرۆکی پەرلەمان لە بەردەم راگەیاندنەکان، وتی:"پەرلەمان کۆنابیتەوە تاوەکو بەوشێوەیی لێنەیت کە خواستی هەموو ئەو هێزانەیە کە لەناو پەرلەمانی کوردستاندا ئامادەییان هەیە، وە پەرلەمان ئەو کاتە کۆدەبێتەوە کەباس لەکێشەکانی خەڵی کوردستان بکات، ئەو کاتە کۆدەبێتەوە کە بەشکۆیەکی تایبەت وە بەمتمانەیەکی تایبەت بچێتەوە".

٣–ڕۆژی (٢٠٢٠/٦/٢٤) دوای کۆتایی هاتنی دوو هەفتە لە کەرەنتینەکردنی پەرلەمان، سەرۆکی پەرلەمان، وتی:"کەرەنتیەنە تەواوبووە، لە ئێستادا هیچ رێگرییەکی سیاسی و قانوونی نیە بۆ دەستپێکردنەوەی دانیشتنەکانی پەرلەمانی کوردستان، بۆ ئێمە گرنگە بە بابەتی گرنگ دەست بە کۆبوونەوەکان بکەینەوە، ئێمە لە پەیوەندی بەردەوامین لەگەڵ بەرێز سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی بۆ ئەوەی کە خشتەی قەرزەکانی حکومەت ئامادەببێت، وە چاوەرێی چارەنووسی رێککەوتنی نێوان حکومەتی هەرێم و ناوەندین، کە ئەو دووبابەتەمان بۆ یەکلاییبووە، دانیشتنێکی گرنگ دەکەین سەبارەت بە دۆخی دارایی لە هەرێمی کوردستان، بابەتی مووچە، بابەتی قەرزەکان".

٤–لە دانیشتنی ژمارە (٦) لە (٢٠٢٠/٧/٢٦) لەسەر کۆنەبوونەوەی پەرلەمان، سەرۆکی پەرلەمان، وتی:"جگە لە دۆخی کۆرۆنا کە پەرلەماناتی دنیا بەکەمی کۆدەبنەوە، ئێمە قەیرانێکی سیاسی دروستکراومان هەبووە لە ناو پەرلەمانی کوردستاندا، من وەك سەرۆکی پەرلەمان گیرۆدەی ئەو دۆخە سیاسیە بووم کە هێنراوەتە ناو پەرلەمان کوردستان، دووبارە کردنەوەی ئەمەی بۆچی پێنج مانگە جەلسە نەکراوە، پێنج مانگە جەلسە نەکراوە چونکە من

دەست و پێم پێوەند بووە نەمتوانیوە جەلسەکانی پەرلەمان کوردستان بەڕێوەببەم، هیوادارم ئەم بابەتی موزایەدە کردنە بەسەر سەرۆکی پەرلەمانە هەمومان وازی لێبهێنین، ئەگەر هۆکارێك هەبوبێت بۆ ئەنجامنەدانی کۆبوونەوە لە ماوەی پێنج مانگی رابردوودا، خەتای سەرۆکی پەرلەمان بووە دۆخێکی سیاسی نا جۆر وای کردووە کە سەرۆکی پەرلەمان کۆبوونەوە نەکات ، وە وەرگرتنی خالّی پەیرەوی لەسەر ئەوەی کۆبوونەوە نەکراوە و ناکرێت هەڵدەگرین، خەتای منە، من بەرپرسم، من داوای لێبوردن لە خەڵکی کوردستان ئەکەم".

ئەگەر سەرەنجی لێدوانەکانی سەرۆکی پەرلەمان بدەین لەسەر ئەنجام نەدانی دانیشتنەکان پڕە لە دژیەکی، لەگەڵ ئەوەشدا، داننان بەوەی دەست و پێوەند کرابووم نەمدەتوانی دانیشتنەکان بەرێوەبەرم، هیچ لە بەرپرسیارییەتی سەرۆکی پەرلەمان کەمناکاتەوە بەرامبەر ئەو هەموو پێشلی پەیڕەوییە و لێدان لە شۆکی پەرلەمان.

***دانیشتنی کردنەوەی خولی بەهارە، لە (٢٠٢٠/٠٣/٠١ ) .**

**بەرنامەی کاری دانیشتنەکە :**

یەکەم: یەك دەقیقە بێ دەنگ وەستان بۆ رێزلێنان لە گیانی شەهیدانی کوردستان و عێراق لەگەڵ مارشی نەتەوەیی.

دووەم: کردنەوەی خولی بەهارەی ساڵی دووەم لە خولــی هەڵبژاردنی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان.

سێیەم: وتاری سەرۆکی پەرلەمان بەبۆنەی کردنەوەی خولی بەهارە.

چوارەم: خوێندنەوەی دووەمی پێشنیازەیاسای (بەرەنگاربوونەوەی بەقاچاغبردنی نەوت و لێدەرهێنراوەکان لە هەرێمی کوردستان–عێراق).

**چەند سەرەنج و زانیارییەك لەسەر ئەم دانیشتنەکە :**

١-پوختەی دانیشتنی پێشوو نەخوێندرایەوە، ئەمەش پێشلی ماددەی (٥٢) برگەکانی (دووەم و سێیەم)ی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانە.

٢- بەر لەخستنەڕووی خاڵەکانی دیکەی بەرنامەی کاری دانیشتنەکە، خاڵێکی پەیرەوی لەبارەی دواکەوتنی وەڵامی پرسیاری پەرلەمانتاران ئاراستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان کراو و سەرۆکی پەرلەمان لەسەر ئەو پرسە وتی:"لەئێستادا زیاتر لە ١١٥ پرسیاری پەرلەمانتاران کە ئاراستەی ئەندامانی کابینەی وزاریی حکومەتی هەرێم کراون وەڵامنەدراونەتەوە. بۆیە لێرەوە رایدەگەیەنین ئێمە لەسەرۆکایەتیی پەرلەمان سەرجەم رێککارە یاساییەکانی پەیوەست بەئاراستەکردنی پرسیاری پەرلەمانتارانمان ئەنجامداوەو ئەو حاڵەتەی کەبوونی هەیە بەتایبەت لە وەرنەگرتنەوەی وەڵامەکان ئەوا بەپێی یاسا بەرکارەکان و پەیرەوی ناوخۆ رێککاری یاسایی دەستنیشانکراون بۆ قۆناغەکانی دوای وەرنەگرتنەوەی وەڵامی پرسیارەکانتان، لەبەر ئەو هۆکارە داوا دەکەین چیدیکە لەرێگەی خاڵی پەیرەوییەوە ئەو پرسە باس نەکرێت و بەڵکو پێویستە خۆتان رێککارە یاساییەکانی دیکە بگرنەبەر ئەگەر پێویستی کرد، چونکە لەبەرپرسیاریەتیی دەستەی سەرۆکایەتی دەرچووەو کەوتۆتە دەستی پەرلەمانتاران خۆیان".

٣- پەرلەمانتار (سۆران عومەر) خاڵێکی پەیرەوی وەرگرت، دەربارەی نەبوونی رای لیژنەی سامانە سروشتیەکان لە راپۆرتی هاوبەش کە لەلایەن لیژنەی یاساییەوە راستێندراوە لەسەر (پێشنیازی یاسای بەرەنگاربوونەوەی بە قاچاغبردنی نەوت و لێدەرهێنراوەکان لە هەرێمی کوردستان–عێراق)، کە لە دانیشتنەکە خوێندنەوەی دووەمی بۆکرا.

٤- لە دانیشتنەکەدا (١٠٠) پەرلەمانتار ئامادەبوون و (٨) پەرلەمانتاریش مۆڵەت بوون.

***دانیشتنی ژمارە (٢)، لە (٢٠٢٠/٠٣/٠٤) .**

**بەرنامەی کاری دانیشتنەکە:**

یەکەم: قبولکردنی دەستلەکارکێشانەوەی ئەندامی پەرلەمان (گوڵستان باقی سلیمان) لە (لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری)و زیادکردنی بۆ سەر (لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و داکۆکیکردن لەمافی مرۆڤ)، ئەم برگەیە جێبەجێ نەکرا.

دووەم: دەنگدان لەسەر پێشنیازەیاسای (بەرەنگاربوونەوەی بەقاچاغبردنی نەوت و لێدەرهێنراوەکان لەهەرێمی کوردستان–عێراق) .

سێیەم: قبولکردنی دەستلەکارکێشانەوەی ئەندامی پەرلەمان (شیرین یونس عبدالله) لە لیژنەی (پەیوەندییەکان و ڕەوەندی کوردستانی)و زیادکردنی بۆ سەر لیژنەی (داکۆکیکردن لەمافی ئافرەت)و زیادکردنی ئەندامی پەرلەمان (زیاد جەبار محەمەد) بۆ سەر لیژنەی پەیوەندییەکان و ڕەوەندی کوردستانی .

**چەند سەرەنج و زانیارییەك لەسەر ئەم دانیشتنەکە :**

١– بە دەنگی (٨٨) پەرلەمانتار پێشنیازە یاسای (بەرەنگاربوونەوەی بەقاچاغبردنی نەوت و لێدەرهێنراوەکانی لە هەرێمی کوردستان–عێراق)، پەسندکرا، بەڵام بەپێی زانیارییەکانی ئێمە لە ناوەراستی مانگی (٢٠٢٠/٥) هەردوو یاسای(بەقاچاخ بردنی نەوت، مادده هۆشبەرەکان) لەدوای تەواو بوونی ماوەی یاسایش بەلە لایەن سەرۆکی هەرێمەوە گەڕێندرایەوە بۆ پەرلەمان و تا کۆتای خولیش نەخرایە بەرنامەی کاری دانیشتنەکان.

٣–لە دانیشتنەکەدا (١٠٥) پەرلەمانتار ئامادەبوون و (٣) پەرلەمانتاریش مۆڵەت بوون.

٤– ژمارەیەکی زۆری ئەندامان لە ڕێگەی خاڵی پەیڕەوییەوە گلەیان لە بەرنامەی کار کرد و داوایان کرد ئەو یاداشانەی پێشکەشیان کردووە بخرێتە بەرنامەی کار.

***دانیشتنی ژمارە (٣)، لە (٢٠٢٠/٥/٦) .**

**بەرنامەی کاری دانیشتنەکە:**

یەکەم: خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیازەبڕیاری (پێشکەشکردنی پێشنیازەیاساو پێشنیازەبڕیار لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان، بەدەر لە حوکمی ماددەی (٨٢)ی پەیڕەوی ناوخۆ).

دووەم: خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پلانی (وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی)و (وەزارەتی پەروەردە) سەبارەت بەمامەڵەکردن لەگەڵ لێکەوتەکانی پەتای (کۆرۆنا) لەسەر پرۆسەی خوێندنی ساڵی (٢٠١٩ ـ ٢٠٢٠).

**چەند سەرەنج و زانیارییەك لەسەر ئەم دانیشتنەکە:**

١– سەرۆکی پەرلەمان، لەدوای وتەکانی سەرۆکی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا، وتی: "پرسیاری یەك ساڵی رابردووی لیژنەکەیان ئاراستەی وەزیرەکان کرد" وتیشی"ناحەقیشیان نیە، چونکە دەزانن وەزیرەکان نابینیتەوە"، دواتر پێش دەسپێکی پرسیاری ئەندامان لە وەزیرەکان وتی: پرسیاری زۆرمەکەن با وەزیرەکان نەترس و بێتەوە پەرلەمان، ئەم وتانە دژە یەکە لەگەڵ تێگەیستن لە کاری پەرلەمانی.

٢– لە دانیشتنەکەدا (١٠٣) پەرلەمانتار ئامادەبوون و (٥) پەرلەمانتاریش مۆڵەت بوون.

***دانیشتنی ژمارە (٤)، لە (٢٠٢٠/٥/٧) .**

**بەرنامەی کاری دانیشتنەکە:**

یەکەم: خستنەڕوو و دەنگدان لەسەر هەڵگرتنی پارێزبەندیی ئەو ئەندام پەرلەمانانەی خوارەوە بەپێی حوکمی ماددەی (٢٤) لەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان:

١ـ ئومێد عبدالرحمن حسن

٢ـ علی حمه صالح

٣ـ شیرین أمین عبدالعزیز

٤ـ سۆران عمر سەعید

دووەم: خوێندنەوەی دووەمی پێشنیازەبڕیاری (پێشکەشکردنی پێشنیازەیاساو پێشنیازەبڕیار لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان، بەدەر لە حوکمی ماددەی (٨٢)ی پەیڕەوی ناوخۆ).

**چەند سەرەنج و زانیارییەك لەسەر ئەم دانیشتنەکە:**

١–هەڵگرتنی پارێزبەندی لە پەرلەمانتاران کە یەکێك بوو لە بڕگەکانی بەرنامەی کار، بووە هۆی بایکۆت کردنی دانیشتنەکە لەلایەن سەرۆکی پەرلەمان و (٥٣) پەرلەمانتار لە فراکسیۆنەکانی (یەکێتی، گۆڕان، کۆمەڵی ئیسلامی، یەکگرتووی ئیسلامی، ئازادی، سەربەخۆکان).

٢– دەنگدان لەسەر هەڵگرتنی پارێزبەندی لەسەر پەرلەمانتاران بەم شێوەیە بوو:

أ–ئومێد عبدولرەحمان حەسەن– ٣ دەنگی هێنا.

ب–عەلی حەمە ساڵح– ٤ دەنگی هێنا.

پ–شیرین ئەمین عبدولعەزیز– ٤ دەنگی هێنا.

ت–سۆران عومەر سەعید– ٥٧ دەنگی هێنا.

٣–لە دانیشتنەکەدا (٥٥) پەرلەمانتار و جێگری سەرۆك و سکرتێری پەرلەمان ئامادەبوون، پەرلەمانتار (شادی نەوزاد)یش دوای (١١) خولەك، دانیشتنەکەی بەجێهێشت.

## *دانیشتنی ژمارە (٥)، لە (٢٠٢٠/٦/٢٩).

**بەرنامەی کاری دانیشتنەکە:**

یەکەم: دەنگدان لەسەر پێشنیازەبڕیاری (پێشکەشکردنی پێشنیازەیاساو پێشنیازەبڕیار لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان، بەدەر لە حوکمی ماددەی (٨٢)ی پەیڕەوی ناوخۆ).

دووەم: درێژکردنەوەی خولی بەهارەی ساڵی دووەم لە خولی هەڵبژاردنی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان، بەپێی بڕگەی چوارەم لەماددەی (٧)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

**چەند سەرەنج و زانیارییەك لەسەر ئەم دانیشتنەکە:**

١–چەندین پەرلەمانتار داوایان کرد سەرۆکی پەرلەمان روونیبکاتەوە بۆچی وێرای چەندین یاداشت بە ژمارەی یاسایی، سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی و وەزیرانی پەیوەندیدار لەسەر (لێبڕینی لە ٢١٪ ی مووچەی فەرمانبەران بۆ موچەی مانگی (٢٠٢٠/٢)، ٢٧ ملیار دۆلار قەرز، دۆخی خاڵە سنورییەکان و گومرگەکان، دۆخی تەندرووستی، دۆخی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم، دانوستانەکانی نێوان هەرێم و بەغداد، لەشکرکێشی سوپای تورکیا و ئێران و بۆردومانی ناوچە سنورییەکان) نەهاتوونەتە بەردەم پەرلەمان.

لە بەرامبەردا، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، سەبارەت بەراگەیاندنی ٢٧ ملیار دۆلار قەرز، وتی:"خۆتان دەزانن ئەو دۆسییەیە ئێستا لەلای دیوانی چاودێریی داراییە، ئێمە بە بەردەوامی لە پەیوەندین لەگەڵ دیوانی چاودێریی دارایی، تەنانەت ئەو بەیانییەش قسەمان لەگەڵ کردوون ئەوان ئەڵێن ئێمە یەکشەمە واتە (٢٠٢٠/٧/٥)

وردبینییەکانمان لەسەر ئەم بڕە قەرزەی کە ڕاگەیەندراوە تەواو دەبێت، دڵنیاتان دەکەین دوای ئەوەی کە وردبینیی دیوانی چاودێریی دارایی تەواو دەبیّ و ئەو لیستە، ئەو خشتە وردبینی کراوە دێتە پەرلەمانی کوردستان دەیدەینە لیژنەی دارایی و ڕاپۆرتیان ئامادە دەکەن کۆبوونەوەیەکی تایبەت بەئامادەبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بەو دۆسییەیە لە پەرلەمانی کوردستان ئەنجام دەدریّ".

سەبارەت بەبابەتی مووچەو قەیرانەکان و لێبڕینەکان و سەرجەم ئەو پرسە گرنگ و هەنووکەییانەی کە لەدانیشتنەکەدا باسکران، سەرۆکی پەرلەمان ڕایگەیاند: "ئێمە لەدەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان بڕیارمانداوە سەرجەم ئەو پرس و بابەتانە بەپێی ڕیزبەندی بخەینە بەرنامەی کاری دانیشتنەکان"، داواشی لە لیژنە تایبەتمەندەکان بە هەر پرسێك لەو پرسانە کرد لە بەدواداچوونەکانی خۆیان بەردەوام بن و ڕاپۆرت و یاداشتی خۆیان لەسەر ئەو پرس و بابەتانە ئامادە بکەن.

٢- خولی بەهارەی پەرلەمان، "بە مەبەستی ئەنجامدانی ژمارەیەك کۆبوونەوە سەبارەت بەدۆخی دارایی هەرێمی کوردستان، مووچە، قەرزەکان، ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، جێبەجێکردنی پرۆسەی چاکسازی و بەردەوامیی پرۆسەی چاکسازی لەخاڵە سنوورییەکان، گومرگەکان و باج و خەراج و ڕسومی گومرگی و بابەتی تەندروستی، لە شکرکێشی و تۆپبارانکردنی سنوورەکانی هەرێمی کوردستان، دانوستاندنەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکومەتی ناوەندی" بەدەنگی (٧٠) پەرلەمانتار بۆ ماوەی یەك مانگ لە ٧/١ەوە تا ٨/٣١ درێژ کرایەوە.

٣-لە دانیشتنەکەدا (٨٦) پەرلەمانتار ئامادەبوون و (٢٢) پەرلەمانتاریش مۆڵەت بوون.

٤-لەبارەی هەڵگرتنی پارێزبەندی لەسەر سۆران عومەر، پەلەمانتار ڕوپاك ئەحمەد لە فراکسیۆنی کۆمەڵ داوای ڕونکردنەوەی کرد کە بۆچی بڕیارەکەی سەرۆکی پەرلەمان جێبەجێ نەکراوە، سەرۆکی پەرلەمانی وتی: دوای بڵاوبوونەوەی لە وەقایع دەینێرن بۆ دادگاکان و دەچێتە بوار جێبەجیکردنەوە، دواتر پەرلەمانتار (ڕیبوار بابکەیی) وتی: بەپێی پەیڕەوی سەرۆکی پەرلەمان دەسەڵاتی نییە بڕیاری پەرلەمان هەڵوەشێنیتەوە بەڵکو دەبێت بە هەمان ڕێکاری دەرچوونی هەڵوەشێتەوە.

٥-گلەیی زۆری ئەندامان هەبوو لەسەر بەرنامەی کار و وەڵام نەداتەوە یاداشتەکان کە بەژمارەی یاسایی ئەندامن بە پێی ماددەی (٦٦) ی پەیڕەو پێشکەشی دەکەن.

***دانیشتنی ژمارە (٦)، لە (٢٠٢٠/٧/٢٧).**

**بەرنامەی کاری دانیشتنەکە:**

یەکەم: خوێندنەوەی یەکەم بۆ ئەم پرۆژە و پێشنیازە یاساییانەی خوارەوە:

١- پرۆژەیاسای (لەئەستۆکردنی فەرمانبەران لەهەرێمی کوردستان).

٢- پێشنیازی یاسای (بەڕێوەبردن و پاراستنی شوێنەوارو کەلەپوور لەهەرێمی کوردستان-عێراق).

٣- پێشنیازی یاسای (ڕێکخستنی میدیای ئەلیکترۆنی لەهەرێمی کوردستان-عێراق).

دووەم: دەنگدان لەسەر داواکاریی دەستلەکارکێشانەوەی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (سۆران عومەر سەعید) لەئەندامیەتیی پەرلەمان.

سێیەم: خوێندنەوەی ڕاپۆرت و گفتوگۆکردن سەبارەت بەم بابەتانەی خوارەوە:

١- خوێندنەوەی ڕاپۆرتی کۆبوونەوەی هاوبەشی لیژنەی (کاروباری پێشمەرگەو ناوچە کورستانیەکانی دەرەوەی هەرێم) سەبارەت بەدۆخی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و هێرشەکانی تیرۆریستانی داعش بۆ

سەر ناوچەکە، بەئامادەبوونی بەڕێز (وەزیری ناوخۆ)و (وەزیری کاروباری پێشمەرگە)و (وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دانووستاندن لەنێوان هەرێم و بەغدا)و دەستەی گشتیی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم.

٢- خوێندنەوەی ڕاپۆرتی هاوبەشی لیژنەی (کاروباری پێشمەرگە)و (ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجوومەنە خۆجێیەکان) و (پەیوەندییەکان و ڕەوەندی کوردستانی) سەبارەت بەدۆخی ناوچە سنوورییەکان.

٣- خوێندنەوەی ڕاپۆرتی لێژنەی تەندروستی سەبارەت بەپەتای (کۆرۆنا) کۆڤید١٩، بەئامادەبوونی (وەزیری ناوخۆ)و (وەزیری تەندروستی) .

چوارەم: خوێندنەوەی دووەم بۆ پێشنیازی یاسای (ماف و ئەرکی نەخۆش لەهەرێمی کوردستان) .

پێنجەم: خوێندنەوەی ڕاپۆرتی لێژنەی دارایی و کاروباری ئابووری سەبارەت بە (دۆخی دارایی و ئابووریی هەرێمی کوردستان) بەئامادەبوونی بەڕێزان وەزیری دارایی و ئابووری وەزیری پلاندان و وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دانووستاندن لەنێوان هەرێم و بەغداو سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران و سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیران .

**چەند سەرەنج و زانیارییەك لەسەر ئەم دانیشتنەکە:**

١- پوختەی دانیشتنی پێشوو نەخوێندرایەوە، ئەمەش پێشلی ماددەی (٥٢) بڕگەکانی (دووەم و سێیەم)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانە.

٢- لەکاتی خوێندنەوەی راپۆرتی لیژنە هاوبەشەکان لەسەر ناوچە کوردستانەیەکانی دەرەوەی هەرێم پەخشی ڕاستەوخۆی دانیشتنەکە ڕاگیرا.

٣- لەکاتی گفتوگۆ لەسەر دۆخی تەندووستی بەشێکی زۆری ئەندامان هۆڵەکەیان بەجێ هێشتبوو، هەر بۆیە لەلایەن پەرلەمانتارێکەوە داوای وەگرتنی ئامادبوون کرا، بەڵام داواکەی جێ بەجێ نەکرا، و ئامادەبوونی ئەو دانیشتنە لە دانیشتنی داهاتووش نەخوێندرایەوە.

## *دانیشتنی ژمارە (٧)، لە (٢٠٢٠/٧/٢٨).

**بەرنامەی کاری دانیشتنەکە:**

یەکەم: خوێندنەوەی ڕاپۆرتی لێژنەی دارایی و کاروباری ئابووری سەبارەت بە (دۆخی دارایی و ئابووریی هەرێمی کوردستان) بەئامادەبوونی بەڕێزان وەزیری (دارایی و ئابووری)و وەزیری (پلاندانان)و وەزیری (هەرێم بۆ کاروباری دانوستاندن لەنێوان هەرێم و بەغدا)و (سەرۆکی دیوانی ئەنجوومەنی وەزیران)و (سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیران).

دووەم: خوێندنەوەی دووەم بۆ پێشنیازی یاسای (ماف و ئەرکی نەخۆش لەهەرێمی کوردستان).

**چەند سەرەنج و زانیارییەك لەسەر ئەم دانیشتنەکە:**

١- ژمارەیەکی زۆر پرسیار ئاراستەی وەزیری دارایی کرا، کە بە پێی پەیڕەو ئەندامان دەیانتوتی پێشتر ئەو پرسیارانە بنێرن، خۆ ئەگەر ناردویانە و وەڵامیان نەدراوەتەوە، دەبوو لە جیاتی بانگهێشت کردنی بە ماددەی (٦٦) بۆ گفتوگۆ، بە ماددەی (٦٩) پرسانەدن بکەن.

٢- سەرۆکایەتی پەرلەمان چەندین جار بەڵێنی وەرگرتنی وەڵامی پرسیارەکانی بە ئەندامانیدا، بەڵام لە دوای کۆتایی هاتنی وتەی وەزیرەکان، سەرۆکی پەرلەمان بە خێرایی دانیشتنەکەی کۆتای پێهێنا.

## ٢-لیژنە هەمیشەییەکان:

لەم خولەدا، خوێندنەوەی یەکەم بۆ (٤) پێشنیاز و پرۆژەیاسا و بڕیار کراوە، دەبوو لیژنەکان لە ماوەی (٢١) رۆژدا، (٧) راپۆرت بنووسن، بەڵام تەنها (١) راپۆرت نوسراوە، دۆخی لیژنە هەمیشەییەکان لە سەرەتای خولی پێنجەوە خراپە،لە (٢٠١٨/١١/٦ تا ٢٠٢٠/٢/٢٩) واتە بە (١٥) مانگ و (٢٤) رۆژ، خوێندنەوەی یەکەم بۆ (٢٦) پێشنیاز و پرۆژەیاسا و بڕیار کراوە و ئاراستەی لیژنە هەمیشەییەکان کراوە و دەبوو لە ماوەی (٢١) رۆژدا (٥٧) راپۆرتی لەلایەن لیژنە هەمیشەییەکانەوە بنوسرایە، بەڵام تەنها (٣٣) راپۆرت نوسراوە.

بەپێی ماددەی (٣٦)ی پەیرەوی ناوخۆ، (١٠) ئەندام یان فراکسیۆنێك، دەتوانن لە دوای تێپەڕ بوونی (٤٥) چل و پێنج رۆژ، بەسەر ئاراستەکردنی پرۆژەیەك بۆ لیژنەی تایبەتمەند، دەتوانن داوای روونکردنەوە لە بارەی ئەو پرۆژەیە لە لیژنەکە بکەن، بەڵام تا ئێستا ئەم هەنگاوە پەیڕەوییە نەگیراوەتەبەر.

ئەرکێکی تری لیژنە، بەپێی ماددەی (٤١)ی پەیڕەو، بەداوداچوونە لەسەر ئاستی جێبەجێکردنی یاساکان، بەڵام بە وەرگرتنی چەند نموونە لە خولی بەهارە بۆمان دەردەکەوێت لیژنەکان ئەو ئەرکەیان جێ بەجێ نەکردووە، ئەگەر کاریشی لەسەر کرابێت ئەنجامی نەبووە و دۆخەکە وەك خۆی ماوەتەوە، بۆ نموونە: **(مردنی دەیان کەس لە نەخۆشخانەکانی هەرێم لە بەرنەمانی ئۆکسجین، بڕینی لە (٢١٪) مووچەی مووچە خۆران، دەستگیرکردنی دەیان (چالاکەوان، خۆپیشاندەر بەتایبەتی رەشبگیری ناوچەی بادینان) لە کاتی داواکردنی مافەکانیان و دەستگیرکردنی دەیان (رۆژنامەنووس) لەکاتی ئەرکدا، بێدەنگی پەرلەمان بەرامبەر قەرەبوو نەکردنەوەی زیان لێکەوتوانی کارەساتی لافاو لە ناوچەی باڵەکایەتی، لە کاتێکدا زیان لێکەوتوانی هەمان کارەسان لە ناوچەکانی بادینان بە بڕی (٣) ملیار دیار قەرەبووکرانەوە، پێشلی یاسایی رێکخراوەکان و تەعمیم کردنی نوسراو بۆ تەنها رێکخراوێك لەلایەن وەزارەتی ناوخۆ بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەوان لە جیاتی هەموو رێکخراوەکان)**. کە ئەمانە چەند نموونەیەکن لە ئەرکی بەدواداچوونی لیژنەکان و دەبوو لەسەر ئەو پێشێلکاریانە کاری بە ئەنجام بکرایە و وەزیری پەیوەندیدار پرساندنی لێبکرایە، دۆخی بەدوادانەچوون لەسەر جێبەجێکردنی یاساکان لە خولەکانی پێشووش هەروهایە، بۆ نموونە دەیان جار یاسای ژمارە (٣٥)ی ساڵی (٢٠٠٧) رۆژنامەنوسی پێشێلکراوە، بەڵام بەیاننامە نەبێت هیچ رێکارێکی تر نەگیراوەتەبەر. ئەو ماددانەی دەسەڵات بە لیژنە هەمیشەییەکان، ئەرکی چاودێری راپەڕێنن بریتین لە: ماددەکانی (٤٠ تا ٤٤) بەڵام کەمترین ئەدای ئەم ئەرکە پەیڕەوییانە کراوە.

سەبارەت بە ئامادەبوونی ئەندامان، لە کۆبوونەوەی لیژنەکان و چەندین ئەرکی تری پەیڕەوی، رۆژی (٢٠٢٠/٧/٢٩) لە ماڵپەری فەرمی پەرلەمان هەڵسەنگاندنی کاری لیژنەکان لە ماوەی (٧) مانگی ساڵی (٢٠٢٠) بڵاوکرایەوە، وێرای چەندین سەرەنج لەسەر ئەو هەڵسەنگاندنە، بەڵام دەستخۆشی لەسەرۆکایەتی پەرلەمان و کاروباری لیژنەکان دەکەین و خوازیارین ئەو هەڵسەنگاندنە فراوانتر بکرێت و هەموو بوارەکانی (کارگێڕی و دارایی) پەرلەمان بگرێتەوە، ئێمە لە ئیستتیوتی پەی زیارە لە (٧) ساڵە کار دەکەین بۆ چەسپاندنی پرەنسیپی چاودێری و هەڵسەنگاندن و ئەم کارەش بەرز دەنرخێنین.

## دووەم- ئەرکی چاودێری

سەبارەت بە ئەرکی چاودێری لەسەر دامەزراوەکانی جێبەجێکردن، پەرلەمانتاران دەتوانێت پشت بەست بە ماددەکانی (٥٨ تا ٧٦)، ئەم هەنگاوانە بگرێتەبەر لە پێناو ئەنجامدانی ئەرکی چاودێری لەسەر دامەزراوەکان، بۆ ئەم خولە پەرلەمانتاران سێ هەنگاویان گرتۆتەبەر:

| ژمارە | هەنگاوەکان | تێبینی | ئاستی جێبەجێ کردن |
|---|---|---|---|
| ١ | پرسیار | *(١١٦) پرسیاری ئەندامان لە خولەکانی گرێدانی پێشوو لە (٢٠١٩/٣/١ تا ٢٠٢٠/٢/٢٩) وەلام نەدراوەتەوە، بۆ خولی بەهارە ژمارەی پرسیارەکان ئاشکرا نەکراوە. | بەردەست نیە وەلامی چەند پرسیار دراوەتەوە. |
| ٢ | خستنەرووی بابەتێکی گشتی بۆ گفتوگۆ بەپێی ماددەی (٦٦) برگەی یەکەم. | ١-لە (٢٠٢٠/٣/٨) بە مەبەستی بەرزراگرتنی قوربانیانی کیمیابارانی کردنی هەڵەبجە (٦٢) پەرلەمانتار لە فراکسیۆنەکانی (یەکگرتوو، یەکێتی، گۆران، کۆمەڵ، پارتی، میللەت، ئازادی، هاوپەیمانی نەتەوەیی، بەرەی تورکمانی، گەلی (کلدانی، سریانی، ئاشوری)، گەشەپێدانی تورکمانی، و پەرلەمانتاران مەم بورهان و دیاری ئەنوەر) داوایانکرد ڕۆژی (٣/١٦) دانیشتنێکی پەرلەمان لە هەڵەبجە ببەسترێت. | داواکەیان جێبەجێ نەکرا. |
| | | ٢- لە (٢٠٢٠/٥/٧) لەلایەن (١٠) پەرلەمانتار لە فراکسیۆنەکانی (کۆمەڵ، یەکێتی، مەم بورهان) داواکرا بابەتی (بەداخراوی هێشتنەوەی مزگەوتەکانی هەرێمی کوردستان) بخرێتە بەرنامەی کاری دانیشتن. | داواکەیان جێبەجێ نەکرا. |
| | | ٣-لە (٢٠٢٠/٥/١٣) لەلایەن (١١) پەرلەمانتار لە فراکسیۆنەکانی (پارتی، یەکێتی، هاوپەیمانی نەتەوەیی، گۆران، ئازادی، سیروان بابان) داواکرا، دانیشتنێکی تایبەت ئەنجام بدرێت لەسەر (کێشەو گرفتەکانی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان). | لە دانیشتنی ژمارە (٦) لە ڕۆژی (٢٠٢٠/٧/٢٧) داواکەیان خرایە بەرنامەی کار. |
| | | ٤-لە (٢٠٢٠/٥/٢٧) لەلایەن (١٧) پەرلەمانتار لە فراکسیۆنەکانی (کۆمەڵ، یەکگرتوو، نەوەی نوێ، ئازادی) داواکرا دانیشتنێکی ئاسایی ئەنجام بدرێت لەسەر ڕاگەیاندنی (٢٧) ملیار دۆلار قەرز لەسەر حکومەتی هەرێم، بە ئامادەبوونی سەرۆکی و جێگری ئەنجومەنی وەزیران و وەزیری دارایی. | داواکەیان جێبەجێ نەکرا. |
| | | ٥-لە (٢٠٢٠/٦/٧) لەلایەن (١٢) پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆران، داواکرا بابەتی (دواکەوتنی مووچەی فەرمانبەران و ڕێگاکانی چارەسەر) بخرێتە بەرنامەی کار و سەرۆکی حکومەت، جێگری سەرۆکی حکومەت، وەزیری دارایی، بانگهێشتنی دانیشتنەکە بکرێن. | لە دانیشتنی ژمارە (٧) لە ڕۆژی (٢٠٢٠/٧/٢٨) لە چوارچێوەی گفتوگۆ لەسەر دۆخی دارایی هەرێم باسی ئەو پرسە کرا. |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | ٦-لە (٢٠٢٠/٦/٢٨) لەلایەن (١٢) پەرلەمانتار لە فراکسیۆنەکانی (کۆمەڵ، یەکگرتوو، ئازادی، سیروان بابان، دیاری ئەنوەر) داواکرا (لێبڕینی مووچەی مووچە خۆران) بخرێتە بەرنامەی نزیکترین دانیشتن. | لە دانیشتنی ژمارە (٧) لە ڕۆژی (٢٠٢٠/٧/٢٨) لە چوارچێوەی گفتوگۆ لەسەر دۆخی دارایی هەرێم باسی ئەو پرسە کرا. |
| | | ٧- لە (٢٠٢٠/٦/٢٩) لەلایەن (١٢) پەرلەمانتار لە فراکسیۆنی گۆڕان، داواکرا بابەتی (تۆپباران و داگیرکاری خاکی هەرێمی کوردستان لەلایەن تورکیا و وڵاتانی دراوسێوە) بخرێتە بەرنامەی کار، بە ئامادەبوونی وەزیری پێشمەرگە و بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە. | لە دانیشتنی ژمارە (٦) لە ڕۆژی (٢٠٢٠/٧/٢٧) داواکەیان خرایە بەرنامەی کار، بەڵام بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوە ئامادەی دانیشتنەکە نەبوو. |
| | | ٨- لە (٢٠٢٠/٧/٢٠) لەلایەن (١١) پەرلەمانتار لە فراکسیۆنەکانی (کۆمەڵ، یەکێتی، گۆڕان، یەکگرتوو)ەوە داواکرا پەرلەمان دانیشتنێکی ئاسایی ئەنجام بدات لەسەر بابەتی (کرێ و کرێنشینان لە هەردوو بواری بازرگانی و نیشتەجێ بوون). | داواکەیان جێبەجێ نەکرا. |
| ٣ | پرساندن | ١-لە (٢٠٢٠/٨/١٨) لەلایەن (٢٤) پەرلەمانتار لە فراکسیۆنەکانی (کۆمەڵ، یەکگرتوو، ئازادی، عەلی حەمە ساڵح، عەباس فەتاح، مەم بورهان، هاوڕێ مەلا ستار، سەرکۆ ئازاد، شایان کاکە ساڵح، سیروان بابان، دیاری ئەنوەر، شیرین یونس، شیرین ئەمین، گۆران عومەر) داوای لێپرسینەوە لە سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی و وەزیری دارایی دەکەن لەسەر لێبڕینی موچەی موچەخۆرانی هەرێمی کوردستان. | ڕۆژی (٢٠٢٠/٨/٣٠) سەرۆکی پەرلەمان لە نوسراوێکدا (٤) تێبینی لەسەر پرساندنەکە ئاڕاستەی (عەبدولستار مەجید) کرد و بەهۆی ئەو تێبینیانەوە پرساندنەکەی گەراندەوە بۆ ئەندامان. |
| ٤ | لێسەندنەوەی متمانە | نیە | |

*خشتەکە ئاماژەیەك نیشان دەدات، لە دوای وەڵام نەدانی (١١٦) پرسیار لەلایەن وەزیرەکانی حکومەتی هەرێمەوە تەنها لە(٢٠١٩/٣/١ تا ٢٠٢٠/٢/٢٩) کەچی پەرلەمانتاران تەنها یەك داوای پرساندیان پێشکەش کردووە، ئەویش لە (٢٠٢٠/٨/١٨) لە پشووی خولدا، پاشان سەرۆکی پەرلەمان لە بەر گرفتی شکلی لە (٢٠٢٠/٨/٣٠) پرساندنەکەی ڕەتکردەوە، ئەمە نیشانی لاوازی ئەدای ئەندامانە لە ئەرکی چاودێریدا، کە گرنگترین ئەرکی پەرلەمانییە.

## سێیەم: ئەرکی پەسەندکردنی بودجە

پرۆژەیاسایی بودجە وەك هەر یاسایەکی تر دێتە ناو پرۆسەی یاسادانان لە پەرلەمان، بەڵام ئەوەی جیای دەکاتەوە لە یاسایەکی تر، ئەوە بودجە کاریگەری لەسەر هەموو کۆمەڵگە هەیە و زامنی کار و گەشەکردن دەکات، بودجە لە داوی پەسەندکردنی دەبێتە گرنگترین پرس بۆ چاودێری پەرلەمان.

➢ پرۆژە یاسای بودجە:

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان دەبێت لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی هەموو ساڵێك ئەنجومەنی وەزیران، بودجەی خەملێنراو ڕەوانەی پەرلەمان بکات(٣)، بەڵام ماوەی (٧) ساڵە (٢٠١٤-٢٠٢٠) بودجە نەچۆتە پەرلەمان.

➢ ژمێرەی کۆتایی:

بەپێی ماددەی (٩٨) برگەی دووەم لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، لەسەر ئەنجومەنی وەزیران پێویستە، لە کۆتایی مانگی نیسانی هەموو ساڵێکدا، ژمێرەی کۆتایی ساڵی پێشوو، بۆ پەرلەمان بنێرێت. بۆ زانینی چۆنیەتی سەرفکردنی بودجەو بوارەکانی سەرفکردن، بەڵام ژمێرەی کۆتایی و بەیانی مالیش ماوەی (٩) ساڵە (٢٠١١-٢٠١٩) نەچۆتە پەرلەمان.

➢ بودجەی پەرلەمان:

لە پەیرەودا لە (٣) ماددەی پەیڕەوی باس لە بودجەی پەرلەمان دەکات، بەپێی ماددەی (١٦) برگەی حەوتەم، ئەرکی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانە لەگەڵ دیوانی پەرلەمان و لیژنە پەیوەندیدارەکان بودجەی ساڵانە و ژمێرەی کۆتایی پەرلەمان، ڕێکبخەن و بیخەن بەردەم پەرلەمان بۆ پەسەندکردن و سەرپەرشتیکردن و جێبەجێکردنی.

لە ماددەی (١٠٧) دا هاتووە، پەرلەمان بودجەیەکی تایبەتی دەبێت، کە سەرۆکایەتی دیوان، بە هەماهەنگیی لەگەڵ لیژنەی دەسپاکیی و کاروباری پەرلەمان و سکاڵا، ئامادەی دەکات و پاش پەسەندکردنی لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتی دەخرێتە نێو بودجەی گشتی.

لە ماددەی (١٠٨) بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری پەرلەمان، لە کۆتایی هەر ساڵێکی داراییدا هەڵدەستێت بە دانانی ژمێرەی کۆتایی و ڕێکارە کارگێڕییەکان دەخرێتە بەردەم دەستەی سەرۆکایەتی بۆ ڕازیبوون لەسەری و ڕەوانەکردنی بۆ لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری، بە مەبەستی پێداچوونەوە و بەرزکردنەوەی ڕاپۆرتێك لەوبارەیەوە، بۆ پەرلەمان.

پرسیار ئەوەیە پەرەمان بۆچی بودجەی خۆی دانانێت ؟! بۆچی ژمێرەی کۆتایی ساڵی (٢٠١٩)ی خۆی ناخاتە بەردەم پەرلەمان بۆ پەسەندکردن و ئاگاداربوونی پەرلەمانتاران و ڕایگشتی، لە کاتێکدا داوای بودجەی و ژمێرەی کۆتایی لە حکومەت دەکەن؟!.

---

(٣) – لە برگەی یەکەمی مادەی (٩٨)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەماندا هاتووە: یەکەم: لەسەرەتای مانگی تشرینی یەکەم بەر لە ساڵی دارایی بودجە دەگاتە پەرلەمان.

## ئەنجام

١–دانیشتنەکانی پەرلەمانی کوردستان، لە ئاستی چاوەڕوانییەکانی خەڵکی کوردستان نیە، پەرلەمان ناتوانێت دەوری مەرجەعی باڵای سیاسی و یاسایی هەرێم بگێڕێت، ئەمەش بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە، لەوانە (بڕوانەبوونی هێزە سیاسیە باڵا دەستەکانی هەرێم بە کاری پەرلەمان، زاڵبوونی هەژموونی حزبی بەسەر سەرۆکایەتی پەرلەمان).

٢–لەگەڵ ئەوەی (٩) ئەولەویەت بۆ خولی بەهارە راگەیەندرابوو، تەنها کاری یاسایی لەسەر (٢) پرس کرا، (١) یاسا و (١) بڕیار پەسەندکران.

٣–لیژنە هەمیشەییەکان ئەرکی پەیڕەوییان ئەنجام نادەن، لەم خولەشدا لە کۆی (٤) پێشنیاز و پڕۆژەیاسا کە خوێندنەوەیان بۆ کراوە، و دەبوو لەلایەن لیژنەکانەوە (٧) راپۆرتی لەسەر بنووسن، تەنها (١) راپۆرت نوسرا، دەیان یاسای بەرکار پێشلکراوە، نەیانتوانی ئەرکی پەیڕەوییە جێبەجێ بکەن .

٤–لە دۆخی چاودێری دامەزراوەکاندا، (١١٦) پرسیاری خولەکانی پێشوو تا خولی بەهارە وەڵام نەدراوەتەوە، جگە لە پرسیارەکانی ئەم خولە، پەرلەمانتاران (٨) یاداشت و یەك داوای پرسانەدنیان بە واژووی فەرمی ئاراستەی سەرۆکایەتی کرد، بەڵام تەنها کار لەسەر (٤) دانەیان کرا، کە جێگەی رەزامەندی ئەندامان نەبوو، کەچی تەنها یەك داوای پرساندن پێشکەشکراوە.

٥–لەم خولەشدا ژمێرەی کۆتایی ساڵی (٢٠١٩) و ساڵانی پێشوو نەچووە پەرلەمان.

٦–هەڵگرتنی پارێزبەندی لە پەرلەمانتار (سۆران عومەر) پێشهاتێکی مەترسیدار بوو بە ئاراستەی بەرتەسککردنەوەی ئازادی کار و وتەی پەرلەمانتار.

٧–بڵاونەکردنەوەی بڕیای ژمارە (٣٧) ی (٢٠٢٠/٦/١٤)ی سەرۆکی پەرلەمان دەربارەی هەڵوەشاندنەوی بڕیاری ژمارە (٤)ی هەڵگرتنی پارێزبەندی لە وەقایع و سایتی فەرمی پەرلەمان، دووپاتکردنەوەی هەوڵی پەراوێزخستنی پەرلەمانە لە لایەن دەسەڵاتی سیاسی، گومان خستە سەر نییەتی سەرۆکی پەرلەمانە لە کەیسی لادانی پارێزبەندی و رێزگرتن لە دەسەڵاتە پەیڕەوییەکانی.

٨–بێدەنگی سەرۆکایەتی پەرلەمان و لیژنە هەمیشەییەکان لەسەر پەلاماردانی پەرلەمانتاران (شیرین ئەمین، سپیان ئامێدی، عوسمان کانی کوردەیی، کاوەعەبدولقادر)، ئاماژەیەکی تر خراپی دۆخی پەرلەمانی کوردستانە.

٩–راگەیەندراوەکەی لیژنەی رۆشنبیری دەربارەی رەتکردنەوەی پێشنیازەیاسای (رێکخستنی میدیای ئەلیکترۆنی)، و رەتکردنەوەی (٤) پێشنیازە یاسای تر لە دوای خوێندنەوەی یەکەم، ئاماژەیەکی تری ترسناکە لەسەر دەسەڵاتی یاسایی پەرلەمان.

١٠–بەشێکی زۆر ئەندامانی ئەم خولەی پەرلەمان و خولەکانی پێشووش باسیان لە رەتکردنەوەی خانەنشینی و گەرانەوەی بۆ سەر کارەکانیان کردبوو، بەڵام رەتکردنەویە ئەو مافە بەتەنها لەلایەن (٧) پەرلەمانتارەوە، پێچەوانەیە لەگەڵ دروشمی زۆرێك لە پەرلەمانتاران لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا.

١١–چوونی (٩) وەزیر بۆ دانیشتنەکانی پەرلەمان، پێشینەیەکی باشە لە بەهێزکردنی ئەرکی چاودێری، بەڵام گرنگە ئەم بەدەمەوە چوونە تەنها بۆ میوانداری نەبێت، بەڵکو بۆ پرساندنیش ئامادەبن.

١٢–لە دەرەوەی وادەی یاسایی سەرۆکی هەرێم هەردوو یاسای (یاسای بەرەنگاربوونەوەی بە قاچاخبردنی نەوتی، بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر و کارتێکارە عەقڵییەکان)ی گەراندەوە پەرلەمان، کە ئەمەش پێشێلی پەیرەوی پەرلەمان.

١٣–لەم خولەدا (١٨) پەرلەمانتار هیچ قسەیەکیان نەکردووە، کە ئەم لەگەڵ ئەرکی نوێنەرایەتی کردندا یەکناگرێتەوە، هەرچەند بەشداری بەشێك لەوانەی قسەیان کردووە، تەنها لە پێناو قسەکردن بووە، نەك ئیزافەیەك بۆ گفتوگۆکان، یان خاڵێکی پەیڕەوی.

١٤–ئامادەنەبوونی پەرلەمانتاران لە کۆبوونەوەکانی پەرلەمان و لیژنەکان لە دانیشتنی ژمارە (٥، ٧) نەخوێندرایەوە، ئەمەش پێشلی پەیرەوی ناوخۆیە.

## راسپاردەكان

١- سیستەمی سیاسی، ڕاستەوخۆ كاریگەری لە سەر سروشت و چۆنێتی بەڕێوەچوونی كارەكانی پەرلەمان هەیە، پەرلەمان لەبەردەم نوسینەوەی دەستووری هەرێمدا، دەبێت سیستەمە سیاسیەكەی هەرێم پەرلەمانی بێت، وەك یەكێك لە هەوڵەكان بۆ بەهێز كردنەوەی پەرلەمان .

٢- وێرای بوونی چەند كەلێنێك تیایدا، جێبەجێكردنی پەیرەوی ناوخۆی وەك خۆی، زامنی كارا بوونی پەرلەمانە، لە ڕووی (یاسادانان، چاودێری دامەزراوەكان، پرسی بودجە).

٣- پێویستە لە خولی پایزەدا كار لەسەر پرۆژە یاساكانی (بودجەی ٢٠٢١، یاسای ئەرك و پێكهاتەی پەرلەمانی كوردستان، یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان، ماف نەخۆش، دامەزراوەی نیشتیمانی دەرمان و خۆراك، پاراستی ماف نەخۆش، سەرچاوەكانی ئاو، وەبەرهێنانی یاسایی وەبەرهێنان.

٤- لەم خولەدا چەندین جار پێشێلی یاساكانی (ڕۆژنامەگەری، ڕێكخراوە ناحكومیەكان) كراوە لەلایەن حكومەتەوە، تەنانەت پەرلەمان خۆشی كار بەچەندین یاسا ناكات، وەك (ماف بەدەستهێنانی زانیاری) بۆیە گرنگە پەرلەمانتاران لە ڕێگەی لیژنەكانەوە بەدواداچوون و فشار بكەن لەسەر جێبەجێ كردنی یاساكان.

٥- ئەو بڕیارو یاسایانە بخرێنە بواری جێبەجێكردنەوە كە لە خولەكانی پێشتری پەرلەماندا دەرچوون، وەك (بڕیاری پاڵپشتی كردنی گەلی ڕۆژئاوای كوردستان) یان (یاسای سندوقی كوردستان بۆ داهاتە نەوتیو گازییەكان) پەسەندكراوەو تائێستا نەچۆتە بواری جێبەجی كردنەوە.

٦- نوێكردنەوەی سەرۆكایەتی دەستەكانی (مافی مرۆڤ، دەستپاكی، چاودێری دارایی، كۆمسیۆنی هەڵبژاردنەكان) كە سەر بەپەرلەمان و هەمویان كاتیان بەسەر چووە.

٧- ماڵپەڕی فەرمی پەرلەمانی كەم و كوڕی زۆرە، چەندین یاسا و بڕیار كە دەرچوون دانەنراوە، ئەرشیفی خولەكانی پێشووی پەرلەمانیش دانەنراوە، بۆیە گرنگە ئەم ماڵپەڕی ئێستا ببێتە ماڵپەڕی فەرمی هەموو پەرلەمان نەك تەنها خولی پێنج.

٨- یاسایەكی نوێ بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان پەسەندبكرێت، كە لەگەڵ فرە بازنەیی بگونجێنرێت و چارەسەری ناكۆكیەكانی نێوان یاسای هەڵبژاردن و پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی تیادا بكرێت.

................ من هەم دەرگام کراوەیە، هەم هەموو خەتەکانم کراوەیە، هەر کامێکیان دەیانەوێ بمبینن لە خزمەتیانم، من دەچمە خزمەتیان لە هەر کوێیەکن، ڕەنگە نەتوانم لە ئۆفیس بیانبینم بچم لە پارکێك دابنیشم لەگەڵیان ، ئەو فەترەیەی کە وا بووە زۆر خەڵك  و نوخبە و ئەوانەمان بەم شێوەیە بینیوە، ئەوانەی کە پرسیاریان هەبووە لەسەر ئایندەی خۆیان بتوانین بیانبینین، ئەوەی بەو ڕێکارە دەکرێ بەسەرچاو، ناکرێ، تەلەفۆنەکەی من بدەن بە یەکێکیان با پەیوەندیم لەگەڵ بگرن و بەسەرچاو قسەیان لەگەڵ بکەم، چ ڕوونکرنەوەیەکیان دەوێ بیاندەمێ، هاوکاریشیان دەبم بەسەرچاو، سەرچنار خان هەمان پرسیارە، کاك زیکری هەمان پرسیارە تەقریبەن، کاك باڵانبۆ، نرخی خوێندنی قوتابیان بە تەمان گۆڕانکاری تێدا بکەن؟ ئێمە هەر لە سەرەتای دەست بەکاربوونمانەوە کردوومانە لە وەزارەتی خوێندنی باڵا هیوادارم بتوانین جارێکی تریش بیکەین، بەڵام نرخ لە خوێندنی تایبەت دا بە یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠١٣) یاسای خوێندنی تایبەت لێرە دەرکراوە لەم پەرلەمانە بەڕێزە، بۆیە ڕەنگە نەتوانین زۆر زەغتیان لێ بکەین، ئەوە بکەین لە ڕێگەی تەفاهوم و لە هاوکاری کردنیاندا بتوانین هاوکاری ئەوە بین کە ئەوەندەی کە دەکرێ وەکو وتم قەزییەکە هەیە لێیان خۆش ببن و کارئاسانییەکی تریان بۆ بکەن، دۆزینەوەی کار بۆ خەریجەکان کارێکی موقەدەسە، پیرۆزە، پێویستە بیکەین، بەڵام بارودۆخەکە ئەوەیە کە دەیبینین ئەوە پێویستی بە، دەزانم هیلاکن بەڵام ئەم نوقتەیە پێویستی بە ڕوونکردنەوەیەك هەیە هیوادارم کاتتان زۆر نەگرم، سیستەمی قبوڵی مەرکەزی لە هەرێمی کوردستان دا سیستەمێکی ئیشکال ئامێزە، سیستەمێکە هەموو خوێندکارەکان دەبێ لە (سێ)وە بڕۆنە ئەعدادیە لە ئەعدادیەوە دەبێ هەموو بێتە زانکۆ، لە زانکۆ دەبێ هەموو وەربگرین، لە زانکۆ دەبێ هەمووی تەخەروج بکات هەموویشی مافی ئەوەی هەیە دابمەزرێ و داوای هەلی کار بکات، بەڵام ئەو سیستەمی قبوڵ مەرکەزییە هەمووی کێشەیە، ئەگەر ئێمە بتوانین بە ئیسلوبی تر، مەسەلەن مەعاهدی تەکنیکی فۆکەیشناڵ (vocational) بکەنەوە لە وڵاتی خۆمان دا خەڵك فێری میهنەیەك بکەین، وا بکەین لە بازاڕی کاری کوردستان دا کە تەخەروج دەکات دوای دوو ساڵ خوێندن کارێکی باشی شەرافەتمەندانەی دەست دەکەوێ، من پێموانیە ئەوەندە چاوەڕێ بکات لە زانکۆکان ڕوو بکاتە ئەعدادیەکان، قبوڵی مەرکەزی گۆڕانکاری بەسەردا بکەین، بۆ ئەوەی بتوانین سیستەمێکی مۆدێرنی ................

١

جیهانی پیادە بکەین ئەوەی کە داواتان کرد ئەوەی کە بە ئۆنلاین دەخوێنن ئەو بڕوانامە ئاماژەی پێ دەکرێ هیچ کێشەیەك نیە، ئاماژەی پێ ناکرێ، بەڵام بۆ ئێمە وەکو دەرسێك، وەکو پاڵپشتیکاریەك دەعمێکە بۆ قەزییەکە ئەو ماددەیە چی دەرسێك چی دەرەجەیەك وەردەگرێ ئەوە تەسبیت دەکرێ تیایدا بە ڕەچاوکردنی ئەو فەقەرەی، ئەو بەشەی کە ماوە بە ئەلیکترۆنی خوێندوویانە، ئێمە لەوێ کارئاسانیان حەتمەن بۆ دەکەین، حەسیبە خان وتی لە پلانی خوێندنی باڵا تێنەگەیشتم، هیوادارم حەسیبە خان تێگەیشتبێ ڕوونم کردەوە، بۆی ڕوون دەکەمەوە، پێکەوە دەتوانین دابنیشین باشتر بۆی ڕوون دەکەمەوە، من زۆرتر کاتتان ناگرم دەمەوێ لە کۆتاییدا وێڕای ئەوەی جارێکی تر سوپاسی ئێوەی بەڕێز بکەم، بە گرنگی دەزانم سوپاسی یەك بە یەکی مامۆستایانی زانکۆکانی کوردستان، یەك بە یەکی فەرمانبەرە بەڕێزەکانی زانکۆکانی کوردستان بکەم و سەرۆکی زانکۆکان و ئەنجومەنی زانکۆ بەڕێزەکان و ڕاگرە بەڕێزەکان هەموویان لەگەڵ ئەم پرۆسەیە هیلاك بوون دەستخۆشیان لێ دەکەم، من و میللەتەکەمان هەر چاوەڕێی ئەوە لەو پێشمەرگە ئەکادیمیانەی وڵاتی خۆمان دەکەین کە لە قەیرانی، لە ئەزماتی ئاوادا چۆن جاران ............ بە بێ مووچە لەم بارودۆخەش دا لە ناو ئەم کێشە و گرفتانەش دا بەسەر بڵندییەوە هاتن ڕایی کردنی ئەرکەکانی خوێندنی ئەلیکترۆنی نموونەیان زۆر بێ، ڕەنگە بارودۆخ باش بێ بچینەوە ناو کامپۆسەکان، ئیشاللا بە ئیسلوبی تایبەت ئێمە تەقدیری ئەو بەڕێزانەش دەکەین کە هیلاك بوون لەگەڵ ئەو عەمەلییە و لە کۆتاییدا سوپاسی خۆڕاگری و پشوو درێژی خەڵکی کوردستان و ئێوەی بەڕێزیش دەکەم، زۆر زۆر سوپاس.

بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین / سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس وەزیرە بەڕێزەکان، زۆر سوپاس بۆ ڕوونکردنەوەکانتان، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئاگادارتان دەکەینەوە کە سبەینێ سەعات (۱) بۆ خوێندنەوەی دووەمی پرۆژە بڕیارەکە ئینشاللا دانیشتن دەست پێ دەکەینەوە و ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی سەبارەت بەو پرۆژە بڕیارە ئێستا لە ناو سندووقەکانتاندایە و ئێستاش بەم شێوەیە کۆتایی بە کۆبوونەوەکەمان دەهێنین، سوپاسی ئامادەبوونی میوانەکانیشمان دەکەین.

۲

سەرۆکایەتی
پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق
کوردستان ـ هەولێر

خولی پێنجەمی هەڵبژاردن
ساڵی یەکەم/ خولی بەهارە
دانیشتنی: ژمارە (١٤)
ڕۆژی دانیشتن: ٢٠١٩/٧/١١

## بەرنامەی کار

بەپێی حوکمی برگە (یەکەم و دووەم و سێیەم) لە ماددەی (١٦) و برگەی (یەکەم) لە ماددەی (١٩) و ماددەکانی (٤٧، ٤٨، ٥٢، ٥٥، ٥٦، ٥٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (١٤)ی ئاسایی خولی بەهارەی ساڵی یەکەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کات (١١)ی پێش نیوەڕۆ ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٧/١١ بەم شێوەیە بێت:

**یەکەم:** سوێندخواردن و جێگرتنەوەی ئەم بەڕێزانەی ناویان لە خوارەوە هاتووە بەپێی حوکمی ماددەی (٢٧)ی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان لە شوێنی ئەو پەرلەمانتارانەی کە بە پێی برگەی (هەشتەم) لە ماددەی (٢٢)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان بەدەستکێشاوە لە ئەندامییتی پەرلەمان هەژمار دەکرێن:

١ـ بەڕێز (لەنجە ابراهیم عبدالرحمن) لە شوێنی بەڕێز (ڤالا فرید ابراهیم)
٢ـ بەڕێز (شیرین یونس عبدالله عزیز ) لە شوێنی بەڕێز (بێگەرد دلشاد شوکرالله)
٣ـ بەڕێز (هیمداد صالح بلال محمد) لە شوێنی بەڕێز (ئایدن معروف سلیم)
٤ـ بەڕێز (باپیر کاملا سلمان کاملا) لە شوێنی بەڕێز (عبدالله محمود محمد)

**دووەم:** میکانیزمی هەڵبژاردنی سەرۆکی پەرلەمان بەپێی حوکمی ماددەی (١٤) و برگەی (چوارەم) لە ماددەی (١٥)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق.

**سێیەم:** خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیازی بڕیاری دیاریکردنی ڕۆژی ٢٠١٤/٨/٣ وەك ڕۆژی کۆمەڵکوژی ئێزدییەکان بەپێی حوکمی ماددەکانی (٧٩، ٨٠، ٨٢) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق.

**هێمن هەورامی**
**جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق**

**منى نبى قهوچى**
**سکرتێری پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق**

خولی پێنجەمی هەڵبژاردن
سالی یەکەم/ خولی بەهارە
دانیشتنی: ژمارە (١٣)
رۆژی دانیشتن: ٢٠١٩/٧/١٠

سەرۆکایەتی
پەرلەمانی کوردستان - عیراق
کوردستان - هەولێر

## بەرنامەی کار

بەپێی حوکمی برگەکانی (یەکەم، دووەم، سێیەم) لە ماددەی (١٦) و برگەی (سێیەم) لە ماددەی (١٨) و ماددەکانی (٤٧، ٤٨، ٥٢، ٥٥، ٥٦، ٥٧) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان - عیراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (١٣)ی ئاسایی خولی بەهارەی سالی یەکەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی چوارشەممە رێکەوتی ٢٠١٩/٧/١٠ بەم شێوەیە بێت:

**یەکەم:**

١- متمانەدان بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران کە بە بڕیاری ژمارە (٧)ی سالی ٢٠١٩ لە پەرلەمانی کوردستان ناوزەدکرا و بە فەرمانی ژمارە (١)ی سالی ٢٠١٩ی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ڕاسپێدرا بۆ پێکهێنانی کابینەی وەزاری نۆیەمی هەرێمی کوردستان.

٢- خوێندنەوەی ناوی وەزیرەکان لەلایەن راسپێردراوی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، بەپێی برگەی (٤)ی ماددەی (پەنجاو شەش) لە یاسای ژمارە (١)ی سالی ١٩٩٢ی هەموارکراو، وە متمانەپێدانیان لەلایەن پەرلەمانی کوردستان - عێراق.

**دووەم:** سوێندخواردنی بەڕێز سەرۆك و جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیرەکانی کابینەی وەزاری نۆیەمی هەرێمی کوردستان بەپێی ماددەی (٦) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی سالی ١٩٩٢ی هەموارکراو.

**سێیەم:** خوێندنەوەی هێڵە گشتیەکانی بەرنامەی کابینەی وەزاری نۆیەم لەلایەن بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان - عێراق.

| | | |
|---|---|---|
| منى نبى قهوچى | هێمن هەورامی | د. ڤالا فريد ابراهيم |
| سکرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆکی پەرلەمانی | سەرۆکی پەرلەمانی |
| کوردستان - عیراق | کوردستان - عیراق | کوردستان - عیراق |

## پاشکۆی ژماره (٣)

### نوسراوی وەزیری داد، دەربارەی هۆکاری بڵاونەکردنەوەی بڕیاری ژماره ( ٣٧ )له وەقایع

هەرێمی کوردستان – عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتــــــی داد
نــووســینگەی وەزیر

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
Ministry of Justice

أقليم كوردستان – العراق
مجلس الوزراء
وزارة العـــدل
مكتب الوزيـــر

ژمارە: ٢٨ | ڕێکەوت: ٨ / پووشپەڕ / ٢٧٢٠ کوردی | ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٦/٢٩ زاینی

بۆ / سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان – عێراق / نووسینگەی سەرۆک

ب / ناردنی بڕیار

نووسراوتان ( ٤ / ٢ / ١٠٠١ له ٢٥ / ٦ / ٢٠٢٠ ) وهاووپێچەکەی بڕیاری بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ژمارە ( ٣٧ له ١٤ / ٦ /٢٠٢٠ ) کە ئاڕاستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کراوە و وێنەیەکی دراوەتە وەزارەتی داد بۆ بڵاوکردنەوەی لەڕۆژنامەی فەرمی ( وەقائعی کوردستان ) ، بەداخەوە کە بەبەڕێزتانی ڕادەگەیەنین کەداوای لێبوردن دەکەین ناتوانین بڕیارەکە لەڕۆژنامەی فەرمی بڵاوبکەینەوە لەبەر ئەوەی پێچەوانەی ڕێسای گشتی پلەبەندی یاسایی ( سلم التدرج القانوني ) دەرچووەو هەروەها ( بەڕای جەنابتان ) نەبوونی سەرچاوەی تانەلێدان لەیاسا و بڕیارەکانی پەرلەمان ( هەروەک لەبەندی ( ٢ ) ی بڕیاری ئاماژەپێکراو هاتووە ) دەستەی سەرۆکایەتی یان سەرۆکی پەرلەمان ناکاتە جێگرەوەی و دەسەڵات و تایبەتمەندی چاودێری لەسەر یاسا و بڕیارەکانی دەرچوو لەپەرلەمانی پێ نادات ، بێ لەبەرچاوگرتنی چۆنیەتی و شێوازی تەشریع کردنی هەر یاسایەک یان بڕیارەک ، لەبەر ئەو هۆیانەی سەرەوە ئەو بڕیارەی داوای بڵاوکردنەوەی کراوە بەپێ ی یاسا بەبڕیارێکی نەبوو دادەنرێت ( قرار معدوم ) ، بەپێ ی یاسای بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان ژمارە ( ٤ ی ساڵی ١٩٩٩ ) بۆ بڵاوکردنەوە ناشێت و بڵاوکردنەوەی بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوانەی باسکران دەبێتە مایەی ڕەخنە و پێشینەیەکی ترسناک لەسەر پەرلەمان و سەرۆکایەتیەکەی و سیستمی سیاسی هەرێم ، هەروەها لەسەر وەزارەتی داد بەسەرپێچی لەڕێسای گشتی و حوکمەکانی یاسا تۆمار دەکرێت

تکایە پاساوەکەمان قەبوڵ بکەن ..... لەگەڵ ئەو پەڕی ڕێزماندا .

فەرسەت أحمد عبدالله
وەزیــــری داد
٢٠٢٠/٦/٢٩

## پاشکۆی ژمارە (٤)

## ڕاپۆرتی لیژنەیی دارایی پەرلەمان لەبارەی دۆخی ئابووریی هەرێمی کوردستان

**مێژووی ئامادەکردنی ڕاپۆرت: تەموزی ٢٠٢٠**

### پێشەکی

لەسەر ڕاسپاردەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان لە کۆبوونەوەی ژمارە (٥)ی ئاسایی خولی بەهارەی ساڵی دووەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری پەرلەمانی کوردستان لەسەر دۆخی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان ئەم ڕاپۆرتەی ئامادەکردووە.

لیژنەی دارایی ماوەی ١٠ کاتژمێر کاریکردووە لەسەر ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە، کە لەڕێگەی چەند سەردانێکی مەیدانی و ڕاوێژکردن لەگەڵ کەسانی شارەزا و سوودوەرگرتن لە ئەزموونی ڕاوێژکارەکانی لیژنە، ئامادەیکردووە.

هەرێمی کوردستان لە ڕووی دارایی و ئابوورییەوە بە دۆخێکی زۆر هەستیاردا تێدەپەڕێ بەشێوەیەک، تەنانەت پێدانی مووچەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان ناسەقامگیری تێکەوتووە. دروستبوونی ئەم دۆخە نالەبارە لە کەرتی دارای و ئابووری هەرێمی کوردستان بۆ سێ فاکتەر دەگەڕێتەوە:

یەکەم: جیهانییە و بەدەرە لە توانای دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان. وەک (هاتنی پەتای کۆرۆنا– دابەزینی نرخی نەوت لەسەر ئاستی جیهان).

دووەم: پەیوەندی بە دانوستاندنەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی عێراقە.

سێیەم: پەیوەندی بە ڕێکنەخستن و هەبوونی گەندەڵی و ناشەفافییەت لە هەندێ لە سێکتەرەکانی خەرجی و داهاتە لە هەرێمی کوردستان.

ئەم ڕاپۆرتە باسی دۆخی ئابووری و کێشەی ئابووری و هۆکارەکانی ئەو کێشانە دەکات، کە لەبەردەم پێشڤەبردنی دۆخی ئابوورین لە هەرێمی کوردستان. هەروەها پێشنیار و چارەسەری بەشێکی ئەو کێشانە لەم ڕاپۆرتەدا دەخەینەڕوو.

### ئابووریی هەرێمی کوردستان

هەرێمی کوردستان وەک قەوارەیەکی دەستووری، یاسایی و سیاسییە لە دەوڵەتی عێراقی فیدراڵ. پرسیار ئەوەیە لە ڕووی داراییەوە لە دەوڵەتی فیدراڵی عێراقدا سەربەخۆی دارایی هەرێمەکان لە کوێی یاسا و زیهنی ئابووری و دارایی عێراقدایە؟

بۆچی کێشە لەگەڵ سەربەخۆیی دارایی هەرێم وەک بە شێك لە سەربەخۆی زاتیی هەرێمی کوردستان هەیە؟ بەچ میکانزمێك پارەی بەدەگی عێراق، هەرێمی کوردستانی لێ بێبەشکراوە؟ ئەی قەرزەکان کە عێراق وەریاندەگرێ و هەرێم پشکی نییە و لە دانەوەی قەرزیش لەسەر هەرێمی کوردستان هەژماردەکرێ؟

کاتێ هاوسەنگی دارایی تێکدەچێت، لە ڕووی ئاسۆییەوە داهاتی حکومەتی فیدراڵ زیاد دەبێ، بەڵام داهاتی هەرێمی کوردستان بەشی پێداویستییەکان ناکات، ئەوکاتە ئەرکی حکومەتی فیدراڵییە بەشێوەیەکی دادپەروەرانە ئەم هاوسەنگییە ڕاست بکاتەوە. بەتایبەت نەبوونی (مووچەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان کە عێراق ئەم مووچەخۆرانە وەک بەشێك لە مووچەخۆرانی دەوڵەتی فیدراڵ سەیرناکات).

### هەرێمی کوردستان لە ڕووی دەستوورییەوە

بەگوێرەی ماددەی یەکی دەستووری عێراق، یەکێك لە بنەما سەرەکییەکانی دەوڵەتی فیدراڵی سەربەخۆی زاتییە، لە هەموو ڕوویەکەوە، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت، حکومەتی ئیتیحادی بەو شێوەیە مامەڵە ناکات کە هەرێمی کوردستان هەرێمێکە لە ناو چوارچێوەی دەوڵەتێکی فیدراڵی، بەڵکو وەکو دەوڵەتێکی سیستەمی مەرکەزی مامەڵە دەکات.

پشکی هەرێمی کوردستان لە خەرجی سیادی بەتایبەت بو هێزی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان وەك هێزێکی نیشتیمانی کە خراوەتەوە نێو دەستووری عێراق، وەك لە برگەی چوار لە ماددەی (١٢١) رێگە بە هەرێمەکان دراوە هێزی ئاسایشی ناوخۆی هەرێم رێکبخەن، وەك پۆلیس و ئاسایش و پاسەوانی هەرێم، بەڵام لەوەتەی عێراقی نوێ دروست بووە، هیچ بودجەیەك بو هێزی پێشمەرگەی کوردستان خەرجنەکراوە.

لە ساڵی ٢٠١٤ـەوە حکومەتی ئیتیحادی پشکی هەرێمی کوردستانی لە بودجەی گشتی بڕیوە، کە ئەمەش پێشێلکارییەکی زەقی دەستوورە و کاریگەرییەکی نەرێنی بەهێزی لەسەر ئابووری هەرێمی کوردستان جێهێشتووە.

هۆکارەکانی خراپبوونی دۆخی دارایی و ئابووری لە هەرێمی کوردستان

دۆخی ئابووریی هەرێمی کوردستان بە دۆخێکی ناسەقامگیر و دژواردا تێدەپەڕێت کە هۆکارەکانی بریتییە لە:

یەکەم: لە رووی ئابوورییەوە بەشێکین لە دەوڵەتی عێراق، عێراق و هەرێمی کوردستان بەرێژەی ٨٥٪ پشت بە داهاتی نەوت دەبەستێت، دابەزینی نرخی نەوت کاریگەری راستەوخۆ و بەپەلە دەکاتە سەر جومگەکانی دیکەی ئابووری و دارایی وڵات.

دووەم: سەرهەڵدانی پەتای کۆرۆنا، کاریگەری لە سەر زۆربەی جوڵەکانی ئابووری و دارایی دروست کردووە، بەشێوەیەك زۆربەی سەرچاوەکانی داهاتی کەمیانکردووە.

سێیەم: پێناسەیەکی دیاریکراو نییە بو سیستەمی ئابووری لە هەرێمی کوردستان.

چوارەم: تەداخولەکانی حکومەتی فیدراڵ لەسەر بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان و بەستنەوەی بە هۆکارە سیاسییەکان و بڕین وناجێگیریی لە پێدانی بەشێکی بودجە، بەتایبەت لە ٢٠١٤ تاوەکو ئێستا لە ٢٠٢٠ وایکردووە پێدانی مووچە و دۆخی ئابووری ناسەقامگیر بێت.

پێنجەم: بەهەدەردان، گەندەڵی خراپ ئیدارەدانی سەرچاوەکانی داهات لە هەندێ لە سێکتەرەکانی وەك (نەوت و داهاتی ناوخۆ وەك خاڵە سنوورییەکان، گومرك، باج ...هتد).

**سەرچاوەکانی داهاتی هەرێمی کوردستان:**

یەکەم: داهاتی ناوخۆ و دەروازە سنوورییەکان، باج، رسوومات:

لە ٢٠٢٠/١/١ تاوەکو ٢٠٢٠/٦/٣٠ وەك ئەوەی لە وەزارەتی دارایی و ئابووری وەرگیراوە، کە لە خشتەکەدا روونە:

| سەرچاوەی داهات | مێژوو | بری داهات بە ملیار (بەنزیکەیی) |
|---|---|---|
| گومرک و دەروازە سنوورییەکان | 2020/1/1 تاوەکو 2020/6/30 | 505 ملیار دیناری عێراقی |
| باج | 2020/1/1 تاوەکو 2020/5/31 | 154 ملیار دیناری عێراقی |

تێبینی: لەداهاتی ناوخۆ کە لە خشتەی سەرەوە ئاماژەپێکراوە رسوماتی تێیدا نییە.

دووەم: بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان کە لە عێراقەوە هاتووە لە ٢٠٢٠

(١.٧٥٩.٠٠٠.٠٠٠.٠٠٠ ملیار دینار) ترلیۆنێك و ٧٥٩ ملیار دینار. لەم برە کە بە چوار سولفە هاتووە، هەر جارێ بری ١١.٨٨٠.٠٠٠.٠٠٠ یانزدە ملیار و ٨٨٠ ملیۆن دینار براوە بو پێدانەوەی قەرزی بانکە ئەهلییەکان کە حکومەتی هەرێمی کوردستان قەرزارییانە. کۆی قەرزی بانکەکان کە لەو چوار مانگە وەریانگرتووە، ٤٧ ملیار و ٥٢٠ ملیۆن دینار.

ئەوەی بە سافی بو هەرێمی کوردستان ماوەتەوە (ترلیۆنێك و ٧١١ ملیار و ٤٨٠ ملیۆن دیناری عێراقی).

بەگوێرەی مافە داراییەکانی هەرێمی کوردستان لە بەشە بودجی ٢٠٢٠ی عێراق، کە بەهۆی نەبوونی یاسایی بودجە، مامەڵەی یاسایی لەگەڵ بودجەی ٢٠١٩ دەکرێ، ئەویش بە خەرجکردنی ١ لەسەر ١٢ی بودجەی گشتی ٢٠١٩. هەرێمی کوردستان لەوەدا مانگانە (٤٥٣ ملیار دیناری هەبووە)

له ساڵی ٢٠٢٠ حکومەتی عێراق تەنیا سێ مانگ بڕی (٤٥٣ ملیار دیناری ناردووە، مانگێك تەنیا ٤٠٠ ملیار دیناری ناردووە و دوو مانگ هیچی نەناردووە. بەم پێیەش حکومەتی عێراق ٩٥٩ ملیار دینار کەمتر لە ساڵی پار لەماوەی شەش مانگ رابردوودا بو هەرێمی کوردستان ناردووە).

سێیەم: بڕی ئەو داهاتەی وەزارەتی سامانە سرۆشتییەکان داوییەتی بە وەزارەتی دارایی:

لەسێ مانگی (٣/٢/١ی ٢٠٢٠) داهاتی وەزارەتی سامانە سرۆشتییەکان کە دراوە بە وەزارەتی دارایی بو پێدانی مووچە بو هەر مانگێك ٣٤٥ ملیار و ٢٠٣ ملیۆن بووە. هەمووی دەکاتە یەك ترلیۆن و ٣٥ ملیار و ٦١٠ ملیۆن دنیاری عێراقی).

هەروەها لەمانگی (٦/٥/٤) دوای دابەزینی نرخی نەوت، وەزارەتی سامانە سرۆشتییەکان ٢٨٣ ملیار و ٤٢٤ ملیۆن دینار بووە) رادەستی وەزارەتی دارایی کراوە.

چوارەم: هاوکاری هاوپەیمانان بو مووچەی هێزی پێشمەرگە:

لەشەش مانگی یەکەمی ٢٠٢٠ هاوکاری هاوپەیمانان ١٢٤ ملیار و ٢٠٠ ملیۆن دینارە، بە شێوەیەك بۆ هەر مانگێك بە تێکڕای ٢٠ ملیار و ٧٠٠ ملیۆن دینار.

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ٢٠٢٠ چەند و چۆن مووچەی دابەشکردووە؟

مووچەی چوار مانگ بەبێ لێبڕین بریتی بووە لە نزیکەی سێ ترلیۆن و ٥٨٠ ملیار دینار

مووچەی پێنجەم لە ٢٠٢٠ کە دەکاتە مانگی شۆبات کە شیوەی بڕینی ٢١٪ و پێدانی ٧٩٪ی مووچە، نزیکەی ٧٠٠ ملیار دینارە.

بەڵام وەزارەتی دارایی، روونکردنەوەی دا بە لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی کوردستان، کە نزیکەی ٦١٧ ملیار دیناری لە بەردەست بووە و نزیکەی ١٢٠ ملیاری قەرزکردووە.

بەم شێوەی خوارەوە:

| سەرچاوەی داهات | بڕی پارە بە ملیار |
|---|---|
| 400 ملیارەکەی بەغدا | 222.787 ماوە |
| هاوپەیمانان | 20.700 |
| داهاتی ناوخۆ | 90.00 |
| بڕی هاتوی سامانە سرۆشتییەکان | 283.424 |
| قەرز | 120 |
| کۆی گشتی | 736.911 |

***تێبینی:***

تاوەکو ئێستا بڕینی ٢١٪ی مووچەی مانگی شوبات بە روون و ئاشکرا دیار نییە، ئاخۆ ئەمە پاشەکەوتە؟ قەرزە لای حکومەت؟ یان بە یەکجار بڕیویانە و پێدانەوەی نییە؟

پێشنیار و راسپاردەکانی لیژنەی دارایی و ئابووری

لەگەڵ بەغدا:

یەکەم: داوا دەکەین حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکومەتی فیدڕالی بەردەوام بێ لە گفتوگۆکردن تاوەکو مافە شایستە داراییەکانی مسۆگەر بکات و دەستووریش بنەمای مامەڵەکردن بێ.

دووەم: داوا دەکەین سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ دامەزراوە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان ، داوا لە نەتەوە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانان بکات، کە عێراق پابەندبێت لە چوارچێوەی بنەماکانی دەستوور، شایستە داراییەکانی خەڵکی هەرێی کوردستان خەرج بکات و چی دیکە بە عەقلییەتی مەرکەزی هەرێمی کوردستان سزانەدرێت.

**لە نێوخۆی هەرێمی کوردستان:**

یەکەم: ئەولەوییەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان پەیداکردنی داهاتێ بو مسۆگەرکردنی مووچەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان.

دووەم: جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی لە مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان.

سێیەم: لە ساڵی ٢٠١٤وە هەرێمی کوردستان یاسای بودجەی گشتی و ژمێرەی کۆتای نەناردووتەوە پەرلەمانی کوردستان، یان لانی کەم ماوەی دوو ساڵە بەیانی داراییش رەوانەی پەرلەمان نەکراوە. ئەمە پێچەوانەی دەستوور و یاسایە و بووەتە گرفتی ناروونی داهات و خەرجی حکومەت، هەروەها بەربەست بووە لە کاری چاودێری پەرلەمانی و دیوانی چاودێری دارایی لە چەند ساڵی رابردوودا.

چوارەم:کەمکردنەوەی باج، کەمکردنەوەی سوودی بانکی بو هاونیشتیمانیان، بو ئەوەی هاندانێك بێ، بو جوڵەی بازرگانی و وەرگرتنی قەرز لە بانکەکان بو پرۆژە بچۆکەکان، لەهەندێ وڵات ئێستا سوودی بانکی نزیکبووتەوە لە سفر.

پێنجەم:چاکسازیکردن لە سەرچاوەکانی داهات لە هەرێمی کوردستان:

ا: پێداچوونەوە لە گرێبەستە نەوتییەکان

ب: جێبەجێکردنی بریاری ٧٠٦ی ئەنجوومەنی وەزیران لە رێککەوتی ٢٠٢٠/٣/٢٠ سەبارەت بە پێداچوونەوەو وەرگرتنی باج لە کۆمپانیاکانی بواری نەوت و گاز، ئەو کۆمپانیانەی کە گرێبەستی خزمەتگۆزاریان لەگەڵ کۆمپانیای نەوتییان هەیە، کۆمپانیاکانی ئاسایش لە بواری نەوت.

ج: وەرگرتنی باج لە هەموو کۆمپانایا گەورەکان و راگرتنی لێخۆشبوونییان لە باج.

د: کۆنترۆلکردنی سەرجەم خاڵە سنوورییەکان، بەتایبەت خاڵە گمرکییەکان بە مەرجێك کۆی گشتی داهات بگەرێتەوە بو حیساباتی وەزارەتی دارایی.

هـ: پێداچوونەوە بە هەموو گرێبەستی ئەو کۆمپانیانەی کە کاردەکەن لە خاڵە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان، بەمەبەستی زیادکردنی داهاتی گشتی بە شێوەیەك داهاتەکەی زیاتر بۆ گەنجینەی حکومەت بێ نەك بۆ کۆمپانییەکان.

و: پێویستە پسوڵەی داهات، تەنیا پسوڵەی وەزارەتی دارایی بێ لەهەموو خاڵە گومرکییەکان.

ز: هەڵوەشاندنەوەی هەموو لێخۆشبوونە گومرکییەکان لە هەرێمی کوردستان.

ح: پێویستە حکومەت بریارێك دەربکات لە شێوەی مقاصە بێت هەر هاوڵاتیەك هەر قەرزێکی حکومەتی لایە لە عقار، زەواج، کارەبا، نیشتەجێبون، ئاو دەتوانێ لەگەڵ حکومەت لە پاشەکەوتەکەی کە قەرزە لە ئەستۆی حکومەت بیداتەوە، بەو مەرجەی ئەو قەرزانە بە ناوی خودی هاوڵاتی خۆی یان خێزانی یان منالی خوار هەژدە ساڵی خۆیەوە بێت.

گ: پێداچونەوە بەسەرجەم گرێبەستەکانی کۆمپانیاکانی بواری پەیوەندی وئینتەرنێت و قەرزەکانیان. گوندەکانی نیشتەجێ بون تایبەت بە باجی خانوبەرە.

ی: لەگەڵ وەرگرتنی ئەو زەوی و زارانەی کە لەرێگەی موساتەحە دراون و تاوەکو ئێستا بەکارنەهاتوون، یاخۆد کراون بە پارچە زەوی و فرۆشراون، وەربگرنەوەو حکومەت لەرێگەی موزایەدەی ئاشکرا بفرۆشرێ، ئەمەش وەك هەنگاوێك بو زیادکردنی داهات و تێپەربوون لە قەیرانی دارایی.

س: یەکێك لە رێگاکانی زیادکردنی داهات، بریتییە لە کەمکردنەوەی خەرجییەکانی گشت دام و دەزگاکانی هەرێمی کوردستان، بە شێوەیەکی زۆر وورد. وەك (کەمکردنەوەی مینحەی مێوانداری، راگرتنی هاوکاری، راگرتنی کرینی خانوو و ئۆتۆمبێل.

ع: دەکرێ حکومەت گرنگی بداتە کاری هاوبەش لەنێوان کەرتی حکومەت و کەرتی تایبەت، بەتایبەت هەندی کەرت بەتەواوەتی رادەستی کەرتی تایبەت بکات، ئەویش هەم داهات زیاد دەبێ و هەم خەرجی حکومەتیش کەم دەبێ وەك کەرتی کارەبا.

ف: زۆر سەرچاوە هەیە کە موڵکی دەوڵەتە، بەڵام بری راستەوخۆ لەلایەن حکومەتەوە وەرناگیرێت، بو نموونە (لە هەموو ئەو بیرە ئاوانەی کە بۆ سوود وەرگرتن لە ئاوی ژێر زەوی بەکار دێت و ژمارەیان زۆرە، پیویستە بخرێتە ژێر رسۆمی حکومەتەوە. بەگوێرەی ئامارێکی ساڵی ٢٠١٧ لە هەرێمی کوردستان ٢٢ هەزار و ٥٦٠ بیری نایاسایی و بێ مۆڵەت هەن، ئەم بیرانە بە یاسایی بکرێن و کاژیری خوێندنەوەی ئاو و لێدانی بیرەکە هەموو سەرجاوەی داهاتن).

## ڕاپۆرتی لیژنەی هاوبەشی

## (كاروباری پێشمەرگە، ناوخۆو ئاسایش و ئەنجوومەنە خۆجێییەكان، پەیوەندییەكان و ڕەوەندی كوردستانی)

## سەردانیكردن و بەدواداچون

**پێشخان:**

بەرمەبنای دانیشتنی ژمارە (٥)ی وەرزی بەهارە لە خولی پێنجەمی پەرلەمانی كوردستان لە ڕێكەوتی ٢٩-٦-٢٠٢٠، سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان لیژنەیەكی هاوبەشی لە (كاروباری پێشمەرگە، ناوخۆو ئاسایش و ئەنجوومەنە خۆجێییەكان، پەیوەندییەكان و ڕەوەندی كوردستانی) ڕاسپارد بۆ سەردانیكردنی پارێزگاكانی هەولێر، سلێمانی، دهۆك و هەڵەبجە و قەزای شەنگال بۆ كۆكردنەوەی داتا و وردەكاری ئەو ناوچانەی بەركەوتەی هێرش و لەشكركێشییەكانی دەوڵەتی توركیا و تۆپبارانكردنی دەوڵەتی ئێران بوون لە ماوەكانی ڕابردوودا.

لیژنەی هاوبەش بڕیاریدا بە پێكهێنانی سێ لیژنەی لاوەكی: لیژنەیەك بۆ پارێزگای هەولێر، لیژنەیەك بۆ پارێزگای دهۆك و لیژنەیەك بۆ پارێزگاكانی سلێمانی و هەڵەبجە، بە لەخۆگرتنی ئیدارەكانی ڕاپەڕین و گەرمیان و قەزای شەنگال.

**ناواخن:**

لە چوارچێوەی ئەم ئەركە پەرلەمانی و پێڕەوییەدا لیژنەكانمان لە ڕێكەوتی جیاوازدا سەردانی یەكە ئیدارییەكانی پارێزگای هەولێر، سلێمانی، دهۆك و هەڵەبجە و شەنگالمان كرد و لە نزیكەوە لەگەڵ یەكە ئیدارییەكان و دانیشتوانی ناوچەكە كۆبوونەوەمان كرد لەهەمبەر زەرەر و زیانە ماددی و گیانییەكان لە ناوچە سنوورییەكان و بەركەوتووانی هێرش و لەشكركێشی دەوڵەتانی توركیا و ئێران، ئامانج لە سەردانی لیژنە پەرلەمانییەكەمان، بریتی بوو لە كۆكردنەوەی زانیاری ورد و دروست لەمەڕ ئەم ناوچانە و ڕاسپاردنی حكومەتی هەرێمی كوردستان بوو بۆ چارەسەركردنی كێشە سەرەكییەكان و پاراستنی ژیان و ماڵی هاوڵاتییانی هەرێمی كوردستان بە گشتی.

لەسەرەتای سەردانەكانمان بۆ ناوچە جیاجیا كان، لەم ڕاپۆرتە زەرەر و زیانەكان بە گشتی و ئەنجام و ڕاسپاردەكان دەخەینە بەردەستی ئێوەی بەڕێز.

### یەكەم: پارێزگای هەولێر

**١- قەزا مێرگەسۆر:**

یەك: لە كۆی ٧٣ گوندی سەر سنوور نزیكەی ٥٥ گوند چۆڵكراون.

دوو: لە ساڵانی ڕابردوو تاكو ئێستا دەیان كەس بە هۆی بۆمبارانی فرۆكەكانی توركیا شەهید كراون.

سێ: سووتانی پۆش و پاوان و ڕەز و باغێكی زۆری ئەو دەڤەرە، كە بەدەیان ملیۆن دۆلار دەخەملێنرێت، بە گوێرەی ڕاپۆرتی یەكە ئیدارییەكان.

چوار: لە ساڵانی ڕابردو تاكو ئێستا بە هەزارەها مەڕ و ماڵات لەو دەڤەر بەهۆی بۆمبارانی توركیا كوژراون.

پێنج: بەهەزارەها خەڵك لە ئەنجامی چۆلكردنی گوندەكانیان، ئاوارەبوون.

**٢- قەزا چۆمان:**

یەك: نێزیكەی ١٥ گوند لە سەر سنووری چۆلكراون.

دوو: لە ساڵانی ڕابردوو تاكو ئێستا بە دەیان خەڵك بەهۆی تۆپبارانی ئێران و فرۆكەی توركیا شەهید و بریندار بوون.

سێ: سووتانی پۆش و پاوان و ڕەز و باغی زۆر، بەڵام ئامارێكی تەواو بۆ ئەمە مەبەستە بەردەست نەبوو.

چوار: بە هەزاران مەڕو ماڵات لەناوچوون.

پێنج: بە هەزارەها خەڵك بە هۆی چۆڵكردنی ئەو گوندانە ئاوارە بوون.

**٣-قەزا سۆران ناحیەی سیدەكان:**

یەك: نزیكەی ١٠٤ گوند چۆڵكراون.

دوو: سووتانی پۆش و پاوان و ڕەز و باغێكی زۆر.

سێ: بەدەیان كەس شەهید و بریندار بوون.

چوار: زیان گەیشتووە بە هەزاران مەڕ و ماڵات.

پێنج: بە دەیان هەزار خەڵك ئاوارەبوون.

**٤-قەزای ڕەواندوز و ناحیەی وەرتێ:**

یەك: چۆڵكردنی گوندی زارگەڵی و بۆكریسكان.

دوو: بە دەیان كەس شەهید و بریندار بوون.

سێ: بەسەدان كەس ئاوارە بوون.

چوار: سووتانی ڕەزوباغ.

پێنج: كوژرانی دەیان مەڕوماڵات.

**دووەم: پارێزگای سلێمانی**

**١- ئیدارەی چوارتا**

یەك: لە ڕێكەوتی ٢٥-٦-٢٠٢٠ لە كاتژمێر ٦ی ئێوارە لە لایەن فڕۆكەیەكی دەوڵەتی توركیا لە گوندی كونە ماسی ئۆتۆمبێلێكی جۆری (پیكئابی) بە ئامانج گرتبوو، كە تیایدا شەهید و بریندار هەبووە، هاوكات لەگەڵ چەند زیانێكی ماددی.

دوو: لە ئاكامی هێرشەكە ٧ برینداری هاوولاتی هەبوون كە چواریان ئەندامی یەك خێزانن و ٣ لە بریندارەكانیش ئەندامی خێزانێكی دیكەن كە سەرجەمیان دانیشتووی گوندی كونەماسیین.

سێ: زیانە ماددیەكانی هێرشەكە بە بڕی ٢٥ ملیۆن دینار خەمڵێندراون، بە گوێرەی ڕاپۆرتی بەڕێوەبەرایەتی ئیدارەی قەزای چوارتا.

چوار: هاوكات، بڕینی هێڵەكانی كارەبا لە چەندین لایەوە، شكاندنی ڕاگری سەرەكی ڕێگای سەرەكی و سوتاندنی كۆمەڵێك ڕەز و باخی دانیشتوانی گوندەكە لە ئاكامی هێرشەكەبوون.

**٢- قەزای ماوەت**

یەك: لە ئاكامی هێرشەكەدا، بنكەی تەندروستی گوندی سەفرە زیانێكی زۆری بەركەوتووە، بە جۆرێك كە ناتواندرێت نۆژەن بكرێتەوە.

دوو: هێڵی سەرەكی كارەبا زیانێكی زۆری بەركەوتووە"

سێ: زۆرینەی خانووەكانی گوندەكە داڕوخاون و زیانمەندی سەرەكی هێرشەكەبوون.

**٣-قەزای پێنجوێن**

یەك: لە ناوەڕاستی مانگی ٧ی ٢٠١٥، ناحیەی ناڵپارێز لە لایەن دەوڵەتی ئێران بۆردومانكراوە.

دوو: سوتاندنی ڕەز و باخی هاوولاتییان لە ئاكامی بۆردومانەكە بوون.

سێ: له ئێستاشدا، بەربەست دروست دەكرێت له لایەن دەوڵەتی ئێرانەوە بۆ جوتیارانی گوندەكانی (هەڵاڵاوە، جۆمەرەسی، توتمان و كانیسێف) بۆ سەردانیكردنیان بۆ سەر كێڵگە كشتوكاڵییەكان و ڕەز و باخەكانییان.

**٤–ئیدارەی ڕاپەڕین و قائیممەقامییەتی قەزای پشدەر (قەڵادزێ):**

یەك: سنوور شكاندنی عێراق له لایەن دەوڵەتی ئێرانەوە له هەردوو سنووری (كێلێ و جاسوسان) له دەرەوەی میله مەرزییەكان.

دوو: پێشێلكردنی ڕێككەوتنی ساڵی ١٩٧٥، له لایەن دەوڵەتی ئێران–ەوە و سنوور شكاندنی ناوچەی سپێرۆ له خاڵی سفرەوە.

**سێیەم: پارێزگای دهۆك**

**١–قەزای زاخۆ**

یەك: بەدرێژایی ٤٠ كیلومەتر و پانتایی ١٥ كیلومەتر هێزەكانی توركیا هاتوونەتە ناو سنووری ئەم قەزایە و لە ڕێكەوتی ٢٠٢٠/٦/٥ تاكو ٢٠٢٠/٧/٤ نێزیكەی ٦٦٩ توپ و ٧٠ موشەك ئاراستەی ئەم گوندانە كراون و لە ساڵی ١٩٩٢ تا ئێستا نێزیكەی ٥٠ شەهید و و دەیان بریندار هەبووە.

دوو: پێشتر تەنها ٤ بارەگای هێزەكانی توركیا لەم ناوچانەدا هەبوون، بەڵام ئێستا ١٨ بارەگای دیكە بوونییان هەیە.

سێ: ٢٥ گوندی ناحیەی دەركار تۆپباران كراون و بەسەدان دۆنم گەنم سوتێندراون و تا ئێستا نزیكەی ٢٠٠ جوتیار ناتوانن بگەڕێنەوە شوێنەكانیان و زەرەرو زیانێكی زۆریان بینیوە.

چوار: له باتیفا ١٣ گوند تۆپباران كراون و ٢٧ گوند چۆل كراون، بەجۆرێك هاووڵاتییان ناتوانن كەلوپەلەكانیشیان بگەڕێننەوە.

پێنج: زەرەر بە بواری گەشتو گوزار كەوتووە كە بژێوی ژیانی ٤٠٠ خێزاندار بووە، هەروەها بە سەدان دۆنم زەوی سووتێنراوە كە بۆ خەملاندنی زیانە ماددیەكان پێویستی بە لیژنەیەكی تایبەتمەندە.

**٢–قەزای ئامێدی**

یەك: سەرەرای هەبوونی لەشكری توركیا ناحیەی دێرەلوك و ناحیەی كانی ماسێ له ڕۆژئاوا و قەزای مێرگە سور له ڕۆژهەڵات، لە ناحیەی چەمانكێ كە دەكەوێتە بەرواری ژێری لای چیای گارە بە ١٠٠ كم لە سنووری توركیا دوورە، كە لەم ناوچەیە ٧٢ گوند هەیە. بە گشتی لە ئامێدی لە كۆی ٣٤٨ گوند ١٩٨ گوند چۆلكراون" هەروەها تا ئێستا لە ئامێدی ٢٨ شەهید و چوار بریندار هەبووە.

دوو: له ناحیەی كانی ماسێ و بەرواری باڵا ٢٨ بنكەی لەشكری توركیا هەن، و له كۆی ٧٦ گوند نزیكەی ٦ گوند چول كراون.

سێ: له ناحیەی شێلادزێ له كۆی ٩٢ گوند نزیكەی ٨٥ گوند چۆلكراون.

چوار: له ناحیەی دێرەلوك له كۆی ٥٦ گوند و كۆمەلگە تەنیا ١٤ گوند ودوو كۆمەلگە خەڵك تێدا نیشتەجێن، كە لە ساڵی ٢٠١٨ نزیكەی ٣٥٠٠ سەرۆك خێزان تێدا نیشتەجێ بوون و ئێستا تەنیا ٧٠٠ سەرۆك خێزان تێیدا نیشتەجێن.

**٣–قەزای ئاكرێ**

یەك: ناحیەی دینارتە زۆرترین زیانی پێكەوتووە له چوارچێوەی هێرشەكانی دەوڵەتی توركیا بۆ ئەم ناوچەیە"

دوو: له كۆی ٩١ گوند نزیكەی ٢٤ گوند چۆڵكراون"

سێ: نزیكەی ٥ شەهید و ١٨ بریندار له ساڵی ١٩٩٦ەوە تا ئێستا هەبووە.

**٤–قەزای شەنگال**

له دوو ساڵی رابردوودا چەندین جار بۆمباران كراوە له لایەن سوپای توركیا.

**چوارەم: پارێزگای هەڵەبجە**

١-ناحیەی بیارە (سنووری هەورامان):

یەك: بەهۆی هەبوونی سنووریێکی هاوبەشی دوولایەن لە نێوان دەوڵەتی عێراق و ئێران، بەشێك لە سەرچاوە ئاوییەکانی ئاودێرانی خاوەن ڕەز و باخەکانی دانیشتوانی ناحیەی بیارە دەکەونە سنووری قەڵەمڕۆی دەوڵەتی ئێران" هاوکات، دەوڵەتی ئێران بە بیانووی پاراستنی سنوورەکانی زۆر جار بەربەست دروست دەکات لە بەردەم جوتیاران بۆ کەڵك وەرگرتن لە سەرچاوە ئاوییەکان بۆ ئاودێرانی ڕەز و باخەکانییان"

دوو: بەهۆی تێکەڵی سنوورەکانی دەوڵەتانی عێراق و ئێران لە ناوچەی ئاماژە بۆ کراو، ئاوەڕۆی چەند گوندێکی سنووری دەوڵەتی ئێران تێکەڵ دەبێت لەگەڵ سەرچاوە ئاوییەکانی بەشێك لە گوندەکانی سنووری ناحیەی بیارە، کە ئەمەش لە داهاتوودا دەبێتە هۆی پیسبوونی سەرچاوە ئاوییەکانی ناوچەکە.

## دەرخستە و ئەنجامە گشتییەکان:

یەکەم: زیانمەندبوونی ئەو گوند و دەڤەرانەی کەوتوونەتە سنووری بۆردومان و هێرشەکانی دەوڵەتانی تورکیا و ئێران.

دووەم: چۆڵکردنی سەدان گوند و زیان گەیشتن بە سەدان کێڵگەی کشتوکاڵی، ڕەز و باخی دانیشتووانی ناوچە سنوورییەکان لە ئاکامی بۆردومان و هێرشەکانی دەوڵەتانی تورکیا و ئێران.

سێیەم: بێکاربوون و لەدەستدانی هەزاران هەلی کار بە هۆی مەترسی هێرشەکان لەسەر ناوچە سنوورییەکان.

چوارەم: زیان گەیاندن بە ناوچە گەشتیارییەکانی بەشێك لە ناوچە سنوورییەکان کە بەهۆی مەترسی بۆردومان و لەشکرکێشی دەوڵاتانی دراوسێ بووەتە هۆکار بۆ کەمبوونەوەی داهات تا ئاستی مەترسی لەسەر ناوچە گەشتیارییەکانی دەڤەرە ئاماژە بۆ کراوەکان"

پێنجەم: زیانگەیاندن بە ژینگەی هەرێمی کوردستان، یەکێکی دیکە بووە لە ئاکامەکانی هێرشە بەردەوامەکانی دەوڵاتانی تورکیا و ئێران.

## کۆبەند:

یەکەم: بە توندی ئیدانەی هێرش و بۆردومانەکانی سوپاکانی تورکیا و ئێران دەکەین کە بە بیانووی هێزەکانی پەکەکە و پەژاك لە ناوچە شاخاوییەکان ئەوان هێرش و لەشکرکێشی بۆ سەر خاك و خەڵکی سڤیلی هەرێمی کوردستان ئەنجام دەدەن" هەروەها داوا لەو هێزانە دەکەین کە ڕەچاوی پێگەی دەستووری هەرێمی کوردستان بکەن و بیانوو نەدەن بە دەوڵەتانی دراوسێ بۆ هێرش و لەشکرکێشی بۆ سەر خەڵك و خاکی هەرێمی کوردستان و پێویستە دەوڵەتانی تورکیا و ئێران سنوورەکانییان پتەوبکەن بۆ پاراستنی خاکی خۆیان.

دووەم: سەروەری خاکی عێراق لە ڕووی ئاسمانی و زەمینییەوە لە بەشێك لە خاڵە سنوورییەکان شکێندراوە، ئەمەش بووەتە هۆکار بۆ هاتنە ناوەوەی هەردوو دەوڵەتی تورکیا و ئێران لە بەشێك لە خاڵە سنوورییەکان، بۆیە لە ئەولەویەت و کارە لە پێشینەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت بۆ دان و ستان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە.

## ڕاسپاردەکان:

لەکۆتای ئەم ڕاپۆرتەی بەردەستتان، داوا لە پەرلەمانی کوردستان دەکەین کە بەزوترین کات حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕابسپێرێت بۆ ئەم ڕاسپاردانەی خوارەوە:

یەکەم: ڕاسپاردنی حکومەتی هەرێم بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی میلە مەرزەکان و شکاندنی سنوورەکان لە چوارچێوەی دەستووری هەمیشەیی عێراق، بۆ لێکتێگەیشتنێکی کۆنکریتی لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ بە ئاراستەی پاراستنی ناوچە سنوورییەکان و دانیشتوانەکانییان لە پێناو بەدوورگرتنییان لە زیانە ماددی و گیانییەکان و کێشانەوەی بنکە و بارەگا سنوورییەکانی دەوڵەتانی تورکیا و ئێران لە ناو خاکی عێراق، بە تایبەت لە ناوچە سنوورییە شکێندراوەکاندا.

دووەم: ڕاسپاردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی یاسای ژمارە ١ی ساڵی ١٩٩٢ بۆ گەیشتن بە لێکتێگەیشتنێکی سیاسی هاوبەش لە گەڵ هێزەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان بە ئاراستەی ئارامی و پاراستنی ئاسایشی خاکی هەرێمی کوردستان و خەڵکەکەی.

سێیەم: ڕاسپاردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دانوستان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی بۆ پێکهێنانی لیوایەکی پاسەوانی سنووری کورد–زمان و زیادکردن و پڕکردنەوەی میلاکاتی لیواکانی پاسەوانی سنوور بۆ سەرجەم پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، بەتایبەت بۆ ناوچە زۆر پێویستەکان، هەروەها پێکهێنانی لیوایەکی کورد–زمان بۆ پاراستنی ناوچە سنوورییە ئاماژە بۆکراوەکان لە پارێزگای هەڵەبجە و سپاردنی ئەرکی پاراستنی ناوچە سنوورییەکانی پارێزگای سلێمانی بە تەنها بە لیوای (٣)ی پاسەوانی سنوور، بەو پێیەی کە لە ئێستادا لە هەردوو پارێزگاکانی سلێمانی و هەولەبجە تەنها یەك لیوای پاسەوانی سنووری بوونی هەیە، ئەم لیوایەش ناتوانێت ئەرکی پاراستنی سەرجەم سنوورەکە لە ئەستۆ بگرێت، بە هۆی فراوانی ناوچەی جۆگراف هەردوو پارێزگاکە بە لەخۆگرتنی ئیدارەکانی ڕاپەڕین و گەرمیان.

چوارەم: ڕاسپاردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دانوستان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی بۆ قەرەبووکردنەوەی زیانە ماددیەکانی ناوچە سنوورییەکان، کە بە گوێرەی دەستووی هەمیشەی عێراق و یاسا نێودەوڵەتییەکان دەکەوێتە ئەستۆی حکومەتی فیدراڵییەوە، هەروەها پێکهێنانی لیژنەیەکی هاوبەش بۆ سەردانیکردنی ناوچە و خاڵە سنوورییەکان بۆ پێداچوونەوە بە ناوچە سنوورییەکان و دەستنیشانکردنی زەرەر و زیانەکان بەمەبەستی قەرەبووکردنەوەی ناوچە سنوورییەکان کە لەلایەن دەوڵەتانی تورکیا و ئێرانەوە شکێندراون.

پێنجەم: ڕاسپاردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دانوستان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی بۆ بەشەهید هەژمارکردن و قەرەبووکردنەوەی بەرکەوتوان لەلایەن دەوڵەتی عێراق لە ئاکامی لەشکرکێشی و بۆردومانە سنوورییەکان لە لایەن دەوڵەتانی تورکیا و ئێران.

شەشەم: پاراستنی هەرێمی کوردستان لە ڕووی ئاسمانی و زەمینییەوە لە چوارچێوەی سەروەری خاکی عێراق و دەستووری هەمیشەیی عێراق و هەرێمی کوردستان، هەروەها لە چوارچێوەی هەمان دەستووردا بە هەماهەنگی حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵ.

حەوتەم: هەوڵدان بۆ ڕەخساندنی هەلی کاری تازە لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، بۆ دانیشتوانی ناوچە سنوورییەکان، کە بەشێکی زۆر لە دانیشتوانی ناوچە سنوورییەکان کارەکانییان لەدەستداوە، کە تەنها هۆکاری خودژیێنی دانیشتوانەکەی بووە.

هەشتەم: گواستنەوەی پاسەوانی سنووری بۆ خاڵی سفر (سەر سنوور)، ناردنی ڕاسپاردنی هێزەکانی پێشمەرگە بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی پێش سنوور کە دەکەونە سنووری قەڵەمڕۆیی دامەزراوە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان.

## پاشکۆی ژمارە ( ٦ )

# ڕاپۆرتی هەردوو لیژنەی کاروباری پێشمەرگە و لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم

بۆ / سەرۆکایەتی پەرلمانی کوردستان – عێراق

بابەت / راپۆرتی کۆبوونەوەی هاوبەش

پاڵپشت بە ماددەی (٦٦) لە برگەی (١) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان یاداشتێك لەلایەن هەردوو لیژنەی کاروباری پێشمەرگە و لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کرا بۆ سازدانی کۆبوونەوەیەك لەسەر بابەتی هێرشەکانی تیرۆریستانی داعش بۆ ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، هەروەها لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە هەردوو لیژنە راسپێردرا بۆ ئامادەکردنی راپۆرتێك، بۆیە هەردوو لیژنە بە کورتی راپۆرتێکی پوختی هاوبەشمان لەسەر رەوشی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم ئامادە کردووە کە بەم شێوەیەی خوارەوە بۆ بەرێزتان دەخەینەڕوو:

هەروەك لای هەمووان ئاشکرایە لەدوای تشرینی یەکەمی ساڵی (٢٠١٧)و دوای نەمانی هێزی پێشمەرگە لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم، دۆخی ئەو ناوچانە رۆژ بە رۆژ روو لە بارودۆخێکی خراپ و خراپتر دەکات، هێرشە یەك لەدوای یەکەکانی چەکدارانی داعش وەستانی نییە و کۆنترۆڵ ناکرێ، سوپا و پۆلیس و حەشدی شەعبی جگە لەوەی بەرگری لێ ناکەن تەنانەت وا وێنا دەکرێ کە چاوپۆشیشی لێ بکەن، لێرەدا گومان دروست بووە بۆچی تەنها کوردەکانمان و ناوچە کوردستانییەکان کراونەتە ئامانج؟ نەبوونی هێزی پێشمەرگە وای کردووە چەکدارانی داعش و هێزە میلیشیاکان دەرفەت لەو بۆشاییە ئەمنیە وەربگرن و بەردەوامی بە هێرشەکانیان بدەن.

دوابەدوای بەدواداچوونی لیژنە هاوبەشکەمان لە رووی ئەمنیەوە، بۆمان دەرکەوتووە کە لە بەر هێرشی تیرۆرستانی داعش و کردە تیرۆریستییەکان بارودۆخی خەڵك لە مەترسیدایە، بۆیە هەر بۆ بەرچاو روونی زیاتر و وەك نمونە، بە پێویستی دەزانین لە خوارەوە ئاماری کردوە تیرۆریستییەکانی داعش لە ناوچە کوردستانییەکانی دەروەی هەرێم لە شەش مانگی یەکەمی ئەم ساڵ لە بەرواری ٢٠٢٠/١/١ تا کو ٢٠٢٠/٦/٣٠ بخەینە روو:–

– بە شێوەیەکی گشتی نزیکەی ٧٦ هێرشی تیرۆرستی بەشێوازی جیاواز کراوە لەسەر هاوڵاتیانی سیڤیل و هێزە ئەمنییەکان
– یەکێکیتر لە کارە قێزەوەنکانی ئەم رێکخراوە تیرۆریستییە، چاندنی بۆمبە و لە شەش مانگی ئەمساڵ ٣٩ بۆمبی چێنراو دانراوە
– لە لایەکی تر وەك کاری ترسنۆکانەی هەمیشەییان هێرش کردنە بە ئۆتۆمبێلی بۆمبرێژکراو و لەم شەش مانگەدا ٢ ئۆتۆمبێلی بۆمبرێژکارو تەقێنراون.

–ئەم رێکخراوە تیرۆریستییە بۆ بڵاکردنەوەی ترس و تۆقاندنی زیاتر هەوڵی بەردەوام دەدات بۆ رفاندنی هاوڵاتیان و لەم شەش مانگەدا ٨ حاڵەتی رفاندن هەبووە.

–بەردەوام هەوڵ دەدەن کرداری خۆکوژی ئەنجام بدەن و بەداخەوە لە حاڵەتێکی خۆکوژی خەڵکیان شەهید و بریندار کردوە.

–هەر بەمەش نەوەستاون بۆ زەرەرگەیاندن بە هاوڵاتیان، بەڵکو چەندین مۆشەك و هاوەنیان ئاراستەی شوێنە جیاوازەکان کردووە و لەم شەش مانگەدا ٣ هێرش بە شێوەی مووشەك و ٤ هێرش بە هاوەن ئەنجام دراوە.

–بەشێوەیەك بۆشای ئەمنی زیاد بووە کە لە رێگەی بۆسە دانان و بازگەی نادیارەوە کردەوە تیرۆریستییەکانیان ئەنجام دەدەن.

–ناوچە کوردستانییەکان بابەتێکی نیشتیمانییە و نابێ سازشی لێ بکرێت لە گفتوگۆکان لەگەڵ عێراق و دەبێت خاڵی سەرەکی بێت لە دانوستانەکان، چونکە ئەم بابەتە کەمتر نیە لە هەوڵدان و گفتوگۆی مووچە و قووتی خەڵك لەگەڵ حکومەتی عێراق.

–گەڕانەوەی هێزی پێشمەرگە و پاراستنی ئەو ناوچانە بە هەماهەنگی لەگەڵ سوپای عێراق بە تایبەت لە کاتی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنەکان.

–هەرچی زووە هێزەکانی پێشمەرگە بگەڕێنەوە بۆ ئەم ناوچانە بۆ پاراستنی ماڵ و حاڵی هاووڵاتیان و دابین کردنی ئاسایش و ئارامی بۆ خەڵکی ئەم ناوچانە.

–داوا دەکەین بۆشای ئەمنی نێوان هێزەکانی پێشمەرگە و هێزەکانی سوپای عێراقیدا نەمێنیت کە تیرۆرستانی داعش زۆرترین سوودیان بینیوە لەم بۆشاییانە.

–دەستەی ناوچە کوردستانییەکان دەبێت بە زووترین کات کارا بکرێتەوە، چونکە کاری لیژنە لەگەڵ ئەوانە و دەبێت مانگانە راپۆرتیان بدرێتە لیژنە.

لەگەڵ رێزدا...

**لیژنەی کاروباری پێشمەرگە** **لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم**

## پاشکۆی ژمارە ( ٧ )

### داوای ( ٢٤ ) پەرلەمانتار بۆ پرسانی لە سەرۆك و جێگری حکومەت و وەزیری دارایی

Kurdistan parliament -Iraq
Kurdistan-hawler
No:
Date:

پەرلەمانی کوردستان - عێراق
کوردستان - هەولێر
ژمارە:
بەروار: ٢٠٢٠/٨/١٨

ژمارەی وارد ١٤٦١
بەرواری وارد ٢٢ - ٨ - ٢٠٢٠

بەڕێز/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان – عێراق
بابەت/ پرسانی

پاڵپشت بەهەردوو مادەی ( ٦٨ و ٦٩ ) ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ئێمە کە ژمارەی یاسایی ئەندامان واژۆمان کردووە ، داوای دانیشتنێکی تایبەت بە پرسانی سەرۆک و جێگری وەزیری دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین ، بۆ پرسانی بڕیاری سەرلەنوێ بڕینی مووچەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان لەبەرواری ٢٠٢٠/٨/١٧ دواوە بێ ئەوەی پاڵپشت بێت بەهیچ یاسا و بڕیارێکی پەرلەمانی کوردستان ، بۆیە پێویستە بۆمان روون بکەنەوە کە ئەم بڕیارەی حکومەت پاڵپشتە بەچ دەقێکی یاسایی؟ سەرەڕای ئەوەی ئەم بڕیارە لەکاتێکدایە شەفافییەت نییە لەداهاتەکان و داهاتی ناوخۆ و خاڵە گومرگییەکان و بەهای نەوتیش لەبازاڕەکانی جیهاندا بەرزبۆتەوە وێڕای رەوانەکردنی بڕی (٣٢٠) ملیار دینار لەلایەن حکومەتی عێراقییەوە بۆ مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان . لەگەڵ رێزدا...

| ز | پەرلەمانتار | واژۆ |
|---|---|---|
| ١ | عەبدولستار مەجید | ٢٠٢٠/٨/٢٢ |
| ٢ | علی حمە صالح طە | |
| ٣ | عباس فتاح صالح | |
| ٤ | د. شێرکۆ حمە ئەمین مصطفى | |
| ٥ | د. محمد الدین حسن یوسف | |
| ٦ | مەم بورهان قانع | |
| ٧ | هاوڕێ ملا ستار | |
| ٨ | سەرکەوت ئازاد گەڵاڵی | |
| ٩ | ابوبکر عمر عبدالله | |
| ١٠ | شایان کاکە صالح | |
| ١١ | کوێستان علی اسماعیل | |
| ١٢ | سیروان فەرەج محمد | |
| ١٣ | د. اسماعیل علی طە | |
| ١٤ | شەقڵ ئاشتی صابر | |
| ١٥ | بدریە اسماعیل محمود | |
| ١٦ | دیانا انور محمد | |
| ١٧ | ئەمرێنە یونس عبدالله | |
| ١٨ | هلز احمد محمد | |
| ١٩ | هەڤال ئەبوبەکر | |
| ٢٠ | مسلم عبدالرسول | |
| ٢١ | شیرین امین عبدالعزیز | |
| ٢٢ | موبارك احمد رحمان | |
| ٢٣ | سەرحەد احمد محمود | |
| ٢٤ | گۆران عمر علی | |
| ٢٥ | | |

## گەڕانەوەی پرساندنەکە بۆ ئەندامان بەهۆی گرفتی روکەشیەوە

پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق
سەرۆکایەتی دیوان
بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پەرلەمان و لیژنەکان

برلمان كوردستان ـ العراق
رئاسة الديوان
مديرية الشؤون البرلمان واللجان

Kurdistan Parliament – Iraq
General Director of Divan

بەروار: ٢٣/ ٨ /٢٠٢٠

Date: / /2020

بۆ/ پەرلەمانتار (عبدالستار مجيد قادر)

بابەت/ پرساندن

یاداشتان لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٨/٢٢ سەبارەت بە داواکاری پرساندنتان بۆ بەڕێزان (سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیری دارایی و ئابووری) بفەرموون بۆ لەبەرچاوگرتنی ئەو تێبینیانەی لەخوارەوە ئاماژەمان بۆ کردوون بە مەبەستی وەرگرتنی ڕێوشوێنی یاسایی و پەیڕەوی پێویست:

١. بەپێی بڕگەی یەکەم لە ماددەی (٧٠)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، یاداشتی پرساندن ئاراستەی سەرۆکی پەرلەمان دەکرێ نەک سەرۆکایەتی، بۆیە بفەرموون بۆ ئاراستەکردنی یاداشتی پرساندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، یان جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران یان وەزیری دارایی یان هەرسێکیان لەهەمان کاتدا بە سێ یاداشتی جیاواز بۆ سەرۆکی پەرلەمان.

٢. بەپێی بڕگەی یەکەم لە ماددەی (٧٠)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان دەبێت داواکاری پرساندن بەڵگە و زانیاری و بەڵگەنامەی لەسەر بابەتی پرساندنەکە هاوپێچ بێ کە ئاراستەی سەرۆک دەکرێ، بفەرموون ئەگەر هەر زانیاری و بەڵگەنامەیەکتان بەردەستە هاوپێچی یاداشتەکەتانی بکەن.

٣. لە دەروازەی چاودێریکردندا لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان لە ماددەکان (٥٨ ـ ٧٦) ئامرازەکانی چاودێری کردنی حکومەت دیاریکراوە کە خۆی لە (پرسیارکردن، خستنەڕووی بابەتێکی گشتی بۆ گفتوگۆی نێوان پەرلەمان و حکومەت، پرساندن، لێسەندنەوەی متمانە) دەبینێتەوە، پرساندن یەکێکە لە ئامرازەکانی چاودێریکردن کە لە ماددەکانی (٦٨ ـ ٧٣)ی

Kurdistan Parliament – Iraq. Kurdistan.
Phone: 0662220800 – 0662230243

www.perleman.org

پەرلەمانی کوردستان– عێراق. کوردستان.
تەلەفۆن: ٠٦٦٢٢٢٠٨٠٠ – ٠٦٦٢٢٣٠٢٤٢

پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق
سەرۆکایەتی دیوان
بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پەرلەمان و لیژنەکان

برلمان كوردستان ـ العراق
رئاسة الديوان
مديرية الشؤون البرلمان واللجان

Kurdistan Parliament – Iraq
General Director of Divan

بەروار: / / ٢٠٢٠

Date: / /2020

پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان دا هاتووە وەك سێیەم ئامرازی چاودێریکردن، بۆیە بفەرموون ئەگەر سەبارەت بە ناوەرۆکی یاداشتان پرسیارتان ئاراستەی سەرۆك وەزیران یان جێگری سەرۆك وەزیران یان وەزیری دارایی کردووە هاوپێچی یاداشتەکەتانی بکەن.

٤. بەپێی ماددەی (٦٨) لە پەیڕەوەی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، پرساندن بەشێوەی تاك دەکرێ بەتایبەت ئەگەر سەرۆك وەزیران لە داواکاری پرساندنەکەدابوو، بۆیە بفەرموون یاداشتی داواکاری پرساندنی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران یان ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران جیابکەنەوە، لەبەرئەوە بەپێی حوکومی برگەی (یەکەم)ی ماددەی (٦٩) و برگەی (چوارەم)ی ماددەی (٧٤) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان، پرۆسەی پرساندن و متمانە لێوەرگرتنەوەی بەڕێز سەرۆك وەزیران لە پرۆسەی پرساندنی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران جیاوازە.

لەگەڵ ڕێزدا

د. ڕێواز فائق حسین
ســـەرۆکی پەرلەمـانی کوردستان ـ عێراق

وێنەیەك بۆ/
نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.
نووسینگەی بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.
نووسینگەی بەڕێز سکرتێری پەرلەمانی کوردستان.
نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی دیوانی پەرلەمانی کوردستان.
نووسینگەی بەڕێز جێگری سەرۆکی دیوانی پەرلەمانی کوردستان.
بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پەرلەمان ولیژنەکان/ بەشی کاروباری پەرلەمان.

پەرلەمانی کوردستان – عێراق. کوردستان.
تەلەفۆن: ٠٦٦٢٢٢٠٨٠٠ – ٠٦٦٢٢٣٠٢٤٣

www.perleman.org

Kurdistan Parliament – Iraq. Kurdistan.
Phone: 0662220800 – 0662230243

## پاشکۆی ژمارە (٩)

# یادداشتی ئینستتیوتی پەی

## بە جێبەجێکردنی یاسا، سەنگەری خۆپارێزی خەڵکی کوردستان بەهێزتر دەبێت

هەرچەندە دابەشکردنی موچەو شایستەکانی فەرمانبەران و خانەنشینان لەهەرێمدا بووە بە گرفتێکی بەردەوام، بەڵام مووچە مافێکی یاساییەو هیچ دەسەڵات و هێزێك ناتوانێت بێ پاڵپشتی یاسایی دەستکاری بکات، یان دوای بخات و دابەشی نەکات. ئەگەر پێشتر بەناوی قەیرانی داراییەوە کابینەی پێشوو (هەشتەم) پاشەکەوتی موچەی پەیرەوکرد، دواتر کابینەی نوێ (نۆیەم) بەڵێنی دا کە هەر (٣٠) رۆژ جارێك موچە دابەش بکات، کەچی ئەوەتا سەرباری ئەوەی چوار مانگی موچەی فەرمانبەران دواکەوتووە، ئێستا حکومەت بەرنامەی ئەوەی هەیە کە لەسایەی یاسای بەناو چاکسازیدا قووتی فەرمانبەران و خانەنشینان ببڕێت و موچەکانیان کەم بکاتەوە. ئەوەتا (وەزیری دارایی) لە دوا لێدوانیدا رۆژی ٢٠٢٠/٣/٢٦ بە ئاشکرا رایگەیاند و وتی: "لەم دۆخەدا دەبێ بیر لە دەستکاریکردنی مووچە بکرێتەوە"، کە ئەمە زەنگێکی مەترسیدارەو نابێ رێگە بدرێت تێپەڕێت. لەم یاداشتەدا چەند خاڵێکی پەیوەندیدار بەو بابەتە دەخەینە روو کە خوازیارین لایەنە پەیوەندارەکانی (پەرلەمان و حکومەت) بە هەستکردن بە لێپرسراویەتیەوە کاری لەسەر بکەن، بەپێچەوانەوە کاردانەوەو کاریگەریی نەرێنی لێدەکەوێتەوە. یەکەم :دابەش کردنی مووچە: کۆرۆنا نەخۆشییەکی جیهانییە، بە گوێرەی دواهەمین راپۆرتی تەندروستی جیهانی و راپۆرتی ناوەندەکانی توێژینەوە چارەسەری ئەو پەتایە کاتی پێویستە، بۆیە دەبێت حکومەتی هەرێم بەر لە چارەسەری ئەم نەخۆشییە خۆی لەگەڵیدا بگونجێنێ. تا ئێستاش حکومەتی هەرێم تا ئاستێکی باش رێکاری خۆپارێزیی بۆ هاوڵاتیانی گرتۆتەبەر، کە بە پلەی یەك خۆی لە چاودێری و راگرتنی دەوام و قەدەغەی هاتوچۆ و کەرەنتینەکردن و هێشتنەوەی هاوڵاتیان لە ماڵەکانیاندا دەبینێتەوە. بەڵام بۆ ئەوەی هاوڵاتیان پەیوەست بن بە رێنمایی و رێکارە خۆپارێزییەکانی حکومەتەوەو گوێڕایەڵ بن و کەرەنتین بە بیانویەك بۆ دابەش کردنی مووچە لێك نەدرێتەوە، پێویستە بژێویی ژیان و خۆراکیان بۆ دابین بکرێت، لەبەر ئەمە ناکرێت مووچە دوابخرێت، دەبێت لەژێر رێکار و مەرجی خۆپارێزیدا پەلە بکرێت لە دابەش کردنی. دووەم:لێپرسراویەتی ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات: پەرلەمانی کوردستان وەك ناوەندێکی چاودێری، لە لایەن سەرۆکایەتی پەرلەمان و فراکسیۆنەکان و ئەندامانەوە، لەم بارەیەوە زۆرترین قسەو بەیانامەو هەلوێستی فەرمی دەربڕی، بێ ئەوەی سنووری لێپرسراویەتی خۆیان بزانن. ئاشکرایە ئۆپۆزسیۆن نوێنەرایەتی دەسەڵات ناکەن لە حکومەتدا، بۆیە پێشنیار و رەخنەکانیان لە رێگای میدیاوە دەردەبڕن. بەڵام ئەو فراکسیۆنانەی دەنگیان بە حکومەت داوەو خاوەن نوێنەرن، ناکرێت لە میدیاوە فرمێسکی تیمساحی بڕێژن، چونکە ئەگەر دابەش نەکردنی مووچە بەتاوان ئەزانن، ئەوە ئەوان بەشدارن لەو تاوانە، وە تەنها بە دەست کێشانەوە لە پلەوپۆستەکانیان هاوبەشی ئەو تاوانە نابن، بە پێچەوانەوە هەڵوێستە چەواشەکارییەکانیان وا ئەکات لەیەك کاتدا هاوبەشی تاوانی دابەش نەکردنی مووچە بن، هاوکات تاوانباری ووتنی ناڕاستی و خۆ ئارایشت کردن بن لە رێگای چەواشەکاریەوە. کاری پەرلەمانتارە بەدواداچوون بکات و بڵێ چی بکرێت نەك وەك میدیاکار تەنها بڵێ بکرێت. بۆ ئەو مەبەستە با سوود لە ئەزموونی (کاتی پۆرتەر) ئەندامی کۆنگریسی ئەمریکا وەربگرن کە لە رێگای بە دواداچوونی ووردو پێشنیاری گونجاو توانی تێستی کۆرۆنا بکات بەخۆرایی، لە کاتێکدا (١٣٣١) دۆلاری تێئەچوو. سێیەم: بەگوێرەی ووتەی سەرۆکی فراکسیۆن و لێدوانی حکومەت بێت، حکومەت بە نیازە لە رێگای جێبەجێکردنی مادەی (١٦) لە یاسای چاکسازی مووچەی فەرمانبەران کەمبکاتەوە. بۆیە ئێمە وەك رێکخراوێکی تایبەتمەند هۆشداری ئەدەینە حکومەت کە ناتوانێ لە ئێستادا ئەم یاسایە جێبەجێبکات بە پاڵپشتی ئەم بنەما یاساییانە: ١-بە گوێرەی مادەی (٥) لە بەشی پێنجەمی یاسای ژمارە (١) چاکسازی ساڵی (٢٠٢٠)، بە رەهایی دەسەڵات بە حکومەت دراوە دەرماڵەکان رێك بخاتەوە. ٢-بە گوێرەی مادەی (١٧) لە هەمان یاسای چاکسازی پێویستە حکومەت پەیرەوێك دەربکات بۆ جێبەجێ کردنی ئەو یاسایە لە ماوەیەك زیاتر نەبێت لە (٦٠) رۆژ. ٣- لە مادە (١٩)ی ئەم یاسایەدا هاتووە کە دوای بڵاوکردنەوەی پەیرەوەکە، یاساکە جێبەجێ دەبێت لە دوای تێپەر بوونی (٩٠) رۆژ. کەواتە لە ئەنجامی شیکردنەوەی ئەو ماددە

یاسـاییانەوە دەردەکـەوێت کـە: -ئێسـتا پەیرەوەکـە دەرنەچـووەو هـەرکات دەرچـوو یاسـاکە دوای (٩٠) ڕۆژ دەچـێتە بـواری جـێ بەجێکردنەوە. -چونکە یاساکە تایبەتە بە مووچەو خانەنشینی، جا یان بە کەم کردنەوە یان زیاد کردن، دەبێت لەو مانگی مووچەیە جێ بەجێ بێت کە یاساکە دیاری کردووە. وەك ئاشکرایە مانگی مووچەو مانگـەکانی سـاڵ جیـاوازن، بـۆ نموونـە ئێمـە ئێسـتا لـە مـانگی (٤) نیساندا، فەرمانبەران مووچەی مانگی (١٢) کانونی یەکەمی سالی ٢٠١٩ دەردەگرن، کەواتـە ئەگـەر بـە گریمانـە یاسـاکە لـە مـانگی (٧) تەموزدا بکەوێتە جێبەجێکردن، کە لە مانگی (٧)یشدا فەرمانبەران موچەی مانگی (٤) وەردەگرن، کەواتە مەرجەو دەبێت حکومەت دوای مانگی (١٠) یاساکە بخاتە بواری جێبەجێکردنەوە (ئەمە لەکاتێدا ئەگەر هەموو ٣٠ ڕۆژ جارێك موچە دابەش بکرێت). چـوارەم: داوا لـەو پەرلەمانتار و فراکسیۆنانە دەکەین تا ئەو کاتە ئەو ماددەیە هەموار بکەنەوەو مادەی (٥) کە تایبەتـە بـە بـڕینی دەرماڵـەی فەرمانبـەران لایبدەن، بۆ ئەوەی هەڵەی بەشدار بوونیان لە بڕینی قوتی مووچە خۆرانی کوردستان، ڕاست بکەنەوە. ئەگەر حکومەتی هەرێم خوازیـارە هاوڵاتیـانی لـە ئافـاتی کرۆنـا بپارێزێـت و خـەڵکی کوردسـتان گوێڕایـەڵی بڕیـار و ڕێنماییـەکانی بـن، ئەگـەر حکومـەت خوازیـارە ئاشـتی کۆمەڵایەتی بەرقەرار بێت و هەموو ئەو هەنگاوانەی تا ئێستا لەو بوارەدا ناویەتی هەر بە ئەرێنی بمێنێتەوە، دەبێت موچەو شایسـتەکانی فەرمانبەران و خانەنشینان دابەش بکات و بژێوی و گوزەرانیان دابین بکات، هیچ نـا لـەم قۆناغـەدا بـاری سـەر شـانیان قورسـتر نەکـەن. ئەگەر پەرلەمان و حکومەت خوازیارن هاوڵاتیان یاسا پەیرەو بکەن، پێویستە خۆیان پێشـێلی نەکـەن، بـە پێچـەوانەوە ئـەم حکومـەت و دەسەڵاتە بەرپرسیار دەبن لەهەمبەر هەر ئەگەرێکی تری نەخوازراو کە ئەم هەرێمە بگرێتەوە.

**ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشە پێدان**

**٢٠٢٠/٣/٢٧**

وێنەیەك بۆ:

-سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان.

-سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان.

-سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

-سەرۆکایەتی ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان.

-سەرجەم فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان. -دادگای فیدراڵی عیراق.

-نوێنەرایەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەرێمی کوردستان.

- سەرجەم قونسڵخانەکانی وڵاتان لە هەرێمی کوردستان.

## پاشکۆی ژمارە (١٠)

### یادداشتی ئینستیتوتی پەی

PAY INSTITUTE
For Education & Development

# پرسەکانی خەڵك لەنێوان پارێزبەندیی پەرلەمانتاران و بێباکی دەسەڵاتەکانی هەرێمدا

پارێزبەندی یەکێکە لە ماف و دەستەبەرییەکانی پەرلەمانتار و کاری پەرلەمانی، ئەم مافەش تا ئەو کاتەی ئەندام لە ئەرکەکەی بەردەوام بێت، دەتوانێت لێی بەهرەمەند بێت. کە بەهۆیەوە ناتوانرێت دادگایی و دەستگیر بکرێت، کە هەستابێت بە دەربڕینی ڕای خۆی یان دەنگ دانی بە ئاراستەیەك، واتا ئەم پارێزبەندی هەڵاواردنێکە بە ئەندام دراوە کە وای لێدەکات بەشێوەیەکی کاتی بە یاسا پارێزراو بێت و لێپێچینەوەی لەگەڵا نەکرێت، مەگەر کارێك بکات کە پێچەوانەی دابی گشتی یاخود سیستەمی گشتی بێت.

ئەم پارێزبەندییەش بە دەقی یاسا ڕێکخراوە، وەك لە ماددەی (٣٩–٤٠) لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢)ی هەموارکراو و ماددەی (٢٤) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان –عێراق ساڵی ٢٠١٨ ڕێکخراوە. لە هەرێمی کوردستاندا بەهۆی دەسەڵاتی ڕەهای حزب و جیانەکردنەوەی حزب لە دەسەڵاتە دەستورییەکان، سەرجەم هاوکێشەکان لە گرێژنە دەرچوون و هیچ کام لە دامەزراوەکان (پەرلەمان، حکومەت، دادگاکان) بەئەرکی سەرشانی خۆیان هەڵنەستاون و هەریەکەیان بەقەد خۆیان و دەسەڵات و میزاجی بەڕێوەبەرانیان پشکیان هەبووە لە یاسا شکێنی، پەشێوی کۆمەڵگا، بەهەدەردانی سامانی وڵات و پێشێلکردنی ئازادییەکان.

جێگەی سەرنجە، دوو ڕۆژە بابەتی داواکردنی هەڵگرتنی پارێزبەندی لەسەر چەند پەرلەمانتارێك بە گشتی و بەتایبەت بەڕێز (سۆران عومەر)ی ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، بۆتە جێگەی مشتومڕ، ئێمەش ئەم چەند سەرنجە دەخەینە ڕوو:

١–بەڕێز (سۆران عومەر) دەڵێ دۆکیۆمێنتم لەسەر گەندەڵی سەرۆکی حکومەت هەیە. پرسیار ئەوەیە: بۆچی کاتێك لە (٢٠٢٠/٤/٢)ەوە داواکاری گشتی داوای کردووە بچێت دۆکۆمێنتەکان پێشکەش بکات، کەچی نەچووە؟ لە کاتێکدا چوونە بەردەم داواکاری گشتی ئاساییەو دەیان جار پەرلەمانتاران ئەم کارەیان کردووەو پێویستی بە هەڵگرتنی پارێزبەندی نەبووە.

٢–ئەگەر لەبەردەم داواکاری گشتی دا ئامادەی پێشکەش کردنی دۆکیۆمێنتەکان نین بە بیانووی سەربەخۆ نەبوونی ئەم دەزگایە، پێویستە پەرلەمان لە زووترین دەرفەتدا دانیشتنێکی لێپرسینەوە لە حکومەت ساز بکات و لەو دانیشتنەدا ئەندامان ئەو دۆکیۆمێنتانەی هەیانە بەمەبەستی لێپێچینەوە و بەدواداچوون بیخەنە ڕوو، بەمەش پەرلەمان دەتوانێت ڕێکارە یاساییەکان بەپێی پەیڕەو جێبەجێ بکات، لەهەمان کاتدا داواکاریی حکومەتیش دێتەدی کە داوای کردووە دۆکیۆمێنتەکان پێشکەش بە داواکاری گشتی بکرێت.

٣–لە ڕۆژی (٢٠٢٠/٤/٢) لەنوسراوێکدا بە واژۆی سەرۆکی داواکاری گشتی داوا لە حکومەت کراوە (سۆران عومەر) دۆکیۆمێنتەکانی پێشکەش بکات، لە هەمان ڕۆژداو بۆ هەمان مەبەست نووسراوی حکومەت بە واژۆی سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران ئاراستەی پەرلەمان کراوە، دواتر لە ڕۆژی شەممە (٢٠٢٠/٤/٤) دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان داوایان کردووە ناوبراو دۆکۆمێنتەکان پێشکەش بکات. (کاتێك هەردوو نوسراوی داواکاری گشتی و ئەنجومەنی وەزیران لەیەك ڕۆژدا کراوەو داواکەی سەرۆکایەتی (سەرۆك و جێگر)ی پەرلەمان لە ڕۆژی شەممەیە کە پشووە، ئەم پەلەپرۆزێیە جێگەی هەڵوەستە لەسەر کردنە!).

٤–لە نوسراوی دادگای هەولێردا کە لە (٢٠٢٠/٤/٦) ئاراستەی پەرلەمان کراوە، داوای لادانی پارێزبەندی (سۆران عومەر)ی کردووە لەسەر سکاڵایەك لە بەرواری (٢٠٢٠/٤/٢) لەلایەن داواکاری گشتییەوە لەسەری تۆمار کراوە.

جێگەی تێڕامانە کە بۆچی سەرۆکی پەرلەمان تەنها دوای دوو ڕۆژ و لە کاتی پشوودا واژۆ لەسەر نوسراوەکەی داواکاری گشتی دەکات! کەچی دوای (٢١) ڕۆژ لە (٢٠٢٠/٤/٢٧) لە پەراوێزێکی سێ خاڵیدا واژۆی ڕەتکردنەوەی لابردنی پارێزبەندی ناوبراو کردووە و خستویەتیە بەردەم میدیاکاران؟

هۆکار چیە لەکاتی خۆیدا بەڕێزیان واژۆیان لەسەر نوسراوەکەی دادگا نەکردووە و وەڵامیان نەداوەتەوە! لەکاتێکدا نوسراوەکەی دادگای هەولێر تەنها ڕەزامەندی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی لەسەرە بەمێژووی (٢٠٢٠/٤/١٦) ئاراستەی بەشی یاسا کراوە بۆ کاری پێویست.

٥–سەرۆکی پەرلەمان جگە لەوەی سەرۆکی دەسەڵاتی یاسادانانە، پسپۆڕی یاساییە و لەهەمان کاتدا ئەندامی نووسینەوەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانیش بووە، بێگومان دەسەڵاتەکانی خۆی لە لابردنی پارێزبەندیدا دەزانێت. پێویستە بە گوێرەی پەیڕەو مامەڵە بکات و یاسا جێبەجێ بکات، کەواتە بۆچی بەڕێزی داوای ڕای فەرمانبەرێکی یاسایی کردووە لەو بارەیەوە و ئەویش لە نوسراوێکی بێ بەرواری ژمارە و گوماناویدا تەنها ئەو دەقەی بۆ نووسیوەتەوە کە لەماددەی (٢٤)ی پەیڕەودا هاتووە!

دواتر سەرۆکی پەرلەمان لەپەراوێزی ئەم نوسراوەدا سێ خاڵی نوسیوە و مێژووی (٢٠٢٠/٤/٢٧)ی لەسەر داناوە و ناڕەزایی خۆی دەربڕیوە لە لابردنی پارێزبەندیدا. لەکاتێکدا پێویست بوو لەکاتی خۆیدا ڕا لەسەر نوسراوەکەی دادگا بنوسێت کە ڕۆژی (٢٠٢٠/٤/٦) دەرچووە!

٦–هەڵگرتنی پارێزبەندی دەقێکی یاساییە لە پەیرەوی ناوخۆ، کە ئەندامان خۆیان دایان ناوە و دەنگیان پێی داوە، ئیتر بۆ چی دەبێ هەڵگرتن و هەڵنەگرتنی بکرێت بە بابەتی ململانێ و پرسی سەرەکیی خراپی بژێویی خەڵك و قەیرانە دروستکراوەکان لەبیر خەڵك و خۆیان ببەنەوە ! ئەم پرسە لە رابردووشدا لە هەموو خولەکانی پەرلەماندا نوسرا و چۆتە پەرلەمان داوای لادانی پارێزبەندی پەرلەمانتاران کراوە و جێبەجێش نەکراوە بابەتێکی شایانی باسیش نەبووە. ئەگەر بیانوو ئەوەیە ناتوانن لێپرسینەوە لەحکومەت بکەن بۆیە رێگرن لە لابردنی پارێزبەندی، ئەوا پەرلەمانتارانیش رێگەنادەن لێپرسینەوە لە خۆیان بکرێت، ئەمانە گومان دەخەنە سەر کۆی سیستەمی حوکمرانی و دامەزراوە و هەرسێ دەسەڵاتەکان لەم هەرێمەدا. چونکە هەڕەشە لەسەر ئازادییەکان و پێشێلکردنیان تەنها لەو شوێنەدا نیە کە پارێزبەندی لەسەر پەرلەمانتار هەڵگیرێت، هەڕەشە لەسەر رۆژنامەنوسان و میدیاکاران و نوسەران و رۆشنبیرانیش هەیە، ئەی کاتێك رۆژنامەنوسان دادگایی و زیندانی دەکرێن بۆچی پارت و کەسایەتیە سیاسییەکان و پەرلەمانتاران لەسەریان نایەنە دەنگ ! ؟

٧– حکومەت لە رێگای دادگاوە بە هاوکاری داواکاری گشتی، سکاڵا لە دژی پەرلەمانتاران و رۆژنامەنوسان تۆمار دەکات، دادگاش داوای دۆکیومێنتیان لێ دەکات، دۆکیۆمێنتیش دەست ناکەوێت چونکە لای حکومەتە، کەواتە پەرلەمانتاران و سەرۆکایەتییەکەی بەر لەوەی خەمی پارێزبەندیان بێت، پێویستە لە خەمی جێبەجێکردنی یاسای ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١٣ ی یاسای مافی بەدەست هێنانی زانیاری دابن و خۆشیان کاری پێبکەن.

٨– ئەمڕۆ (٢٠٢٠/٥/٥) پەرلەمانتار سۆران عومەر کۆمەڵێك بەڵگەنامەی سەبارەت بە بابەتی گەندەڵی و تێوەگلانی سەرۆکی حکومەت خستە بەردەم میدیاکان، جگە لەوەی دەکرا مانگێك لەمەوبەر بەرێزیان بە یاداشتێك هەمان بەڵگەکانی بۆ پەرلەمان و داواکاری گشتی بناردایە کە داوایان لێ کردبوو، چونکە ئەگەر ئەم بەڵگە مەترسیدارانە راست بن و دادگا و داواکاری گشتی رێکاری یاسایی نەگرنە بەر، ئەوکاتە پێویستە پەرلەمان و پەرلەمانتارانی ناڕازی لەسەر پرسی لابردن و لانەبردنی پارێزبەندی بەئەرکی سەرەکیی خۆیان هەڵسن و لێپێچینەوە لە سەرۆکی حکومەت بکەن، چونکە ناکرێت خستنەڕووی بەڵگە تەنها بۆ کەناڵەکانی راگەیاندن بێت، بەڵکو پێویستە لەخاڵێکدا دۆکیۆمێنتەکان ساغ بکرێنەوە و راستی و دروستیان بخرێتە روو، تا سنورێك بۆ ئیرادە و دەسەڵاتی حکومەت دابنرێت و هیچی تر نەتوانێت هەرکات بیەوێت هەڕەشە لە پەرلەمانتاران و رۆژنامەنوسان بکات. ئەگەر پەرلەمان ئەم هەنگاوە نەنێت، کۆی لێدوان و هەڵوێستەکانی پەرلەمانتاران دەکەونە ژێر پرسیار و گومانەوە !

سەرەنجام ئەرکی پەرلەمان نییە لە دۆسیەی دادگایی لەو داوایانەی لەسەر پەرلەمانتارە بکۆڵێتەوە و بڕیاری لێ بدات، یا رێگری لە لادانی پارێزبەندییەك بکات کە بۆخۆی لە پەیرەودا دایناوە و پەیوەستیش نەبێت پێیەوە، بەڵکو ئەرکی پەرلەمان ئەوەیە ڕەهەندە سیاسییەکانی هەر داوایەك تەماشا بکات و رێگەنەدات تۆماری داوا و جوڵاندنی سکاڵا لەسەر ئەندام پەرلەمان ببێتە نەریت بۆ وەدیهێنانی ئامانجی نا شەرعی. کاری پەرلەمانتاران ئەوەیە چاودێری و بەدواداچوونی ورد بۆ دەسەڵاتی جێبەجێکردن بکەن کەداواکاری گشتی بەشێکە لێی تا یاساییانە کار بکات، کاری پەرلەمان ئەوەیە یاسای داواکاری گشتی هەموار بکاتەوە و ئەم دەزگایە سەربەخۆ بکات و هیچیتر بەشێك نەبێت لە حکومەت، لەهەمان کاتدا پێویستە پەرلەمانتاران لەم دۆخە ناهەموارەی هەرێمدا لەئاست کەموکوڕییەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن و بەهەدەردانی سامانی گشتیدا رێگەی پرساندن و لێپێچینەوە بگرنەبەر و پەرلەمانیش بەپێی پەیڕەو رێکارەکان جێبەجێ بکات، لەکاتێکدا ئەم خولەی پەرلەمان سێیەم خولی گرێدانی بەڕێ دەکات کەچی تا ئێستا رێکارەکانی پرساندن لەهەمبەر هیچ بەرپرسێکی دەسەڵاتی جێبەجێکردندا نەگیراوەتە بەر. خۆ ئەگەر گومان لەوە دەکرێت ئەرکی لێپرسینەوەی حکومەت بەم پەرلەمانە ناکرێت، پێویستە ئەو لایەنە سیاسیانەی ناڕەزایی دەردەبڕن، رێگەو میکانیزمی تر بگرنە بەر. بەپێچەوانەوە هەموو لایەنەکان کە هاوبەشن لەم حکومەتەدا بەبێ جیاوازی بەرپرسیارن لەم دۆخەی دەگوزەرێت.

٢٠٢٠/٥/٥

ناوی ئەو رێکخراو و کەسایەتیانەی واژۆی ئەم یادداشتەیان کردووە:

١– ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان.
٢– رێکخراوی هەڵوێست.
٣– رێکخراوی ستۆپ بۆ رووبەڕوبوونەوەی گەندەڵی.
٤– رێکخراوی ئازاد بوون.
٥– رێکخراوی ماڵی سەرکەوتن.
٦– ناوەندی نیشتیمانی بۆمافی مرۆڤ.
٧– شوان سابیر مستەفا– مافناس و چالاکوانی مەدەنی.
٨– بەهار عەبدولرەحمان – پەرلەمانتاری خولی پێشوو.
٩– هیوا سەید سەلیم– روناکبیر و چالاکوانی مەدەنی.
١٠– جیهاد محەمەد– چالاکوانی مەدەنی.
١١– تەحسین قادر– رێکخراوی ئازاد بوون.
١٢– د.محەمەد عەلی– مامۆستای زانکۆ.
١٣– هاوکار حەیدەر– چالاکوانی مەدەنی

## پاشکۆی ژمارە (١١)

## لە پێناو بەئەرشیف کردنی مێژووی پەرلەمانی کوردستاندا:

## ئینستتیوتی پەی و بنکەی ژین نوسراوێکی لێك تێگەیشتنیان واژۆ کرد

PAY INSTITUTE
For Education & Development

بنکەی ژین

### نوسراوی لێکتێگەیشتن لە نێوان

### بنکەی ژین و ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان

بنکەی بەڵگاندن و لێکۆڵینەوەی ژین و ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان، لەسەر ناوەڕۆکی ئەم نوسراوی لێك تێگەیشتنە پێکهاتن، بۆ برەودان بە بەڵگاندن و پاراستنی بەڵگەنامەکانی تایبەت بە مێژووی کوردستان بەگشتی و مێژووی پەرلەمانی کوردستان بەتایبەتی:

ئامانجەکان بریتین لە:

١.پێکەوەنانی ئەرشیفێکی هەمەلایەنە سەبارەت بە پەرلەمانی کوردستان.

٢.هاندانی توێژەرەوەکان بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی لەبارەی پەرلەمانی کوردستانەوە.

٣.کۆکردنەوەی سەرجەم بەڵگەنامەکانی پەرلەمان خۆی، یا هی فراکسیۆنەکان و پارتە سیاسییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و لایەنەکانی پەیوەندیدار سەبارەت بە پەرلەمانی کوردستان.

هەردوو لا لەم چوارچێوەیەدا لەسەر ئەم خاڵانە ڕێك کەوتن:

١.بنکەی ژین لای خۆیەوە ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان وەك ڕێکخراوێکی ناحکومیی پسپۆڕی بواری چاودێری و بەدواداچوونی کاروباری پەرلەمان دەناسێنێ.

٢.هەردوو لا پێکەوە توێژینەوەی هاوبەشیان سەبارەت بە کاری پەرلەمانی لە کوردستان دەبێ.

٣.بنکەی ژین شوێنی گونجاوە بۆ هەموو بەڵگەنامەیەکی نوسراو، بینراو و بیستراوی تایبەت بە پەرلەمانی کوردستان تەرخان دەکات.

٤.هەردوو لا هەوڵ دەدەن کۆکراوەی بەڵگەنامەکانی تایبەت بە پەرلەمانی کوردستان دەوڵەمەند بکەن.

٥.ئینستتیوتی پەی، ئەرکی کۆکردنەوەی بەڵگەنامەکانی تایبەت بە پەرلەمانی کوردستان دەگرێتە ئەستۆی خۆی.

٦.ئینستتیوتی پوی، هەفتەی ڕۆژێك ئەندامانی خۆی دەسپێرێ بە بنکەی ژین، تا لە کاروباری بەڵگاندن و داتابەیسی بەڵگەنامە و کتێبخانەدا هاوکاریی بکەن.

٤.هەر خاڵێکی تر کە کاتی خۆی لەسەری پێك بێن.

٥.ئەم نوسراوە کە ڕۆژی ٢٠٢٠/٥/١٧ ئیمزا کرا، ماوەی ساڵێك کاری پێ دەکرێ.

| | |
|---|---|
| بنکەی بەڵگاندن و لێکۆڵینەوەی ژین | ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان |
| ٢٠٢٠/٥/١٧ | ٢٠٢٠/٥/١٧ |
| | د. سەروەر عبدالرحمن |

# یادداشتی ئینستتیوتی پەی

## ئەرك و دەسەڵاتی سەرۆکی پەرلەمانە بڕیارە نا یاساییەکان هەڵوەشێنەوە

ئێمە وەك ئینستتیوتی پەی، هاوڕێ لەگەل کۆمەڵێك ڕێکخراو و کەسایەتی، بەر لە کۆبوونەوەی ڕۆژی (٧-٥-٢٠٢٠)ی پەرلەمانی کوردستان تایبەت بە هەڵگرتنی پارێزبەندی لەسەر چەند پەرلەمانتارێك، لە ڕێگای یاداشتێکەوە ناڕەزایی خۆمان لە هەلگرتنی پارێزبەندی بە شێوەی نایاسایی و ڕێککەوتنی شاراوە ڕاگەیاند. ئێستاش دوای دەرچوونی بڕیارەکە ڕووی ڕاستی سیناریۆکە بۆ خەڵك ڕوونتر بۆتەوە، بەتایبەت دوای پێشکەش کردنی داوایەك لە لایەن پەرلەمانتار (سۆران عومەر) کە هەنگاوە نایاساییەکان ڕوونکراوەتەوەو داوای هەڵوەشانەوەی بڕیارەکە لە سەرۆکی پەرلەمان دەکات، بۆیە پێویستە سەرۆکی پەرلەمان بڕیارەکە هەڵوەشێنێتەوە، لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە:

١-بەرێز سەرۆکی پەرلەمان ڕایگەیاند کە کۆبوونەوە ناکات تا شکۆ بۆ پەرلەمان نەگەڕێتەوە،بەڵام ڕوونە ناتوانێ شکۆ بۆ پەرلەمان بگێڕێتەوە تا شکۆ بۆ دەسەڵاتە پەیڕەوییەکانی خۆی وەك سەرۆکی پەرلەمان نەگێڕێتەوە.

٢-نەبوونی کاریگەری ناڕازی بوونی سەرۆکی پەرلەمان بەرامبەر جێگر و سکرتێری پەرلەمان، مانای وایە ئامانجی جێگر و سکرتێر بە هێنانە پێشەوەی بابەتی پارێزبەندی بۆ ئەوە بووە ناڕازای بوونی بێ کاریگەری سەرۆکی پەرلەمان بە دەست بهێنن، چونکە ئەوە دەبێتە سەرەتایەك کە ئەگەر سەرۆکی پەرلەمان لە هەر کارێك ناڕازی بێت دەسەڵاتی خۆی بەکار نەهێنێت، لەگەڵا ئەوەش کۆبونەوە و بڕیارەکان بڕوات لە لایەن جێگر و سکرتێری پەرلەمان، ئەمەش بە مانای لەدەستدانی دەسەڵاتە پەیڕەوییەکانی سەرۆکی پەرلەمان دەگەیەنێت.

٣-ڕێگا دانی سەرۆکی پەرلەمان بە بەکارهێنانی دەسەڵاتەکانی بە پێچەوانەی یاسا، لە کاتێکدا بەڕێزیان لەکاتی کۆبوونەوەکەدا هەم لەپەرلەمان بووەو هەم ناڕەزایی دەربڕیوە، ئەمەش جۆرێك لە هاوکاری بوو بۆ دروست بوونی زۆرینەی نایاسایی.

٤-بنەمای دیموکراسی، سەروەر بوونی یاسا و دامەزراوە و زۆرینە و کەمینەی پەرلەمانیە، بەڵام بە ڕێگادانی سەرۆکی پەرلەمان کۆی دامەزراوەی یاسادانان و دیموکراسی کەوتۆتە بەر مەترسی.

٥-هەر چوار قۆناغی دەرچوونی بڕیارەکە لە (کۆبوونەی دەستەی سەرۆکایەتی، دەستکاری بەرنامەی کار، سەرپەرشتی کۆبوونەوەی پەرلەمان، واژۆکردنی بڕیارەکە) بە ڕوونی جێگری سەرۆکی پەرلەمان دەسەڵاتەکانی سەرۆکی پەرلەمانی بەزاندووە و بە نایاسایی بەکاری هێناوە، ئەگەر ئەم بەزاندنە بە ڕێکەوتنی سەرۆکی پەرلەمان بێت، ئەوا دوو جار تاوانە، خۆ ئەگەر بێ ئاگاداری بەڕێزیان بووبێت ئەوا پێویستە بڕیارەکە هەڵوەشێنێتەوە. بە پێچەوانەوە مەرگی دامەزراوەی پەرلەمان دەکەوێتە ئەستۆی بەڕێزیان.

٦-پەرلەمان باڵاترین دەسەڵاتە بۆ چاودێری و دەرچونی یاسا، چۆن دەکرێت ڕێگا بدات خۆی بڕیاری نایاسایی دەربکات؟ چونکە هەموو پاشماوە یاساییەکانی لەو بڕیارە دەکەوێتەوە لە دادگا بەرامبەر (سۆران عومەر) پووچەڵە.

٧-سەرۆکی پەرلەمان بە گوێرەی پەیڕەو ئەرکی پارێزگارییە لە پەیڕەو یاساو دەستور، ئەی بە چ یاساو بنەمایەك دەست بەرداری دەسەڵاتە یاساییەکانی خۆی بووە بۆ جێگری سەرۆکی پەرلەمان.

بۆیە لە پێناو پارێزگاری لە سەروەری یاسا و دروست نەبوونی سەرەتایەکی نایاسایی لە دەرەوەی دەسەڵاتی سەرۆکی پەرلەمان و پارێزگاری لە شکۆی پەرلەمان، داواکارین بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان بڕیاری ژمارە (٤)ی هەڵگرتنی پارێزبەندی هەڵوەشێنێتەوە کە پێشێلی لایەنی ڕواڵەتی دەرچوونی بڕیارەکەی لە هەر چوار قۆناغ تێدایە.

**ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان**

٢٣/٥/٢٠٢٠

## یادداشتی ئینستتیوتی پەی

ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان بەیاننامەیەکی ئاڕاستەی هەر چوار سەرۆکایەتییەکەی هەرێمی کوردستان ، دەستەی دەستپاکی، دیوانی چاودێری و داواکاری گشتی کرد سەبارەت بەو چاکسازییەی کە بڕیارە حکومەتی هەرێمی کوردستان جێبەجێی بکات.

## چاکسازی لە ڕێگای پێشێلکردنی یاساوە ناکرێ

بۆ بەڕێزان/

–سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان

–سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان

–سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران

–سەرۆکایەتی دەسەلاتی دادوەری

–دەستەی دەستپاکی هەرێمی کوردستان

–دیوانی چاودێری هەرێمی کوردستان

–داواکاری گشتی لە هەرێمی کوردستان

بابەت/ چاکسازی لە ڕێگای پێشێل کردنی یاساوە ناکرێت

پاش سڵاو و ڕێز...

وێرای بونی چەندین سەرنجی یاسایی لەسەر بڕگەو ماددەکانی یاسای چاکسازی کە لە کاتی گفتووگۆو پەسند کردنی پێشکەشمان کرد، بەڵام بەداخەوە گوێتان نەگرت و بە هەندتان وەرنەگرت، سەرەنجام بە کۆمەلێك کەم و کوڕی یاساکە پەسند کرا.

ئێستاش کە بەرنامەی ئەوەتان هەیە چاکسازی بکەن لە ژێر ڕۆشنایی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٠ ی یاسای چاکسازی لە موچەو دەرماڵەو بەخشین و ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی لەهەرێمی کوردستان، ئەم سەرنجانەمان هەیە:

یەکەم: بەپێی ماددەی (١٩) لە یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٠ ی یاسای چاکسازی لە موچەو دەرماڵەو بەخشین و ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی لەهەرێمی کوردستان، سێ مانگ لەدوای دەرچوونی پەیڕەوەکە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، کە سەرەتای مانگی چوار دەرچووە، کەواتە یاسای چاکسازی دەبێت لە مانگی حەوتی ساڵی (٢٠٢٠) بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

بەڵام بەداخەوە لە هەرێمی کوردستاندا دوو جۆر مانگ هەیە، (مانگی تەقویمی) و (مانگی مووچە)، بە گوێرەی مانگی تەقویمی بێت یاساکە لە مانگی (حەوت/تەمموز) دەچێتە جێبەجێکردن، بەلام تا ئێستا مووچەی مانگی (دوو/شوبات) نەدراوە.

لەکاتێکدا ئەو یاسایە تایبەتە بە ڕێکخستنەوەی موچەو دەرماڵەو خانەنشینی فەرمانبەران، کە ئەوان بە ئەرکی خۆیان هەڵساون لە شەش مانگی رابردوودا بەڵام مافەکانیان وەرنەگرتووە،

بۆیە پێویستە ئەو یاسایە کاتێك بچێتە بواری جێبەجێ کردن کە فەرمانبەران موچەی مانگی (حەوت/تەممون) وەردەگرن، نەك ئێستا مووچەی مانگی (دوو/شوبات)یان وەرنەگرتووە.

دووەم: بە گوێرەی برگەکانی (دوو، سێ) لە ماددەی (١١)ی یاساکە، ئەرکی چاودێری و جێبەجێ کردنی ئەو یاسایە بە دەستەی دەستپاکی و دیوانی چاودێری دارایی سپێردراوە، لە کاتێکدا ئەم دوو دەستەیە ماوەی یاسایان بەسەر چووەو بەنایاسایی کارەکانیان رایی دەکەن. دەستەی (دەستپاکی) ماوەی سێ ساڵە لە (٢٠١٧/٥/١٣)ەوە ماوەی یاسایی سەرۆکەکەی بەسەر چووە. (دیوانی چاودێری دارایی) ماوەی دوو ساڵە لە (٢٠١٨/٥/٧)ەوە ماوەی یاسایی سەرۆکەکەی بەسەر چووە. پەرلەمان لە خولی چوارەمدا دەبوایە بەپێی یاسا چارەسەری بۆ بکات، بەڵام نە خولی چوارەم هیچ رێو شوێنێکی گرتەبەر بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە یاساییەو نە خولی پێنجیش.

بەڕێزان... بۆ ئەوەی یاسا سەروەر بێت و رێچکەی خۆی بگرێت، بۆ ئەوەی مافی فەرمانبەران و موچەخۆرانی هەرێمیش نەفەوتێت کە ئەرکی خۆیان ئەنجامداوەو مافەکانیان وەرنەگرتووە، پێویستە سەرجەم دامەزراوەکان بە ئەرکی خۆیان هەڵسن و ئەم هەنگاوانە بنرێت:

١-یاساکە لەکاتی پێدانی موچەی مانگی حەوتی ساڵی ٢٠٢٠ بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، نەك لەگەڵ پێدانی موچەی مانگی دووی ساڵی ٢٠٢٠. چونکە بەپێی یاساکە موچەی فەرمانبەران کەمدەبێتەوەو دەرماڵەکانیان دەبڕدرێت و ئەمەش بەپێی خودی یاساکە کارێکی نایاساییە.

٢-لە زووترین کاتدا پەرلەمانی کوردستان گرفتی یاسایی سەرۆکەکانی هەردوو دامەزراوەی (دیوانی چاودێری و دەستەی دەستپاکی) چارەسەر بکات، بەپێچەوانەوە سپاردنی جێبەجێکردنی یاسایەك بەناوی چاکسازییەوە بە دوو دامەزراوە کە خۆیان نایاسایی کارەکانیان رایی بکەن نەنگییەکی گەورەیە بۆ دەسەلاتی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەریش. بەپێی ئەو پرەنسیپە یاساییەش کە دەڵێت (المبنی علی الباگل فهو باگل)، (ئەوەی لەسەر پوچ بنیاد نرابێت هەر مایە پوچە)ی بەسەردا جێبەجێ دەبێت.

٣-ئەگەر نیەتی یاسادانەرانی کوردستان لە دانانی ماددەی (٥) لە یاسای چاکسازیدا بڕینی دەرماڵەی فەرمانبەران نەبووە وەك خۆیان بانگەشەی بۆ دەکەن، ئەوا دەبێت رێگری بکەن لە حکومەت بۆ کەمکردنەوەی مووچەی فەرمانبەران، بە پێچەوانەوە ئەوە پەرلەمان و پەرلەمانتارانن داڕێژەرو جێبەجێکاری کەمکردنەوەی مووچەی فەرمانبەرانن.

لەگەڵ رێزدا

وێنەیەك بۆ/

-سەرجەم فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان.

-رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی.

-سەندیکای پارێزەرانی کوردستان.

-مەکتەبی سیاسی حزبە کوردستانییەکان کە نوێنەریان لە پەرلەمان هەیەو لە حکومەتدا بەشدارن.

**ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان**

**٢٠٢٠/٦/٦**

## پاشکۆی ژمارە (١٤)

# یادداشتی ئینستتیوتی پەی

## ناکرێ پەرلەمان کەرەنتینەی سیاسی بکرێت

ململانێ سیاسییەکان خەریکە پەکی پەرلەمانی کوردستان دەخەن و ئەم دامەزراوە گرنگە لەسەر ڕێڕەوی خۆی لادەدەن، ئەرکە سەرەکییەکانی پشتگوێ دەخەن. تەنانەت کۆمەڵێك کاری نایاسایش بەناوی یاساو پەرلەمانەوە لەپێناو جێبەجێکردنی ئەجێندا سیاسیەکانیان ئەنجامدەدەن.

دوابەدوای ئەوەی لە کۆبوونەوەی ڕۆژی (٧-٥-٢٠٢٠) پەرلەمان بە بڕیاری ژمارە (٤) پارێزبەندی لەسەر پەرلەمانتار سۆران عومەر هەڵگرت، وێڕای ئەوەی ناڕەزایی بەشێك لەپەرلەمانتاران و لایەنە سیاسیەکانی لێکەوتەوە، ڕێکارەکانی دەرکردنی بڕیارەکەش بەڕێڕەوی یاساییدا تێنەپەڕی بوو و کۆمەڵێك خاڵی ناپەیڕەوی لەدەرکردنیدا بەدی دەکرا، بۆ ئەم مەبەستە هەم سۆران عومەر یاداشتێکی ئاراستەی سەرۆکی پەرلەمان کردبوو و هەم ئێمەش وەك ئینستتیوتی پەی لە (٢٣-٥-٢٠٢٠) لە یاداشتێکدا خاڵە نایاساییەکانی بڕیارەکەمان دەستنیشانکردبوو و بە ئەرکی سەرۆکی پەرلەمانمان زانی وەك ئەوەی بانگەشەی بۆ دەکرد گوایە ناڕازی بووەو ئاگاداری ئەو کارە نایاساییانە نەبووە، پێویست بوو هەڵی بوەشێنێتەوە.

لەئەنجامدا ئەمڕۆ (١٥-٦-٢٠٢٠) دەنگۆی ئەوە بلاوکرایەوە گوایە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان بڕیارەکەی هەڵوەشاندۆتەوە، ئەگەر ئەم دەنگۆیە ڕاست بێت هەنگاوێکی بوێرانەیە و دەبێت هەنگاوەکانی تریشی بەدوادابێت، چونکە تا ئێستا نەکەس ئەو بڕیارەی بینیوەو نە لە هیچ شوێنێکیش بڵاوکراوەتەوە، هەربۆیە لەسەر بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان پێویستە بۆ ڕەواندنەوەی ئەوگومانانەی ئاماژە بە تێوەگلان و ئاگاداری بەڕێزیان دەکەن لە دەرکردنی بڕیاری هەڵگرتنی پارێزبەندییەکەدا، ئەم هەنگاوانەش بنێت:

١-بڕیارەکە لە ماڵپەڕی فەرمیی پەرلەمانی کوردستاندا بڵاو بکرێتەوە، چونکە ئەوەی تا ئێستا باس دەکرێت فەرمی نیە.

٢-بڕیارەکە لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقائیعی کوردستان بلاوبکرێتەوە، چونکە تا ئێستا کەس نەیبینیوە.

٣-وەك فەرمانێك هاوشێوەی بڕیاری ژمارە (٤) کە بۆ دادگاکان ناردراوە، بەفەرمی بنێردرێت بۆ دادگا بەمەبەستی ڕاگرتنی بڕیاری پێشوو، چونکە بەپێی بڕیارەکە پارێزبەندییەکە بۆ ناوبراو دەگەڕێتەوە.

ئەگەر ئەم هەنگاوانە بنرێن، ڕاستگۆیی سەرۆکی پەرلەمان و متمانەی بەڕێزیان و ئەو هێزە سیاسییانە دەگەیەنێت کە پاڵپشت و بانگەشەکاری پەیامەکە بوون، بەپێچەوانەوە جگە لەکارتێکی سوتاو کەتەنها بۆ خۆبەپاڵەوانکردن و چاوبەستەکی خەڵکی و بەلاڕێدابردن زیاتر هیچی تر ناگەیەنێت.

کوردستان بە قۆناغێکی سەختدا تێدەپەڕێت، برسێتی و نەبوونی موچەو خراپی گوزەران برستی لە هاولاتیان بڕیوە، تارمایی پەتای کۆرۆنا باڵی بەسەر هەرێمدا کێشاوەو ڕۆژانە زیاد لە سەد کەس توشی پەتاکەدەبن و چەندان کەس گیان لەدەستدەدەن، بە سیستەمێکی تەندروستی خراپ و بایکۆت و مانگرتنی پزیشکان و کارمەندانی تەندروستی مەترسی گەورەتر لەبەردەمدایە، سەرباری لوتبەرزی و لەخۆبایی بوونی بەرپرسانی بەغدا (بەکورد و عەرەبەوە) و عینادی بەرپرسانی هەرێم تەنگژەکان قوڵتر دەکاتەوە، ئەمانەو سەرباری مەترسی بۆردومان و لەشکرکێشی تورکیاش بۆسەر هەرێم. لەبارودۆخێکی دژواری لەم جۆرەدا، پێویستە پەرلەمانی کوردستان وەك باڵاترین دامەزراوەی سیاسی و یاسایی و شەرعیی هەرێم، کۆکەرەوەی هێز و لایەنە سیاسیە جیاجیان بێت و تەعبیر لە خواست و داواکاری و ئازارەکانی خەڵکی کوردستان بکات و لەئاست بەرپرسیارێتی سەردەمەکەدابێت، یاسای باش دابڕێژێت و چاودێریی وردی دەسەلاتی جێبەجێکردن بکات، نەك خۆی بە بابەتی لاوەکییەوە سەرقاڵ بکات و بکرێت بە ئامرازێك بۆ بەجێگەیاندنی ئەجێندا کاتییەکانی هێزە سیاسییەکان لەسەر حیسابی پێشێلی یاساو پیرۆزییەکانی خەلکی کوردستان و لەئەنجامی بەیەك نەگەیشتنیان دامەزراوەکە کەرەنتینەی سیاسی بکەن و پەکی بخەن.

**ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان**

**٢٠٢٠/٦/١٥**

## پاشكۆی ژماره (١٥)

# یادداشتی ئینستتیوتی پەی

## سەرۆكی پەرلەمان لە بڕیارەكەی خۆی پەشیمان بوویەوە!

بەپێی نوسراوێك بە ژمارە (٤-٥-١٠١٠) كە لە (٢٨-٦-٢٠٢٠) بە واژۆی سەرۆكی دیوانی پەرلەمانی كوردستان ئاراستەی پەرلەمانتار سۆران عومەر كراوە، هاوپێچی نوسراوی دادگاو پۆلیسی و لەگەڵدایەو داوادەكات ناوبراو وەك تۆمەتبارێك لە بنكەی پۆلیسی خانەقا لەهەولێر ئامادەبێت بەمەبەستی وەرگرتنی وتەكانی!

ئەو بەڵگانە پێمان دەڵێن لە بنەماوە سەرۆكی پەرلەمان باوەڕی بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ژمارە چوار نەبوو، هەر بۆیە لە وەقاییعی كوردستانیش بڵاوینەكردۆتەوە و پاڵپشت بە بڕیاری ژمارە (٤) ی هەڵگرتنی پارێزبەندی كە جێگرەكەی دەریكردووە، داوا لە سۆران عومەر دەكات لەبنكەی پۆلیس ئامادەبێت.

لەكاتێكدا ئەگەر سەرۆكی پەرلەمان ڕێزی نوسراوەكەی خۆی بگرتایەو كاری پێ بكردایە دەبووایە هەر لەڕێگەی دیوانی پەرلەمانەوە لەبری ئەوەی نوسراوی ئاگاداركردنەوەی پۆلیس بۆ سۆران عومەر بنێرێت، نوسراوی بۆ دادگا بكردایە و ڕاییگەیاندایە كە ناوبراو ئامادەنابێ، چونكە پارێزبەندی بۆ گەڕاوەتەوە.

بەداخەوە دەركەوت سەرۆكی پەرلەمان لە یارییەكی نایاسایی و ناسیاسیدا، بەڕێگەی نایاسایی هاوكار بوو كە پارێزبەندی لەسەر سۆران عومەر لابرێت، لەلایەكی ترەوە بەناوی شكۆی پەرلەمانەوە دوو مانگ پەرلەمانیشی پەكخست، دواتر نوسراوێكی دەركرد و ناوی نا گێڕانەوەی پارێزبەندی بۆ سۆران عومەر و وەك دەسكەوتێك بۆخۆی بەكاری هێنا! كەچی تازە دەچێتەوە سەر ئەو خاڵەی كە لە (٧-٥-٢٠٢٠) پارێزبەندی هەڵگیراوەو لەڕێگەی سەرۆكی دیوانەوە پاڵپشت بەو بڕیارەی بە نایاسایی ناوی دەبرد داوادەكات سۆران عومەر وەك تۆمەتبار لەبنكەی پۆلیس ئامادەبێت!

بابەتی سەرەكی چوون و نەچوونی پەرلەمانتار سۆران عومەر نیە بۆ بەردەم دادگا، بەڵكو قسە لەسەر ئەوەیە كە ئەم دامەزراوە گرنگەی ناوی پەرلەمانە لەڕێڕەوی خۆی لادراوە و بۆ مەرامی تر بەكار دەهێنرێت، لەبری ئەوەی لەم قۆناغە قورسەی هەرێمدا بە ئەركەكانی خۆی هەستێت، نزیكەی دوو مانگە خەریكی یارییەكی ترسنناكە. لەكاتێكدا هەرێم لەقەیرانی ئابوری و سیاسی و تەندروستی و ... نغرۆ بووە!

بۆیە ئەركی پەرلەمانتاران و بەتایبەتی ئەو فراكسیۆنانەیە كە پێشتر ناڕەزاییان لە بڕیاری ژمارە (٤)ی هەڵگرتنی پارێزبەندییەكە دەربڕیبوو، ئەمڕۆ لەدانیشتنی پەرلەماندا ئەو پرسیارە لە بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان بكەن كە: بۆچی ڕێزی لەو بڕیارەی خۆی نەگرت كە دوو مانگی بەهۆیە پەرلەمانی بۆ پەكخستبوو.

لەوەش گرنگتر كە پەیوەندی بە بژێوی موچەخۆران و پێشێلی یاساوە هەیە، حكومەت لە بڕیارێكی نایاساییدا موچەی كەمكردۆتەوە و بەبێ گەڕانەوە پەرلەمانی كوردستان، بۆیە ئەركی پەرلەمان بوو لەدانیشتنی ئەمڕۆیدا یەكەم برگەی كاری ئەم پرسە بووایە، كەچی بەداخەوە پەرلەمان بەم ئەركە یاساییەنە هەڵناسێت، لەبری ئەوە پەرلەمان بە بابەتی لاوەكییەوە سەرقاڵ كراوە. ئیتر ناكرێت دامەزراوە گشتی و چارەنوسسازەكان بۆ مەرام و مەبەستی تایبەتی بەكار بهێنرێن.

**ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان**

**٢٠٢٠/٦/٢٩**

## یادداشتی ئینستتیوتی پەی

PAY INSTITUTE
For Education & Development

### پەرلەمان دامەزراوەی یاسادانان و چاودێرییە، نەك سەکۆی ململانێ حزبییەکان

لـەم دواییانـەدا بابـەتی هـەڵگرتنی پارێزبەنـدی لەسـەر پەرلـەمانتارێك لەلایـەن فراکسـیۆنی پـارتی و جێگـری سـەرۆك و دواتـر هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە لەلایەن سەرۆکی پەرلەمانەوە پـەکی پەرلەمانی خستبوو، سـەبارەت بـەو بابەتـە و لەچوارچێوەی کـاری چاودێریی پەرلەماندا چەند یاداشت و بەیانێکمان بڵاوکردەوە، ئەوەی جێگەی هەڵوەستە لەسەر کردنە لە ئێستادا

وەڵامی وەزارەتی دادە کـە بەنوسـراوی ژمـارە (٢٨) لـە ڕۆژی ٢٠٢٠/٦/٢٩ وەزیـری داد ئاڕاسـتەی سـەرۆکایەتی پەرلـەمانی کـردووە سەبارەت بە ڕەتکردنەوەی بڵاوکردنەوەی بڕیاری سەرۆکی پەرلەمان بۆ هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ژمارە (٤)ی هەڵگرتنی پارێزبەندی.

قسەی ئێمە لەسەر یاسایی بوون و نا یاسایی بوونی بڕیارەکەی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان نیە، ئەوە بابەتێکی ترە، نە کاری ئێمەیە و نە کاری وەزارەتی دادده، بەڵکو ئەرکی لایەنی تری پەیوەندیدارە و ڕێکاری خۆی هەیـە بـۆ یەکلاکردنـەوەی. مەبەسـتی ئێمـە لایـەنی نـا یاسایی نوسراوەکەی بەڕێز وەزیری دادە کە ئەویش بووە بە بەشێك لەو سیناریۆیەی لە هەوڵی بچوك

کردنەوەی پەرلەمان و لە ڕێگە لادانیەتی و ئەگەر ئەم ڕێکارانە بەردەوامبن دەبێتە نەریتێکی خراپ لەمێژووی یاسـادانان لـە هـەرێمی کوردستان. کە خاڵە نا یاساییەکانی لێرەدا دەخەینە ڕوو:

١-بەپێی یاسا وەزارەتی داد بۆی نیە نوسراو ڕاستەوخۆ ئاراستەی سـەرۆکایەتی پەرلـەمان بکـات، بـەڵکو دەبوایـە بـەڕێکاری خـۆی لەڕێگەی ئەنجومەنی وەزیرانەوە وەڵامی بدایەتەوە و ڕەچاوی پلەبەندی کارگێڕیی بکردایە.

٢-لەنوسراوەکەی وەزیری دادا ئاماژە بەوە دراوە کە بڕیارەکەی سەرۆکی پەرلەمان (بـە پێـی یاسـا بـەبڕیارێکی نـەبوو دادەنرێـت)، پرسیار ئەوەیە ئایا لەڕووی یاساییەوە چ لایەنێك تایبەتمەندە بە بڕیاردان لە یاسایی بوون و پوچەڵبوونی بڕیارەکان؟ بێگومان ئەم بابەتە لە تایبەتمەندێتی دەسەڵاتی دادوەرییە کە لە یاسایی بوون و نایاسایی بوونی بڕیارەکە بپێچێتەوە و

یەکلای بکاتەوە. هەر بۆیە وەزارەتی داد لایـەنی تایبەتمەنـد نیـە بـە بڕیـاردان لـە مەشروعیەتی بڕیارەکـە، جـا کـارگێڕی بێـت و یـا پەرلەمانی، چونکە ئەگەر بڕیارەکە کارگێڕیی بوو ئەوا بابەتەکە لە تایبەتمەندی دادگای کارگێڕییە و ئەگەر بڕیارێکی پەرلەمانیش بوو ئەوا لە تایبەتمەندی دادگایەکی دەستوورییە کە لە هەرێمدا بوونی نییە. کەواتە ئەم بابەتە دەسەڵاتی یاسایی بە

هـیچ دامەزراوەیـەکی دادوەریـی یـان جێبـەجێکردن تەنانـەت یاسـادانانیش نـادات تـا بڕیـاری یاسـایی بـوون و پوچـەڵبوونی بڕیـاری پەرلەمانی بدات .

٣-بەپێی بڕگەی یەکەم لە مادەی دووەمی یاسای بڵاوکردنەوە لەرۆژنامەی ڕەسمیدا (وەقایعی کوردستان) ژمارە (٤ی ساڵی ١٩٩٩)، هاتووە: (یاسا و بڕیارەکانی پەرلەمانی کوردستان-عێراق و ئەوەی بەهاوپێچەکانیان حساب دەکرێن یان ئەوەی تیایدا دەقی گرتووە بـۆ بڵاوکردنەوەی) بڵاودەکرێنەوە، بڕیاردان بە بڵاوکردنەوەو بڵاونەکردنەوەی بڕیارێکی

سەرۆکی پەرلەمان لە دەسەڵاتی وەزیری دادی نیە و لە هیچ دەقێکدا ئاماژەی پێنەکراوە.

لەبەر ئەم هۆکارانە نا یاسایی بوونی نوسراوەکەی بەڕێز وەزیری داد دەردەکەوێت، جێگەی سەرسوڕمانیشە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان لەسەر مەرجەعییەتی یاسایی و شکۆی پەرلەمان و بڕیار و واژۆکەی خۆیان بێدەنگن!

لەبری ئەوەی پەرلەمان لەم قۆناغە سەختەدا بەرۆڵی گرنگی خۆی هەستێ و کۆدەنگییەك دروستبکات لەنێوان لایەنـە سیاسـیەکان و یەك گوتارییەکی نیشتیمانی لەهەمبەر تەنگژەکانی هەرێم لەگەڵ بەغدا بێنێتەکایەوە، مشورێکی گوزەرانی خەڵکی هـەژار و موچـە بـڕاو و بێ ئیش بخوات، خۆی سەرقاڵ کردووە بە بابەتی لاوەکی و ململانێی حزبی و سەرکردەکان و

تەسفیەی حیساباتی خۆیان لەسەر حیسابی خەڵك لەو دامەزراوەدا یەکلا دەکەنەوەو هەموو هەوڵێکیان بۆ لاوازکردن و پەراوێزخسـتن و بێ بەهاکردنی ئەم دامەزراوەیە. ئەرکی هەموو لایەکە کە ڕێگرین لەبەردەم ئـەو هەوڵانـەی دەیانـەوێت پەرلـەمان بێدەسـەڵاتتر بکـەن و لەڕێڕەوی خۆی لایبدەن و ئەو بڕیار و هەوڵە نایاساییانە ڕابگرن و ڕێگەنەدەن ببن بەنەریت بۆ داهاتووی پەرلەمان.

**ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشە پێدان**

**٢٠٢٠/٧/٤**

# یادداشتی ئینستتیوتی پەی

## پەرلەمانێك بەبارمتە گیرابێت، ناتوانێت ئەرکەکانی جێبەجێ بکات

بەپێی بەدواداچونێکی مەیدانی ئینستتیوتی پەی، باڵاترین دەسەڵاتی یاسادانان وچاودێریکردن، مەرجەعی سیاسی و یاسایی خەڵکی کوردستان کە پەرلەمانە، نەیتوانیوە هاوسەنگی لەنێوان ئەرکەکانی و ئەو کێشانەی هاتوونەتە کایەوە رابگرێت، نەیتوانی لەئاست ئەو ئاڵنگارییە مەترسیدارانەدا بێت کە رووبەڕووی خەڵکی کوردستان بوونەتەوە، بۆ راستیی ئەم واقیعە تاڵە ئەم راستیانە دەخەینە روو:

یەکەم: ئەو کێشانەی رووبەڕووی خەڵکی کوردستان بوونەتەوە:

لەماوەی پێنج مانگی رابردوودا کە وەرزی گرێدانی کۆبوونەوەکانی پەرلەمان بوو، قەیرانگەلێکی قورس و مەترسیدار رووبەڕووی خەڵکی کوردستان بوونەتەوە، وەك:

١-لەشکرکێشی سوپای تورکیا و بۆردوومانەکانی بۆ سەر هەرێمی کوردستان.

٢-کێشەکانی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم، مەسەلەی تەعریب و دەغڵ و دان سوتاندن.

٣-مەترسیی سەرهەڵدانەوەی گروپی تیرۆریستیی داعش و پەلامارەکانیان.

٤-گرفت و تەنگژەی دانوستاندنەکانی نێوان هەرێم و بەغدا.

٥-کێشەی قەیرانی دارایی و دابەشنەکردنی موچەو گرفتەکانی یاسای چاکسازی.

٦-وەستانی بازاڕ و نەبوونی کەسابەت و خراپیی گوزەرانی هاوڵاتیان.

٧-کەمکردنەوەی موچەی فەرمانبەران بە بڕیارێکی نایاسایی حکومەت.

٨-هەڕەشەی ڤایرۆسی کۆرۆناو راگرتنی بازاڕ و ئیجرائاتەکانی کەرەنتینەکردن و خراپی خزمەتگوزاریی نەخۆشخانەکان.

٩-راگرتنی هاتوچۆی نێوان شارەکان و بەسیاسی کردنی پەتاکە.

١٠-کەڵەکە بوونی قەرزێکی زۆر لەسەر خەزێنەی حکومەت.

١١-پێشێلکردنی زۆرینەی یاسا بەرکارەکانی هەرێم.

١٢-بەردەوامی ناشەفافیی نەوت و داهاتی خاڵە سنورییەکان و گومرگ و رسومات و باجەکان.

١٣-گرفتی بێبایەخکردنی بەرهەمی جوتیاران و نەبوونی بازاڕ بۆیان.

ئەمانەو چەندان گرفت و قەیرانی تر بەرۆکی هەرێمی کوردستان و خەڵکەکەی گرتووەو مەترسیی جددی هێناوەتەکایەوە، کەچی ئەوەی دووا کەس بێت هەستی پێ بکات و هیچ قسەیەکیشی نەبێت، پەرلەمانە.

دووەم: ئەو ئەرکانەی پەرلەمانی کوردستان لەماوەی ئەو (١٥٠) رۆژەدا کردوویەتی:

سەرباری هەموو ئەم قەیران و گرفتە مەترسیدارانە، پەرلەمان لەماوەی ئەم خولی گرێدانەدا، بەو مانگەشەوە گوایە بەمەبەستی کارکردن درێژی کردەوەو پشووی وەرنەگرت، هیچ هەنگاوێکی نەناوە، ئەگەر سەرنجێکی بەرهەمی کارەکانی بدەین لەو ماوەیەدا، ئەوە دەسەلمێنرێت:

١-لە ماوەی (١٥٠) رۆژدا پەرلەمان تەنها (٥) دانیشتنی ئەنجامداوە، لەکاتێکدا بەپێی مادەی (٥١)ی پەیرەو دەبوایە (٤٢) دانیشتنی ئاسایی ئەنجام بدات.

٢-لە ماوەی (١٥٠) رۆژدا پەرلەمان تەنها (١٠) کاتژمێر و (٢٠) خولەك کۆبۆتەوە.

٣-لە ماوەی (١٥٠) رۆژدا پەرلەمان تەنها یەك یاسای دەرکردووە بەناوی (یاسای بەرەنگاربوونەوەی بەقاچاغبردنی نەوت)، ئەم یاسایەش لەلایەن سەرۆکایەتی هەرێمەوە رەت کراوەتەوە.

٤–لە ماوەی (١٥٠) ڕۆژدا پەرلەمان تەنها (٣) بڕیاری دەرکردووە، ئەو سێ بڕیارەش بێ بەرهەم بوون کە بریتین لە:
–بڕیاری پێشکەشکردنی پێشنیازە یاساو بڕیار لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان، کە لەو ماوەیە هیچ پڕۆژە یاسایەك پێشکەش نەکراوە.
–بڕیاری درێژکردنەوەی خولی بەهارەی پەرلەمان بۆ یەك مانگ، لەو ماوەی درێژکردنەوەیەدا هیچ کۆبوونەوەیەك ئەنجام نەدراوە.
–بڕیاری هەڵگرتنی پارێزبەندی لەسەر پەرلەمانتار سۆران عومەر، سەرباری تێبینی زۆر لەسەر شێوازی دەرکردنی بڕیارەکە بووە مایەی پەککستنی زیاتری پەرلەمان.

٥–لە ماوەی (١٥٠) ڕۆژدا لە دانیشتنەکانی پەرلەماندا لە کۆی (١١١) ئەندام، تەنها (٧٢) پەرلەمانتار قسەیان کردووە:

ئەوانەی چوار جار قسەیان کردووە: (٧) پەرلەمانتار

ئەوانەی سێ جار قسەیان کردووە: (٦) پەرلەمانتار

ئەوانەی دوو جار قسەیان کردووە: (٢٩) پەرلەمانتار

ئەوانەی یەك جار قسەیان کردووە: (٣٠) پەرلەمانتار

ئەوانەی هیچ قسەیەکیان نەکردووە: (٣٦) پەرلەمانتار

ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی: (٣) ئەندام

بەمەش سەرجەمی دەکاتە (١١١) ئەندام، لەکاتێکدا بەشێك لەو پەرلەمانتارانە کە لەپەرلەماندا هیچ بەشدارییەکیان نیە، کەچی لەو (١٥٠) ڕۆژەدا لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندندا دەیان کاتژمێر قسەیان کردووەو خەڵکی کوردستانیان بە موزایەدەکانیان هەراسان کردووە.

٦–لە ماوەی (١٥٠) ڕۆژدا و تەنها لە پێنج دانیشتندا (٧٠) حاڵەتی ئامادە نەبوونی ئەندامان تۆمار کراوە.

٧–لیژنەهەمیشەییەکانی پەرلەمان لەماوەی (١٥٠) ڕۆژدا، کەمترین کۆبوونەوەیان ئەنجامداوە، لەکاتێکدا بەپێی برگەی دووەمی ماددەی (٣٠) ی پەیڕەو بەلای کەمەوە دەبوایە هەر لیژنەیەك مانگی دوو کۆبوونەوەی بکردایە کەلەو ماوەیەدا دەکاتە (١٩٠) کۆبوونەوە.

٨–لە ماوەی (١٥٠) ڕۆژدا لە کۆبوونەوەی لیژنەکاندا (١٠١) حاڵەتی ئامادەنەبوونی ئەندامان تۆمار کراوە.

٩–لە ماوەی (١٥٠) ڕۆژدا پەرلەمان سەرباری ئەو هەموو قەیران و سەرپێچییەی دەسەلاتی جێبەجێکردن هیچ ئەندامێکی ئەنجومەنی وەزیرانی بەمەبەستی لێپێچینەوە بانگهێشت نەکردووە.

١٠–لە ماوەی (١٥٠) ڕۆژدا تەنها میوانداری دوو وەزیری (پەروەردەو خوێندنی باڵا)ی کردووە، بەبێ ئەوەی بەدواداچوون بۆ کارەکانیان و سەرپێچیەکانیان بکات.

١١–کار نەکردنی لیژنەکانی پەرلەمان لەسەر ئەو دەیان پڕۆژەیەی خوێندنەوەی بۆ کراوە، پشتگوێخستنی سەرۆکایەتی پەرلەمان لەو دەیان پڕۆژەیەی تر کە نایانخاتە بەرنامەی کارەوە، بێ وەڵامی سەدان پرسیار کە لە حکومەت کراون، بەدەنگەوە نەچوونی وەزیرەکان بۆ بانگهێشت و نەچوونیان بۆ هۆڵی پەرلەمان، ئەمانەو چەندان پرسی تر کە پەرلەمان لەئاستیاندا نادیدەو بێدەنگە!

١٢–سەرباری هەموو ئەمانە، دەیان جار لە پەرلەمان پێشێلی پەیڕەو و یاساکان کراوە، جا چ پەرلەمان خۆی کردبێتی، کە لە دیارترین و تازەترینیان بەکارهێنانی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی پەرلەمانە لەلایەن جێگرەکەیەوە بەئامادەبوون و بێدەنگی سەرۆك، یاخود بەرامبەری کراوە وەك بەیاننامەکەی وەزارەتی داد سەبارەت بە بڵاونەکردنەوەی بڕیاری سەرۆکی پەرلەمان لە وەقائیعی کوردستان، کە خەریکە ئەو پێشێلکاریانە دەبن بە نەریت لە پەرلەمانی کوردستاندا.

ئەنجام:

ئەم دامەزراوە گرنگە لەلایەن حزبە سیاسیەکانەوە نەك هەر پشتگوێخراوە، بەڵکو بەبارمتە گیراوەو کراوە بەئامرازێك بۆ یەکالاکردنەوەی ململانێکانیان، لەسەر شارێی ئەرکە یاسایی و نیشتمانییەکانی ترازێنراوە. خودی پەرلەمان و پەرلەمانتارانیش نەك هەر بەئەرکی خۆیان هەڵنەستاون، بەڵکو بوونەتە ئامرازی ماکیاژکردنی ئەو دەسەلاتەی لەسەرجەم بەلێنەکانی پاشگەز بۆتەوە کە بەهاوڵاتیانی دابوو و بە کارەنایاساییەکانی ئەزموونەکەیشی خستۆتەبەردەم مەترسییەوە. لەسایەی ئەم ڕەوشە ناهەموارەی دەگوزەرێت، دوو ئاراستەی چەواشەکارانە دەبینرێن، ئاراستەیەکیان داوای ئەوە دەکات پەرلەمان بەم شێوازە قۆرخکارییەی بەردەوام بێت و ئاراستەکەی تریش داوای هەڵپەساردن و ڕاگرتنی دەکات، دەرەنجامەکان و تێکڕای کار و هەڵوێستەکانی پەرلەمان لەو (١٥٠)

ڕۆژەی بەنمونەمان هێناوەتەوە کە خولێکی گرێدانە پێمان دەڵێن کە هیچ کام لەو ئاراستانە راستگۆنین لەگەڵ ئەو پەیامانەی هەڵیان گرتووەو لەگەڵ ئەو وادەو بەڵێنانەی بە هاولاتیانیان دابوو. لەنێوان ئەم دوو ئاراستەیەشدا ئاراستەی سێیەم هەیە کە پێکهاتووە لە حزبە ئۆپۆزیسیۆنە کۆن و تازەکان و ئەوانیش نەك بەشێك نەبوونە لە چارەسەر بەڵکو هەمیشە پارسەنگێك بوون هەرجارەو بەلایەکدا بۆ ڕاگرتنی ڕەوشەکە بەو شێوازەی هەبووەو هەیە. ئەگەر وانیە بۆچی نەمانبینی هیچ کامیان (چ لەسەر ئاستی فراکسیۆن بێت یاخود وەك تاك) هەڵوێستێکی ڕاشکاوانە بگرنەبەر و دەست لەکار بکێشنەوە؟

پرسیاری هاوڵاتیان ئەوەیە: پەرلەمان لەکوێی هاوکێشەکاندایە لەکاتێکدا هەرێمی کوردستان نغرۆی کێشەو قەیران بووە!؟ پەرلەمانێك نەتوانێت بە ئەرکەکانی خۆی هەڵسێت، نەك هەر یاسای پێ پەسەند نەکرێت و بەدواداچوون بۆ پێشێلی یاساکانی خۆی نەکات بەڵکو خۆی پێشێلی ئەو یاسایانە بکات کە دەری کردوون! پەرلەمانێك نەك چاودێری دەسەلاتی جێبەجێکردنی پێ نەکرێت بەلکو حکومەت وەك چاودێرێك بێت بەسەریەوە! پەرلەمانێك ماوەی (٨) ساڵە نەك هەر یاسای بودجەی پەسەند نەکردبێت بەلکو لە (٩) ساڵی ڕابردوودا حکومەت ژمێرەی کۆتاییشی بۆ نەناردبێت کەچی دەنگی لێوە نەیەت! پەرلەمانێك نەك هەر نەیتوانیبێت یەکڕیزی دروستبکات و ناوماڵی کورد یەك بخات بەڵکو هۆکاری پەرتەوازەیی زیاتر بێت! پەرلەمانێك لەپرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکاندا بێدەنگ و بێ هەڵوێست بێت! پەرلەمانێك هەر چوار دەستەی بەناو سەربەخۆی (چاودێری دارایی، ماف مرۆڤ، دەستپاکی، کۆمسیۆنی هەڵبژاردن) کەپەیوەستن بەخۆیەوە ساڵانێکە بەنایاسایی کارەکانیان ڕایی بکەن کەچی پێی چارەنەکرێت! پەرلەمانێك سەرۆکایەتییەکەی لەبری ڕاگرتنی هاوسەنگی و پرەنسیپی بێلایەنی و جێبەجێکردنی پەیڕەو سەرقاڵی تەنها مەکسەبە حزبییەکانیان بن، هەر وەك لە چەند مانگی ڕابردوودا دەرکەوت یارییەکی قێزەونیان پیادە کردبێت! پەرلەمانێکی لەم شێوەیە دەبێ چاوەڕێی چی لێ بکرێت؟ ئاخۆ ئەو پەرلەمانە بەو شێوازە مانەوەی پێویستە؟

ئاخۆ کاتی ئەوە نەهاتووە خەڵکی کوردستان داوای هەڵوەشانەوەی ئەو پەرلەمانە بکات و بەدوای شێواز و میکانیزمێکی تردا بگەڕێن و بەلەبەرچاوگرتنی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان پەرلەمانێکی تر و لەژێر چاودێریی نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا هەڵببژێردرێتەوە؟

**ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان**

٢٥-٧-٢٠٢٠

## لە بڵاوکراوەکامی ئینیستیتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشە پێدان

**یەکەم: بە زمانی کوردی:**


١- خستنەڕووی ١٠١ گیروگرفتی پەروەردەیی لەپێناو چارەسەرکردنیان، نامەیەکی کراوە بۆ بەڕێز وەزیری پەروەردە، هەولێر، ٢٠١٤.

٢- گرفتەکانی خوێندنی باڵاو گەڕان بەدوای چارەسەردا، خستنە رووی (١٤٠) گرفت، لە نامەیەکی کراوەدا بۆ بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵا، هەولێر، ٢٠١٤.

٣- دیاردەی وازهێنان لە خوێندن لە هەرێمی کوردستاندا، گرفت و چارەسەر، هەولێر، ٢٠١٤.

٤- چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، راپۆرتی یەکەم، (٢٠١٣/١١/٦-٢٠١٤/١١/٦)، هەولێر، ٢٠١٤.

٥- کاری هاوبەشی نێوان رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و دامودەزگەکانی خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان، هەولێر، ٢٠١٥.

٦- چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، راپۆرتی دووەم، (٢٠١٤/٩/١-٢٠١٥/٢/٢٨)، هەولێر، ٢٠١٥.

٧- چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، راپۆرتی سێیەم، (٢٠١٥/٣/١- ٢٠١٥/٨/٣١)، هەولێر، ٢٠١٥.

٨- چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، راپۆرتی چوارەم، (٢٠١٥/٩/١- ٢٠١٥/١١/١٢)، هەولێر ، ٢٠١٥.

٩- چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، راپۆرتی پێنجەم، (٢٠١٥/٩/١-٢٠١٦/٢/٢٩)، هەولێر ، ٢٠١٦.

١٠- چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، راپۆرتی شەشەم، (٢٠١٦/٣/١- ٢٠١٦/٨/٣١)، هەولێر ، ٢٠١٦.

١١- چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، راپۆرتی حەوتەم، (٢٠١٦/٩/١-٢٠١٧/٢/٢٨)، هەولێر ، ٢٠١٧.

١٢- چاودێری کردنی پەرلەمان لە روانگەی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانەوە، راپۆرتی هەشتەم، هەولێر، ٢٠١٧.

١٣- تۆماری دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان لەنێوان بێگەردی و ساختەکاریدا ، راپۆرتی نۆیەم، هەولێر، ٢٠١٧.

١٤- چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، راپۆرتی دەیەم، (٢٠١٧/٣/١- ٢٠١٧/١١/١٥)، سلێمانی، ٢٠١٧.

١٥- رەوشی خوێندنی پیشەیی لە پارێزگاکانی سلێمانی و هەڵەبجە، سلێمانی، ٢٠١٧.

١٦- خوێندنی ناحکومی لەنێوان کوالیتی و بازرگانیدا، سلێمانی، ٢٠١٧.

١٧- چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، راپۆرتی یانزەهەم، (٢٠١٧/١١/٦- ٢٠١٨/٣/٦)، هەولێر، ٢٠١٨.

١٨- چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، راپۆرتی دوانزەهەم، (٢٠١٨/٣/٦- ٢٠١٨/١١/٦)، هەولێر، ٢٠١٨.

١٩- پەروەردە لەبەردەم ئالنگاری و گرفتی چارەنەکراودا، هەولێر، ٢٠١٩.

٢٠- خوێندنی باڵا لەبەردەم ئالنگاری و گرفتی چارەنەکراودا، هەولێر، ٢٠١٩.

٢١- راپۆرتی چاودێری بۆ هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان، راپۆرتی یەکەم، دەنگدانی تایبەت، سلێمانی، ٢٠١٨.

٢٢- راپۆرتی چاودێری بۆ هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان، راپۆرتی دووەم، دەنگدانی گشتی، سلێمانی، ٢٠١٨.

٢٣- هەڵسەنگاندنێك بۆ کارەکانی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان، راپۆرتی سیانزەهەم، (٢٠١٣/١١/٦-٢٠١٨/١١/٦)، هەولێر، ٢٠١٩.

٢٤- راپۆرتی پرۆژەی چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، راپۆرتی یەکەم لە خولی پێنجەم، (٢٠١٨/١١/٦-٢٠١٩/٨/٣١)، هەولێر، ٢٠١٩.

٢٥- راپۆرتی پرۆژەی چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، راپۆرتی دووەم لە خولی پێنجەم، (٢٠١٩/٩/١-٢٠٢٠/٢/٢٩)، هەولێر، ٢٠٢٠.

٢٦- راپۆرتی پرۆژەی چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، راپۆرتی سێیەم لە خولی پێنجەم، (٢٠٢٠/٣/١-٢٠٢٠/٨/٣١)، هەولێر، ٢٠٢٠.

**دووەم: بە زمانی عەرەبی:**


١- تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير الاول، (٦/١١/٢٠١٣-٦/١١/٢٠١٤)، اربيل، ٢٠١٤.
٢- تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير الثاني،(١/٩/٢٠١٤-٢٨/٢/٢٠١٥)، اربيل، ٢٠١٥.
٣- تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير الثالث، (١/٣/٢٠١٥- ٣١/٨/٢٠١٥)، اربيل، ٢٠١٥.
٤- تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير الرابع، (١/٩/٢٠١٥- ١٢/١١/٢٠١٥)، اربيل ، ٢٠١٥.
٥- تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير الخامس، (١/٩/٢٠١٥-٢٩/٢/٢٠١٦)، اربيل ، ٢٠١٦.
٦- تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير السادس، (١/٣/٢٠١٦- ٣١/٨/٢٠١٦)، اربيل ، ٢٠١٦.
٧- تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير السابع، (١/٩/٢٠١٦-٢٨/٢/٢٠١٧)، اربيل ، ٢٠١٧.
٨- تقرير الرقابة علي البرلمان من وجه نظر نواب برلمان كوردستان، التقرير الثامن، اربيل ، ٢٠١٧.
٩- سجل الناخبين في اقليم كوردستان بين النقاء والاحتيال ، التقرير التاسع، اربيل ، ٢٠١٧.
١٠- تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير العاشر، (١/٣/٢٠١٧- ١٥/١١/٢٠١٧)، السليمانيه، ٢٠١٧.
١١- تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير الحادي عشر، (٦/١١/٢٠١٧- ٦/٣/٢٠١٨)، اربيل ، ٢٠١٨.
١٢- تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير الثاني عشر، (٦/٣/٢٠١٨- ٦/١١/٢٠١٨)، اربيل ، ٢٠١٨.
١٣- تقرير الراقابه على انتخابات الدوره الخامسه لبرمان كوردستان، التقرير الاول، التصويت الخاص، السليمانيه، ٢٠١٨.
١٤- تقرير الراقابه على انتخابات الدوره الخامسه لبرمان كوردستان، التقرير الپانى، التصويت العام، السليمانيه، ٢٠١٨.
١٥- تقيم اعمال الدورة الرابعة لبرلمان كوردستان، التقرير الثلاثة عشر، (٦/١١/٢٠١٣-٦/١١/٢٠١٨)، اربيل ، ٢٠١٩.
١٦- تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير الاول للدورة الخامسة، ، (٦/١١/٢٠١٨-٣١/٨/٢٠١٩)، اربيل ، ٢٠١٩.
١٧- تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير الثاني للدورة الخامسة، ، (١/٠٩/٢٠١٩-٢٩/٠٢/٢٠٢٠)، اربيل ، ٢٠٢٠.
١٨- تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير الثالث للدورة الخامسة، ، (١/٠٣/٢٠٢٠-٣١/٠٨/٢٠٢٠)، اربيل ، ٢٠٢٠.


**سێیەم: بە زمانی ئینگلیزی:**


1- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, The first report,(6/11/2014-6/11/2014), Erbil, 2014.
2- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, Second report, (1/9/2014-28/2/2015), Erbil, 2015.
3- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, Third Report, (1/3/2015-31/8/2015), Erbil, 2015.
4- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, Fourth Report, (1/9/2015-12/11/2015), Erbil,2015.
5- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, Fifth report, (1/9/2015-29/2/2016), Erbil,2016.
6- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, Sixth Report, (1/3/2016-31/8/2016), Erbil,2016.
7- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, Seventh Report, (1/9/2016-28/2/2017), Erbil,2017.
8- Monitoring parliament by members in kurdistan Parliament, Eighth report, Erbil,2017.
9- Voters Registration Records between Transparency and Fraud, , Ninth Report, Erbil,2017.
10- Monitoring parliament by members in kurdistan Parliament, Tenth report, (1/3/2017-15/11/2017), Sulaymaniyah,2017.
11- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, Eleventh report, (6/11/2017-6/3/2018), Erbil,2018.
12- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, Twelfth report, (6/3/2018-6/11/2018), Erbil,2018.
13- Monitoring Report on The Fifth Session of the Parliament of Kurdistan, , first report, Sulaymaniyah,2018.
14- Monitoring Report on The Fifth Session of the Parliament of Kurdistan, , Second report, Sulaymaniyah,2018.
15- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, Thirteenth report, (6/11/2013-6/11/2018), Erbil, 2019.
16- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, The first report,(6/11/2018-31/8/2019), Erbil, 2019.
17- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, The second report,(1/9/2019-29/2/2020), Erbil, 2020.
18- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, The second report,(1/9/2019-29/2/2020), Erbil, 2020.
19- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, The third report,(1/3/2020-31/8/2020), Erbil, 2020.

PAY INSTITUTE
For Education & Development

## ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان

ئینستیتیوتی پەی لە(26یتشرین دووەمی2013) لەلایەن فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکانی هەرێمی کوردستانەوە تۆمارکراوە، ئینستتیوتێکی ناحکومی سەربەخۆی قازانج نەویست.

پەی بەنیگایەکی گەش بینانە کاردەکات بۆ سودی گشتی لەپێناو فەرمانڕەوایەکی پێگەیشتوو. ئینستتیوت مەبەستیەتی، لەرێگای توێژینەوەی زانستی و ستراتیژی، بەشدارییەکی درووست بکات بۆ باشترکردنی باری پەروەردەیی، یاسایی، تەندروستی، ئابووری، و سەرجەم بوارە جیاجیاکانی سیستەمی فەرمانڕەوایی لەهەرێمی کوردستان، تا هاوکارێکی راستەقینە و پردێك بێت بۆ بەستنەوەی کۆمەڵە مەدەنیەکان بەیەکتری بۆ هێنانە کایەی کۆمەڵێکی مەدەنی، ئاسودەی، بەختەوەر لە هەرێمی کوردستان.

### کورتەیەک لەسەر پرۆژەکانی ئینستتیوتی پەی:

1. پرۆژەی کاری هاوبەشی نێوان رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و دەزگاکانی خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان.
2. پرۆژەی چاودێری پەرلەمانی کوردستان.
3. پرۆژەی چاودێریکردنی کارەکانی وەزارەتی پەروەردە.
4. پرۆژەی چاودێریکردنی کارەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا.
5. پرۆژەی چاودێریکردنی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی.
6. پرۆژەی چاودێریکردنی دەستە سەربەخۆکان لە هەرێمی کوردستان.

بڵاوکراوەکانی ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان

ژمارە (60)




www.payied.org